# شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا

د.سامان عیزەدین سەعدون
زانکۆی سلێمانی / سکولی پەروەردەی چەمچەماڵ

## پێشەکی

تائێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی تایبەت بە شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا نەکراوە , ئەگەر کرابێتیش ئەوا هەندێکیان بە باشی ئەنجامی زانستییان بەدەست نەهێناوە چونکە چەمك و ڕەوتەکەی بە باشی ڕوون نەکراوەتەوەو بە دروستیش فۆرمەکانیان و سیماکانیان دەستنیشان نەکراوە.

هەندێ ڕەخنەگر وەکو باسێکی لاوەکی و بابەتێك لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی و ڕاڤەییدا خستویانەتەڕوو، بەڵام نەك بە تێروتەسەلی بەڵکو بە کورتی، وەنەبێ ئەم جۆرە باسانەش گرنگی و بایەخیان نەبێ بەڵکو سەرەتایەکی باشن بۆ چوونە ناو ئەم باسەوە، هەندێکیان بناغەی دەستنیشانکردنی ڕەوتی چەمکی شیعری سەربەستیان لەیەك سەرچاوەی نوێگەرییەوە ڕوون کردۆتەوەو نەچوونە بەلای سەرچاوەی ترەوە، کە پێمان وایە چەمکی شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبی ڕۆژئاواو ئەدەبی عەرەبی، لەم بوارەشدا لە ئەدەبی کوردیدا بەهەردوو چەمکەکە ڕەنگی داوەتەوە، هەربۆیە لای خۆمان بەهەردوو ڕێچکەکە لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ پەیڕەو دەکرێن و نموونەی شیعریان پێ دەنووسرێ. ڕێڕەوی شیعری سەربەست لەناو پرۆسەی نوێگەری شیعری کوردیدا ئاراستەو فۆرمی جیاوازی لەخۆی گرتووە. لەسەرەتادا هەوڵەکان بەو ئاراستەیەوە هەنگاویان دەنا شیعری بێ کێش و سەروا یان وەك داهێنانێکی قۆناغەکە هێنایە کایەوە ئەم جۆرە بۆخۆی بووە سیمای دیاری نوێگەرییەکە.

دواتر ئەم هەوڵانە بەردەوام نەبوو، گۆڕانیان بەسەردا هات و ئاڕاستەیەکی تری وەرگرت و شاعیران ڕوویان لەوجۆرە شیعرە کرد کە پابەندی کێش و سەروای دەستکاری کراو بن و هاوشێوەی ئەوەی کە نازك و هاوەڵەکانی بانگەشەیان بۆ کردبوو کە شیعر لەسەر کەرتکردنی پێیەکان بنیات بنرێ و پابەندی سەروای تەقلیدی نەبێ و شاعیر سەربەستانە کێش و سەروا هەڵسوڕێنێ.

## گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە :

قۆناغی نوێگەری لە شیعری کوردیدا قۆناغێکی دوورودرێژە چەندین ناونیشانی نوێی هەمەجۆری لەخۆگرتووە، هەندێك لە ڕەخنەگران و لێکۆڵەران تەنانەت شاعیرانیش تێڕوانینی جیاوازو هەندێ جار هەڵەشیان لە بارەی شیعری سەربەست و فۆرمەکانییەوە خستۆتە بەردەست، دیارە شاعیران بۆخۆیان تێڕوانینی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام بەپشت بەستن بە بنەماکان چەمکی شیعری سەربەست فۆرمەکانیان جیاوازە، کەناکرێ ببنە بناغەو تێڕوانینەکانمانیان لەسەر بنیات بنێن.

بەلای ئێمەوە شێوازەکانی قۆناغەکانی نوێگەری دەکرێ بەم شێوەیەی لای خوارەوە دیاری بکەین:

١. شیعری کێش بڕگەیی ستوونی و سەروای یەکگرتوو جووت و سەرواو سەروای هەمەڕەنگ.
٢. شیعری سەربەست بە (کێش و سەروای دەستکاریکراو).
٣. شیعری سەربەست داماڵراو لە کێش و سەروا.
٤. شیعری پەخشانی

### هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :

ناڕۆشنیو بەهەڵە بەکارهێنانی زاراوەکانو چەمکەکانی نوێگەری لای نووسەرانو شاعیرانی کورد لەو تێڕوانینەیاندا کە خستوویانەتەڕوو، هەست پێ دەکرێو دەبینرێ ئێمە بەپێی توانا، هەوڵی ڕوونکردنەوەو ڕاستکردنەوەیان دەدەین کە ئەمەش بۆ خۆی هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەیە.

### سنووری لێکۆڵینەوەکە :

سنووری لێکۆڵینەوەکە دەست پێدەکات لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕێچکەی شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردی تا سالآنی هەفتاکان

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :** پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی – شیکاریم کردوە .

### ستراکتۆری لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەكو دوو بەشو ئە نجام پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە لە تەوەری یەکەمدا کە بە ناونیشانی سەرهەڵدان وچەمکی شیعری سەربەست لەئەدەبی ئەوروبیە باسمان لە سەرەتاکانی نوێگەریو هەوڵەکان کردووە لەگەڵ دیاریکردنی سیماکانی ئەم جۆرە شیعرە.

لەتەوەری دووەمدا کە بەناونیشانی سەرهەڵدان وچەمکی شیعری سەربەست لەئەدەبی عەرەبی یە باسمان لە چەمکەکە کردووە کە لە سەرەتادا لەژێر کاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاوادا هەوڵەکانیان بەرەو ئەو شێوازە شیعرییە هەنگاوی نا ، بەڵام دواتر بە پێشەنگی نازك ڕەوتێکی تری شیعری سەربەست هاتە کایەوە کە جیاوازبوو لەوەی کە لە ڕۆژئاوا پەیڕەو دەکرا. بنەماو تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە شیعرەمان دەستنیشان کردووە.

لە بەشی دووەمدا کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر چەمكو ڕەوتی شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا لە ڕوانگەی ئەدەبی ڕۆژئاواوە، لێرەشدا بە وردی باسمان لە قۆناغەکانی نوێگەری کوردی کردووە، هەر لەسەرەتاوە تا چەسپاندنی ئەم جۆرە لە شیعرو دیاریکردنی سیماکانی لە شیعری شاعیرانی قۆناغەکە.

لە تەوەری دووەمیشدا لە ڕوانگەی چەمکی شیعری نوێی (عەرەبییەوە) کە نازك الملائکە بۆ شیعری سەربەستی داناوە باسمان لەم ڕەوتە لە ئەدەبی کوردی کردووە لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا هەفتاکان، لە کۆتایشدا کۆمەڵێك ئەنجاممان گەڵاڵە کردووە کە دەکرێ سوودیان هەبێ بۆ قۆناغە ئەدەبییەکەی ڕێڕەوی شیعری نوێو بەکاڵاکردنەوەی هەندێ مەسەلەی گرنگ لە بواری نوێگەری شیعری کوردیدا.لە کۆتاییدا لیستی سەرچاوەکان و کورتەی باسەکەمان بە زمانی عەرەبی وئینگلیزی خستۆتە ڕوو .

### بەشی یەکەم :

### تەوەری یەکەم :

## سەرهەڵدان وچەمکی شیعری سەربەست لە ئەدەبی ئەورو پیدا

ڕۆژئاواییەکان لە بواری نوێکردنەوەی شیعردا پێشکەوتنێکی دیاریان بەدەستهێناوە. شیعری سەربەست بۆ یەکەمجار لەسەرەتای سەدەی بیستەم لە ئەوروپا سەری هەڵدا. ڕێبازی ڕەمزیەتو وێنەگەرای کاریگەری بەرچاویان لەسەر بەرەوپێشبردنی شیعری ئەوروپی هەبوو، هەر ئەمانیش کاریگەرییان لەسەر شاعیری ئەمریکی (والت ویتمان) هەبوو کە بەرەو شیعری سەربەست بڕوات.

"ئەم جۆرە لە شیعری نوێ بە فەرەنسی (verse libre) و بە ئینگلیزی (free verse)ی پێ دەوترێت، واتە شیعری سەربەست"[١]. ئەوەی تێبینی دەکرێت (ویتمان) دەستەواژەی (free verse)ی بەکارهێناوە[٢]، "بۆ یەکەمجاریش شیعری سەربەست (verse libre) لای رامبۆ لە ١٨٨٦ هاتە ئارا"[٣]، "بەڵام دەتوانرێ بگوترێ کە یەکەم شیعری سەربەستی فەرەنسی لە شیعرەکانی والت ویتمان بێ ئاگا بووە"[٤]. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا شیعری سەربەست هاتۆتە نێو ئەدەبی ئینگلیزییەوە، یەکەمین شاعیری ئینگلیزیش کە کەوتۆتە ژێر کاریگەری هۆنراوەی سەربەستەوە (ت.ئیس.ئیلیوت) بوو[٥].

"ئەم جۆرە شیعرە بریتییە لە چەند پارچە بەیتێکی وەزنداری نایەکسان، لەم شیعرەدا یەکێتی قاڵبو فۆرم نییە. یەکێتی شیعر بەو یەکێتی فیکرو خەیاڵو وێنانە دیاری دەکرێ کە لە شیعرەکەدا هەن، کورتیو درێژی بەیتەکانیش بەندە بە واقیعی ناوەرۆکی ئەو بەیتانەوە، ئیدی شاعیر مەجبور نییە بۆ تەواوکردنی هاوسەنگی بەیتەکانی خۆی وشەی زیادە بێنێتەوە، ئەوەندە وشانی گەرەکە کە مەبەستەکەی بدات بەدەستەوە"[٦].

بەپێی ئەم پێناسەیە شیعری سەربەست جۆرێك لە کێشی تێدایە، بەڵام نەك بە شێوازە کلاسیکیەکە، چونکە لێرەدا یەکێتی بەیت تێکشکاوە، درێژیو کورتی دێڕەکان بەپێی وێنەکان دیاری دەکرێ.

یاخود دەوترێت "شیعری سەربەست ئەو شیعرەیە کە زیاتر کێشی قسە (کلام) و قاڵبی وێنەی شیعری تێدا رێکدەخرێت، لە جیاتی ئەوەی بەپێی رێکخستنی کێشو سەروایەکی دووبارە دابرێژرێت، ئەم جۆرە لە هۆنراوە سەربەستە، بەڵام تەنها لە روویەکی رێژەییەوە، سەروایەکی ئامادەکراوی ئەبستراکتی نییە وەکو هۆنراوەی نەرێنی (تەقلیدی).. سەروای شیعری سەربەست لەسەر بنچینەی چەند رەگەزێکی هاوقاڵب دادەرێژرێت وەك: دەنگ، وشە، فرێز، رستە، پەرەگراف نەك لەسەر بنچینەی (زانستی هۆنراوە – عەروزی)ی تەقلیدی کە هەموو دێڕەکان وەك یەك بن لە قاڵبدا. بەم پێیە شیعری سەربەست کۆتایی بە دەستکردێتی و رووکەشی زۆرێك لە دەربرینی شیعری دێنێتو جێگەیان دەگرێتەوە بە دارشتنێك کە نەرمی تێدا بێتو لەگەڵ ئیدیۆمی مۆدێرنو مۆسیقای زماندا بگونجێت"[٧].

لەم پێناسەیەشدا جەخت دەکرێتەوە سەر جۆرێك لە کێش، بەڵام بەبێ ئەوەی رەچاوی یەکێتی کێشو سەروا بکات، بەڵکو بەشێوەیەکی سەربەستانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات کە تەواو جیاوازە لە سیستەمی تەقلیدی. کەواتە "ئەم چەشنە شیعرە هەوڵ دەدات خۆی لە هەندێ لە کۆتەکانی شیعر رزگار بکات، بەتایبەتی سەروا، هەندێ جار خۆی بە کێشو سەروا نابەستێتەوە، بەڵام هەر لەناو سنورەکانی شیعردا دەمێنێتەوەو رێز لە تایبەتمەندییەکانی شیعر دەگرێت، پتر بایەخ بە ریتم دەدات و خۆی لە پەخشان جیادەکاتەوە، شیعری سەربەست گوزارشتێك بوو بۆ خۆدەربازکردن لە شیعری کلاسیکی"[٨].

لە ئەدەبی ئەوروپیدا پێش سەرهەڵدانی شیعری سەربەست لەسەرەتای سەدەی ١٩یەمەوە چەند هەوڵێکی نوێگەری هاتنە ئاراوە کە رۆڵیان هەبوو لە سەرهەڵدانی شیعری سەربەست دا "دەریاچە خوازەکان دەستەیەکی شاعیرانی رۆمانسی بوونو لەدەوری دەریاچەکانی باکوری ئینگلستان کۆبوونەوە، لەنێوان ١٧٩٨ و ١٨١٥دا یەکەمین کۆمەڵە شیعری رۆمانتیکیانەی خۆیان بڵاوکردەوەو رۆڵیان هەبوو لە سەرهەڵدانی شیعری سەربەست دا. رۆمانسیەکان هاتن ترپەی دڵو دەنگی هەناسەی هەستەکانی خۆیان ترنجاندە ناو ئیقاعەوە، هەر لێرەشەوە کەوتنە سەر بەکارهێنانی نەزمی نوێی وەك هەڵبەستی سپی (blank versa). لە ١٨٨٦ بەیاننامەی سیمبولیستەکان بیری نوێگەرێتی بەرەو پێشەوە برد.(بۆدلێر، ستیڤان مالارمێ، رامبۆ، ئۆسکار وایڵد) پەرەیان بە بیری شیعری سەربەست دا. لای سیمبولیستەکان کێشو سەروا وردە وردە تێکشکێندران، تەنانەت لای هەندێکیان بە تەواوەتی توورِ هەڵدرانە دەرەوەی شیعر"[٩].

لێرەدا سیمبولیستەکان رۆڵێکی دیاریان لە سەرهەڵدانی شیعری سەربەست دا هەبوو، کە ناکرێ هەوڵەکانیان لەم لایەنەوە نەخرێنە روو، چونکە کارەکانیان وەك دەسکەوتێکی نوێگەری رۆڵو کاریگەری لەسەر نەخشەی تازەی شیعری ئەوروپیدا

هەبوو "سیمبولیستەکان دەیانگوت کە کێشی شیعری خەیاڵ لە جوڵە دەخات بۆیە ژمارەیەك لە سیمبولیستەکان دەستکاری کێشی شیعریانیش کردو قافیەیان گۆڕی بەم جۆرە لەنێو سیمبولیستەکاندا ڕێچکەیەکی نوێو جیاواز پەیدابوو ئەویش ڕێچکەی (ڤارلین و ژول لانورگ) بوو. ئەمانە گاڵتەیان بە ڕەسەنایەتی ڕۆشنبیرییانەی زمانو تەرزی دەربڕینی پارناسیەکان دەکردو هەوڵیان دەدا زمانی ئاساییو عامیانەی خەڵکی بەشێوەیەکی هونەریانە بەکاربهێنن، ئەمانە لەهەمان کاتدا کەوتنە بیری ئەوەی کە قاڵبە شیعرییە باوەکان تێکبشکێنن، بەوجۆرە مەسەلەی (شیعری سەربەست) هاتە ناو ناوانەوە"[١٠].

بەم شێوەیە دوابەدوای پەیدابوونی شیعری سەربەست لای سیمبولیستەکان، چیتر ئەوە نەمایەوە کە شیعردیلی وەزنو قافیە بێت. " لەگەڵ سەرهەڵدانی شیعری سەربەست لای رامبۆ کلێشەو قاڵبی شیعر چیتر پەیوەندییان بە کێشی شیعرو یەکپارچەیی شیعرەوە نەما، بەڵکو بینینو وێنەکان کەوتنە ئەوەی ڕۆڵ لە دروستکردنی یەکێتی شیعردا ببینن. وەزنو قافیە چیتر وەکو مەرجێك نەمانەوە بۆ دروستکردنی جوانیو شیعر، بەڵکو وێنەو مۆسیقای ناوەوە جێگەی کێشو سەروایان گرتەوە"[١١].

شارل بۆدلێر یەکەم پەیام هەڵگری یاخیگەری بوو، ڕێگەیەکی تازەی گرتەبەرو بەمەش بناغەی قوتابخانەیەکی تازەی دامەزراند.لەنێو ئەوانەی کە ئیلهامیان لە بۆدلێر وەرگرتووەو بە زەبری بەرهەمی خۆیان زەمینەیان بۆ سەرهەڵدانی سیمبولیزم خۆش کردووەو سێ ناوی دیار مایەی سەرنجن: (پۆل ڤارلین) (ئارنور رامبۆ) (ستیڤان مالارمیە)[١٢].

سیمبولیستەکان کۆمەڵێك پرنسیپی تیۆری گرنگیان داهێنا کە بۆ خودی شیعر شتێکی تازە بوون، یەکێك لەو پرنسیپە تیۆریە گرنگەیان ئەوەبوو توانیان "کێشی تازە داهێنن بە پشت بەستن بە شیعری سەربەست"[١٣] لەم بوارەشدا شاعیرانی نوێخواز کۆمەڵێك هەوڵیان دا بەتایبەتی لە بواری کێشو سەروادا. "ئەو شاعیرانەی کە لە هەوڵی ئەوەدا بوون شیعر لە قاڵبی سنوردارو باوی خۆی سەربەست بکەن، هاتن نەزمی (ئەلکساندرون) = نیوە بەیتی ١٢ هیجائی کە قاڵبو فۆرمی ئەسڵی شیعری فەرەنسی بوو، تێکشکاند, لەجیاتی ئەوە قاڵبی جۆراوجۆریان بۆ شیعر هێنایە ئاراوە، بەیتی کورتو درێژو نایەکسانیان داهێناو ژمارەی هیجایەکانیان بە رادەیەك زیادکرد کە تا ئەو ڕۆژە لە دنیای خەیاڵیشدا پێشینەی نەبوو. زەروورەتی دابەشکردنی شیعریان بەسەر بەیتی یەکساندا ڕەتکردەوە. قافیەیان سادەترکردو کۆمەڵێك قافیەی نوقستانیان لەجێی دانا، ڤارلین لێرەدا وەستا، بەڵام پێشڕەوی هەر بەردەوام بوو، شیعری سەربەست ئەنجامی ئەو پێشڕەوییە بوو"[١٤].

وەکو لە بەرهەم و نووسینی سیمبولیستەکاندا دیارە، شیعری سەربەست بووە باعیسی ئەوەی کە وشە بە گوێرەی ئەو ریتم و ئاوازەی لە شیعرەکەدا هەیەتی نرخ و بایەخی بەدەست بێنێ... سیمبولیزم برەو ڕەواجی بە بۆچوونەکانی بۆدلێر لەمەڕ (مۆسیقای وشە) لە شیعردا داو ریتمی وشەی ڕوونکردەوەو مۆسیقای تایبەتی بە بەیتی شیعر بەخشیو هەڵبەتە ئەم مۆسیقایە زادەی پەیوەندی نێوان ریتمەکان بوو. ئەم مۆسیقای وشەیەش بژێر بەهێزکردنی توانای دەربڕین بەکاردەهێنرا. بەکارهێنانی سەرواو دووبارەکردنەوەی هەندێ پیتی دیاریکراو لە بەیتێکداو بەکارهێنانی وشەێك هاوئاهەنگو ڕەوانی ڕستەێك شیعری، کۆمەڵێك توانای وێنەگرتنو دەربڕینی بۆ شاعیر فەراهەم کرد[١٥].

بەم پێیە لەسەر دەستی سیمبولیستەکان شیعری سەربەست دەرکەوت، لەم بوارەشدا رامبۆ، بۆدلێر ڕەچەشکێن بوون.

بەرهەمی شیعریی ئەوروپی لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەلای زۆربەی ڕەخنەگرانەوە جۆرێك لە چەقبەستوویی بەخۆیەوە بینیوە، ماوەیەکی زۆر بوو شیعر هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو، بەتایبەتی لە ڕووی فۆرم و قاڵبی شیعریەوە، جگە لەوەش لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە هەنگاوی تازەی نەنابوو، بۆیە "هەندێ لەو شاعیرانەی کە زمانی نووسینیان ئینگلیزی بوو لە کۆتایی سەدەی ١٩هەمدا لە ئەمریکاوە ڕوویان لە بەریتانیاو فەرەنسا کرد.بەوپێیەی ئەوروپای ڕۆژئاوا ژینگەیەکی لەبارەو سەرچاوەی ئیلهام و ڕۆشنبیرییە، هەروەها بۆئەوەش کە سستیو نەزۆکی بەرهەمی ئەدەبی سەدەی نۆزدەهەمی ئەوروپا

ئاشکرا بکەن"[١٦]. یەکێك لە دیارترین ئەو شاعیرانە (عەزرا پاوەند)ی شاعیری ئەمریکایی بوو، کە وەکو ناڕازییەك وڵاتی خۆی بەجێهێشتبوو پەنای وەبەر ئینگلستان بردبوو. توانی ببێتە پاڵنەرو بزوێنەرێکی کارا بۆ زۆرێك لە شاعیرانو رەخنەگرانی سەردەمەکەی، دیارترینیان (ت.ئێس.ئیلیوت) بوو"[١٧]. "پاوەند سەرەڕای ئەوەی بایەخی بە کولتوری شیعری ئەوروپی داوە. بەڵام هەوڵی دەدا لە کۆن یاخی بێتو کۆتەکان بشکێنێ، لەم لایەنەشەوە تێکۆشانی لە نووسینی شیعردا شێوەیەکی نوێگەری وەرگرت (شیعری سەربەست)ی بە واتا راستەقینەکەی بنیات نا ئەمە لە رووی فۆرمەوە، لە رووی ناوەرۆکیشەوە ڕووی لە وێنەگەرای (ئیمجیزم) کرد وەکو ڕێبازێك بۆ دەربڕینی بیرۆکە (فیکرە). چونکە بەلایەوە وێنەگەرایی چاکتر بیرۆکە ئەگەیەنێ، ئەم ڕێبازە لە شیعردا لە ئەنجامی گەشەو پێشکەوتنی رەمزیەتی فەرەنسییەوە لە کۆتایی سەدەی ١٩هەمدا سەری هەڵدا"[١٨]. "وێنەگەرایی ڕێبازێکی شیعری بوو کە لە ساڵی ١٩١٠-١٩١٧ بە هاوکاری شاعیرانی وەك (ریچارد ئالدینگتون و ئەرزا پاوەند) لە ئینگلستان دامەزراو کاریگەری ئەم ڕێبازە گەیشتە ئەمریکا. موریدانی ئەم بزوتنەوەیە کە بە وێنەگەرایی ناویان دەرکرد، ئیلهامیان لە ڕێبازی کلاسیك و ڕێبازی سیمبولیزمی فەرەنسی وەردەگرت، ئەمانە چڕکردنەوەو چڕکاریان بە کرۆکی سەرەکی شیعر دەزانیو خۆیان لە وتنی شیعری خاو و سۆزداری دەپاراستو هەوڵیان دەدا هزرو حاڵەتە دەروونیەکان راستەوخۆ بە زمانێکی شیعر مکوم و ڕوون نیشان بدەن"[١٩]. ئەمانە لەگەڵ ئەوەبوون ئیماژو وێنەی ڕوونو پوختە بۆ داهێنانی شیعری زۆر گرنگ و پێویستە، رابەری ئەم بزوتنەوە شیعرییە (ئەرزا پاوەند) بوو کە لە ساڵی ١٩١٢ لە گۆڤاری (شیعر) کە لە شیکاگۆ دەردەچوو بۆ یەکەمین جار زاراوەی (ئیماژیزم)ی بەکارهێنا. (پاوەند و فلینست) لەو گۆڤارەدا بنەماکانی بزوتنەوەکەیان بە وردی خستۆتە ڕوو... ئیماژیزمەکان شێوازو تێڕوانینی خۆیان لەبارەی شیعرو زمانەوە پیشان داوە کە بریتین لە بەکارهێنانی زمانی ئاخاوتن، بەکارهێنانی زمانێکی وێنەیی (کۆنکرێت) داهێنانی کێشی شیعری تر، سەربەستی لە ڕوانین و بیرکردنەوە، بەکارهێنانی ئاوازێکی تەوس ئامێزو رەخنەگرانە بەرانبەر بە کۆمەڵو دەسەڵات[٢٠].

بەم پێیە وێنەگەراییەکانیش ڕۆڵیان لە پێشخستنو نوێکردنەوەی شیعری ئەوروپیدا هەبوو، بەوپێیەی کۆمەڵێك بنەماو پرنسیپی تازەیان هێنایە ناو پرۆسەی نوێگەری شیعرییەوە، کە بۆخۆیان ئاراستەیەکی نوێیان لەناو بزاڤی نوێی شیعریدا کردەوە کە زەمینەی رەخساند بۆ شاعیرانی تر کە هەنگاوی بوێرانە بنێن بەرەو گۆڕانکاری ریشەیی لە کێشو سەروای شیعرییدا.

(یەکێکی تر لە سیماکانی نوێگەری ئەوروپی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لەدوای پێشکەوتنی رەمزییەت بەرەو وێنەگەرایی، پێشکەوتنێکی تر، بەرەو سوریالیەتو وادائیەت بەرچاو دەکەوێت. سوریالیزم کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر نوێگەری شیعری ئەو قۆناغە جێ هێشت)[٢١].

دیارترین سیمای نوێگەری لە شیعری ئەوروپیدا دورکەوتنەوە بوو لە کێشو سەروا. سەروا بەشێك نەبووە لە سامانی نەتەوایەتی ئەوروپی. دەرکەوتنی بە شێوەیەکی شەرمنانە لە هەندێ شوێندا نەبووە مایەی ئەوەی ببێتە بەشێکی گرنگی بەرهەمی رەسەنی ئەوروپی، بەڵام کێش هەر لە کۆنەوە بنەمایەکی دیاری شیعری ئەغریقیو لاتینی بووە تا ناوەڕاستی سەدەی ١٩هەم بەردەوام بوو. بەڵام شاعیری ئەمریکی (واڵت ویتمان) توانی لە پەیڕەوکردنی کێشو سەروا دەرچێو کۆمەڵە شیعری (پەلکەی گیاکان) بنوسێت. پاڵنەری سەرەکی بۆ ئەم داهێنانە نوێیە خواستی جیاواز بوون بوو لە شیعری ئینگلیزی، دواتریش ئەم هەوڵەی بەناوی (شیعری سەربەست) وەسف کرد[٢٢].

شاعیرانی نوێگەری لە پەیڕەوکەرانی شیعری سەربەست داوای رەتکردنەوەی کێشو سەروایان دەکرد.پێیان وابوو کە جیایە لە قسەی سروشتیو ئاسایی، باشترین نموونەش بۆ فەرامۆش کردنی کێشو سەروا یەکەم شاعیری رۆمانسی ئینگلیزی (ولیم بلیك)ە، نموونەی دووەم لای رامبۆو بۆدلێر کە لە شێوەی (پەخشانە شیعر) دایە، دیارە ئەم جۆرە نموونانە و نموونەی

تریش هانی (والت ویتمان) و پەیڕەوکەرانی شیعری سەربەستیان دا کە بە تەواوی واز لە کێشو سەروا بهێنن[٢٣]. لێرەوە ئەم شێوازە لە نووسینی شیعر لە کۆتایی سەدەی ١٩هەمدا گوازرایەوە بۆ شاعیرانی رەمزی لە فەرەنسا دیارترینیان (رامبۆو لافورگ) بوو دواتریش پەیڕەوکەرانی شیعری نوێی ئینگلیزی پابەندبوون بەو شێوازەوە[٢٤].

(عەرزا پاوەند) پێی وایە لەنێوان ریتمو سەروادا جیاوازی هەیە، بەوپێیەی سەروا سیستەمێکی مۆسیقی سەپێنراوە لە دەرەوەی شیعر، هەروەکو کێش بەڵام ریتم مەسەلەیەکی ئۆرگانییە دەکەوێتە ناوکی زمانەوە بە پشت بەستن بە نموونەی شیعری سەربەست لە (پەڵکە گیاکان) داو بەپێی تێڕوانینیو لێکدانەوەکانی پاوەند دەربارەی ئەم بابەتەو تێپەڕبوونی نیو سەدە بەسەریدا ئەوە روون دەبێتەوە کە مەبەست لە شیعری سەربەست بریتییە لەو دانراوەی کە هەڵگری بارگەیەکی (شحنە) شیعرییەکە ناتوانرێ بە دەستەواژەی مەنتیقی یاخود هاوکێشەی بیرکاری دیاری بکرێ. بنیاتی دێڕ لەم جۆرە شیعرەدا لە کورتیو درێژیدا وەك یەك نین. دەوەستێتە سەر ئەو وێنەو بیرەی کە شاعیر دەیەوێ دەریببڕێ ریتمی زمان لە دێڕی شیعریدا بۆ خۆی وێنەو بیرۆکەکان دیاری دەکات، وێنەو بیرۆکەکانیش ملکەچی ریتمی زمانەکە دەبن. لێرەشەوە مۆسیقای ناوخۆیی لە دێڕدا یاخود لە کۆپلەدا دەبێتە بەدیلی مۆسیقای پێیەکانو مۆسیقای سەرواش[٢٥].

بەم جۆرەو لە ڕوانگەی چەمکی شیعری سەربەستەوە لە ئەدەبی رۆژئاوا، لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەماندا ڕوو لە شیعری کوردی دەکەین کە ئاخۆ رەوتی ئەم جۆرە لە شیعر چۆن رێچکەی گرتووەو سەری هەڵداوە. هەروەها بەسەر هەوڵەکانی شاعیرانی کوردیش دەچینەوە کە بۆ خۆیان هەنگاوێکی پڕ بایەخ بوون بۆ دیاریکردنی سیماو خەسڵەتی شیعری کوردی لە قۆناغی نوێگەریدا کە دەروازەیەکی تازەیان بە رووی شیعری کوردیدا کردەوە. کە دواتر شیعری سەربەست بەم چەمکە بە تەواوەتی سەرهەڵبداتو ببێتە مۆدێلێکی باو کە باڵ بەسەر جوگرافیای شیعری کوردیدا بکێشێ.

## بەشی یەکەم :

## تەوەری دووەم :

## سەرهەڵدان و چەمکی شیعری سەربەست لە ئەدەبی عەرەبیدا

پێش ئەوەی باس لە شیعری سەربەستی عەرەبی بکەین، بەسەر ئەو هەوڵانەدا دەچینەوە کە شاعیرانی عەرەب لەپێناوی نوێکردنەوەی شیعردا داویانە. چونکە ئەو هەوڵانە کە لە سوود بەدەر نین، لەلایەکەوە رۆڵیان هەبوو لە گەشەکردنی پرۆسەی نوێگەری شیعرو چەسپاندنی لەناو ئەدەبی عەرەبیدا، لەلایەکی تریشەوە رێگەخۆشکەر بوون بۆ شاعیرانی دوای خۆیان کە هەوڵی نوێگەری بدەن. لە راستیدا بەشێوەیەکی گشتی باسەکەمان لەبەر رۆشنایی چەمکی شیعری سەربەستو پێشکەوتنو گەشەکردنی لە ئەورووپا ئەنجام دەدەین، کە چۆن لە ئەدەبی عەرەبیدا دەستی پێکردووەو شاعیرانی هاوچەرخی عەرەبی چۆن لە چەمکی شیعری سەربەست تێگەیشتوونو سەرچاوەی تێگەیشتنەکانیان لەکوێوەیە؟.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەش سەرەتا لە هەوڵەکانی نوێگەرییەوە دەست پێ دەکەین، هەروەکو ئاشکرایە کە (لێکۆڵەرانی عەرەب کۆکن لەسەر ئەوەی کە سەرەتاکانی نوێگەری لە میسرەوە سەری هەڵداوە دیارە ئەمەش بەهۆی کاریگەری ئەدەبی رۆژئاواوە رووی داوە)[٢٦]، ئەم نوێگەرییەش سەرەتا لە میسر لەساڵی ١٩٢١ لەو بزاڤە شیعرییەدا رەنگی دایەوە کە بەناوی (کۆمەڵەی دیوان)ەوە ناسراوە (ئەم کۆمەڵەیە پێکهاتبوو لە محمود عەباس العقاد و ابراهیم عبدالقادر المازنی و عبدالرحمن شکری ئەمانە پێشەنگی نوێکردنەوەی شیعری عەرەبین، سەرەڕای ئەوەی بایەخیان بە رەسەنایەتی دەدا، بەڵام لە هەوڵەکانیاندا دژی هەندێ کولتور وەستانەوە)[٢٧]. هەروەها ئەم کۆمەڵەیە بانگەوازی نوێکردنەوەی شیعری عەرەبیان دەرکرد بە رەتکردنەوەی نموونەی کۆن لە رووی بنیاتی زمانو شێوازی رەوانبێژی تەقلیدیدا، هەروەها داوای

ئەوەیان دەکرد کە لەگەڵ سەردەمدا برۆنو بە رووی رۆشنبیری ئینگلیزیدا بکرێنەوە[٢٨]. تێڕوانینەکانی عەقاد لەبارەی شیعری نوێو رەخنەوە بوونە جێگای سەرنجو بایەخدانی شاعیرانو رۆشنبیرانی عەرەبی، کرانەوەش بە رووی ئەدەبی ئەوروپیدا داوایەکی سەرەکی عەقادو هاوڕێکانی بوو، هەربۆیە (عەقاد پێی وایە بەهۆی خوێندنەوەی ئەدەبی ئینگلیزیو فەرەنسیو ئەڵمانیو ئیتاڵیو ئیسپانیو یۆنانیو لاتینییەوە نوێگەری لە ئەدەبی عەرەبیدا دروست بوو)[٢٩]، بەم پێیە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە لە ئەنجامی پەیوەندی شاعیرانی عەرەب بە شیعری ئەوروپییەوە نوێگەری لە شیعری عەرەبیدا هاتە ئاراوە.

لە ئەنجامی بایەخدانی عەقاد بە رەوتی رەخنە لە راڤەکردنی شیعردا گوڕو تەوژمێکی نوێ بە پرۆسەکە بەخشی، بایەخدانەکەشی بووە هۆی (سەرهەڵدانی کۆمەڵەیەکی تر لە ساڵی ١٩٣٢ بەناوی (کۆمەڵەی ئەپۆلۆ) بە هاوکاری ئەحمەد زەکی (ابوشادی) (١٨٩٢–١٩٥٥) کە شارەزاییەکی باشی لە شیعری ئینگلیزیدا هەبوو، خەلیل مگران (١٨٧٢–١٩٤٥) ئەمیش شارەزاییەکی چاکی لە رۆشنبیری فەرەنسیدا هەبوو، چونکە نیشتەجێی فەرەنسا بوو. )[٣٠]. ئەم بزاڤە شیعرییە کۆمەڵێك دەسکەوتیان بۆ نوێگەری شیعری عەرەبی جێ هێشتووە. وەکو (هاتنە ناوەوەی بابەتەکانی چیرۆکو شانۆو ئۆپەرێت لە بنیاتی دەقە شیعرییەکانداو بایەخدان بە ئەدەبی رەمزی، هەروەها دەربڕینی خۆرسکانە بوو بە بنەمای داهێنانەکانیان. لە بواری کێشو سەرواشدا، هەوڵی بوێرانەیان پێشکەش کرد، هەندێك دەقیان بەرهەم هێنا کە کێشی تێکەڵیان تێدا بەکاردەهێنا کە ناویان نابوو (شیعری سەربەست) و جۆرێکی تریش داماڵراو لە سەروا ناونرا (شیعری بێ قافیە) و هەروەها دەقی داماڵراو لە کێشو سەروایشیان ناونا (شیعری بە پەخشان)[٣١] وەك دیارە ئەم کۆمەڵەیە ئامانجیان ئەوەبووە پێویستە شاعیرانی عەرەب گەشە بە شیعری عەرەبی بدەنو سوود لە شارستانیەتی نوێ وەربگرن کە زیاتر خەسڵەتی مرۆڤایەتی لەخۆگرتووە. (ابوشادی یەکەم کەسە کە باسی (شیعری بێ قافیە) و (شیعری سەربەست) دەکات. لە هەوڵەکانیدا بەرەو نوێگەری و پێشخستنی عمودی شیعری عەرەبی و دەرچوون لە سیستەمی کۆن رۆڵی بەرچاوو دیاری گێڕاوە)[٣٢]. بەم پێیە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا "بانگەشەکردن بۆ وازهێنان لە کێش یان سەروا یان هەردووکیان پێکەوە لەسەر دەستی کۆمەڵەی دیوان و ئەپۆلۆ لە میسر هاتە کایەوە ئەمەش بەهۆی کاریگەری نموونەی شیعری ئینگلیزی و فەرەنسییەوە بوو لەسەر ئەم دوو بزاڤە بە پلەو ئاستی جیاواز"[٣٣].

هەوڵەکانی نوێگەری لە شیعری عەرەبیدا هەر بە تەنها لەناو وڵاتانی عەرەبیدا چڕ نەبووبوونەوە، بەڵکو لەو وڵاتانەشدا کە شاعیرانی عەرەب تیایاندا دەژیان هەوڵی نوێگەری دراوە، ئەمانە کە بە شاعیرانی (مەهجەر) دەناسران لە نزیکەوە ئاگاداری رەوتی نوێگەری رۆژئاوا بوون. رۆڵێکی ئێجگار گەورەو دیاریان هەبوو. (شاعیرانی تاراوگەش رۆڵیان لە پێشخستنی شیعری عەرەبی و نوێکردنەوەیدا هەبوو چونکە ئەمانە کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو ژیانە تازەیەوە کە تێیدا دەژیانو لە نزیکەوە ئاگاداری ئەدەبی بێگانە بوون. دیارترینیان (میخائل نعیمة) و (جبران خلیل جبران) و (ایلیا ابو ماضی) بوون)[٣٤].

بەم پێیە هەوڵەکان بۆ نوێکردنەوەی شیعری عەرەبی نەبووە دیاردە، تا لەلایەن شاعیرانەوە پەیڕەو بکرێ، چونکە هێشتا هەوڵەکان بۆ نوێگەری لەئارادان، سەرەڕای ئەوەی کە فۆرم و شێوازی نوێی شیعری لای ئەوروپیەکان لە نووسینی شیعردا پەیڕەو دەکرێت هێشتا بە تەواوی لە نووسینی شیعری عەرەبیدا ڕەنگی نەداوەتەوە. (بەڵام دەرکەوتنی نوێگەری لە شیعری عەرەبیداو پێشکەوتنی بەشێوەیەکی دیار دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی (ئەمین الریحانی) (١٨٧٦–١٩٤٠) و جبران خلیل جبران (١٨٨٣–١٩٣١) و ئەندامانی (الرابطة القلمیة) کە لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەمریکای باشور دروست بوو. رەیحانی داوا دەکات واز لە بابەتە تەقلیدیەکان بهێنێنو بایەخ بە ناوەرۆکی مرۆڤایەتی بدەن. خواستی بە پەلەو پێویستی ئەو گۆڕینی فۆرمو دەربڕینی شیعری بوو، کە مەبەستی سەربەستبوون بوو لە کێشو چاوکردن لە نووسینی شیعری سەربەستی رەها (الشعر الحر الطلیق).

رەیحانی خاوەنی زاراوەی (الشعر المنثور)ە. تێڕوانینی ئەو بۆ شیعر لە چەمکی شیعری سەربەستی شاعیری ئەمریکی (والت ویتمەن)ەوە سەرچاوەی وەرگرتووە)[٣٥].

(ئەمین الریحانی) هەرزوو لەپێش هەموو شاعیرانی تری بواری نوێکردنەوەدا درکی بەو دەسکەوتەی ڕۆژئاواییەکان لە بواری نوێکردنەوەی شیعردا کردبوو، چونکە "ئاماژە بە جۆرێك لە شیعری نوێ دەکات کە بە ئینگلیزی Free Verse و بە فەرەنسی Verse Libre. واتە (شیعری رەهای) پێ دەوترێت کە لەکاتی خۆیشیدا هەریەکە لە (شکسپیرو والت ویتمەن) ئەم ڕێچکە نوێیەیان گرتبوەبەر"[٣٦].

بەلای د.عبدالواحید لۆلۆەشەوە "ئەمین رەیحانی یەکەم کەسە وەك یەکێك لە شاعیرانی (الرابطة القلمیة) لە تاراوگەی ئەمریکی باسی (الشعر الحر الطلیق) دەکاتو داوای وازهێنانی لە کێشو سەروا لە نووسینی شیعری عەرەبی نوێ دا دەکات، تا هاوشانی ئەو نوێگەریە ڕێچکە بگرێ کە لە ئەمریکاوە سەری هەڵداوە"[٣٧]. بەم پێیە نوێگەری لە شیعری عەرەبیدا لەسەر دەستی شاعیرانی تاراوگە پێشکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا، چونکە ئەمانە لە هەموو ڕوویەکەوە لە ژینگەیەکی جیاواز لە ژینگەی عەرەبی دەژیان. نوێگەریەکەشیان سەرکەشیو بوێری تێدا بوو لەچاو نوێگەری ئەو شاعیرانەی کە لە ژینگە عەرەبێکە دەژیانو چاویان بڕیبووە بەرهەمی شیعری ڕۆژئاواییەکان لەڕێگەی خوێندنەوەوە.

رەیحانی لە ١٩٢٢ هات بۆ عێراقو لەگەڵ خۆیشیدا بیری نوێگەری بە چەمکە ڕۆژئاواییەکەی هێنا کە وازهێنان بوو لە کێشو سەرواو شێوازی شیعری تەقلیدی... لەلایەن ڕۆشنبیرانو شاعیرانەوە پێشوازیەکی گەرمی لێ کراو شیعرە نوێیەکانی خۆی بۆ خەڵکی دەخوێندەوەو لە ڕۆژنامەکانیشدا بڵاوی دەکردنەوە. لەنێو ئەدیبو شاعیرانیشدا لایەنگرو نەیاری بۆ دروست بوو... بەم پێیە هاتنی رەیحانی بۆ عێراق نوێگەری بەهێزکرد، گۆڤاری (الحریە) باس لەوەدەکات کە (رەیحانی) لەژێر کاریگەری (والت ویتمەن)دا بانگەشە بۆ نوێگەری لە شیعردا دەکات بەتایبەتیش لە بواری وازهێنان لە کێشو سەروای شیعریدا، توانی شێوازی شیعری پەخشانی (الشعر المنثور) لە شیعری عەرەبیدا دابهێنێ[٣٨]. وەك دیارە رەیحانی لە بەکارهێنانی زاراوەی شیعری مەنسوردا بۆ ئەو جۆرە شیعرەی کەوتۆتە هەڵەوە، چونکە بنیاتی ئەم جۆرە لە شیعر زیاتر بەرەو بنیاتی شیعری سەربەستە نەك بەرەو بنیاتی شیعری پەخشانی یاخود شیعری مەنسور.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا شیعری سەربەست بە چەمکە ڕۆژئاواییەکەی چۆن گوازرایەوە بۆ وڵاتانی عەرەبیو بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی چۆن لێی تێگەیشتوون؟ و چۆنیش بەرهەمی نیو سەدەی کۆتایی سەدەی بیستەمیان بەناوی شیعری سەربەستەوە ناوناوە. لە راستیدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستمان بەوە هەیە کە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ یەکەم هەوڵو یەکەم هەنگاو کە بە چەمکە ڕۆژئاواییەکە لە بستێنەی شیعری نوێدا نراوە.

هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێ دا یەکەم هەوڵ لەلایەن رەیحانی یەوە دراوە، کە لەبەر ڕۆشنایی چەمکی شیعری سەربەست لای ڕۆژئاواییەکان بانگەشەی بۆ جۆرێك لە شیعر دەکرد کە سەرچاوەی لە تاقیکردنەوەی نوێگەری ئەوروپییەوە وەرگرتبوو. سەرەڕای ئەوەی هەوڵەکەی کاریگەری لەسەر بزاڤی نوێخوازی بەشێوەیەکی گشتی هەبوو، بەڵام وەك دەردەکەوێت ئەم هەوڵە برەوی نەبوو، لەهەمان کاتیشدا نەبوو بە ڕێبازێکی نوێی شیعری، کە لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبیدا وەك تاقیکردنەوەیەکی نوێی شیعری بوونی خۆی بچەسپێنێو ببێتە مۆدێلێکی تازە داهێنراوی پەسەندکراو بۆ نووسینی دەقی شیعری عەرەبی نوێ لەوساڵانەدا.

هەر لە بازنەی هەوڵەکانی نوێگەری عەرەبی پێویستە ئاماژە بەو هەوڵانە بکەین کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە بواری نوێگەری شیعری عەرەبیدا دراون. وەکو ئەوەی "لە ڕۆژنامەی عێراق لە ١٩٢١دا دەقێکی شیعری بەناونیشانی (نظم الطلیق) واتە (هەڵبەستی سەربەست) و بەناوی (ب.ن) بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لە گۆڤاری (الحریە) لە ساڵی ١٩٢٤دا ابراهیم

عبدالقادر المازنی شیعرێك بەناونیشانی (محاورة قصیدة مع لی بعد وفاة أمه) بڵاودەكاتەوە، ڕۆژنامەی الاستقلال لە ١٩٣٠دا شیعرێك بەناوی (الی فتاه الشرق) و لەژێر بابەتی (الشعر المرسل) واتە شیعری بێ قافیە بڵاودەكاتەوە. لە ١٩٢٩شدا ڕۆژنامەی عێراق شیعرێكی (انور شاؤول) لەژێر ناونیشانی (الشعر المرسل)دا بڵاودەكاتەوە"[٣٩]. ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە، كە ئەم شاعیرە پێشەنگانە ناوی شیعری سەربەستیان بۆ هەوڵە سەرەتاییەكانیان بەكارنەهێنا.

شاعیرانی تاراوگەی ئەمریكی بەتایبەتیش (ئەمین رەیحانی) و (جبران) بەشێوەیەكی فراوان ئاگاداری شیعری سەربەست بوون، كە لای شاعیرانی ئەمریكا بایەخی پێدەدرا، سەرەڕای ئەوەش زۆر بە كەمی ناویان دەهێنن. "بەرهەمەكانی جبران خلیل جبران لەم لایەنەوە ئاماژەن بۆ شیعری بە پەخشان (قصیدة النثر) لەسەر ڕێچكەو شێوازی (بۆدلێر). بەڵام نموونەی شیعری سەربەست لە عەرەبیدا بەمانا وردو ڕاستەقینەكەی لە گۆڤاری (الادیب)ی لوبنانی دەبینرێتو دەتوانرێ ئەو ڕاستیەش بوترێ كە شاعیرانی فەلەستینو لوبنانو سوریا لە پێشەنگی ئەوانەن كە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە برەویان بە شیعری سەربەست داوە"[٤٠]. دیارە بەو چەمكەی كە لە ئەدەبی ئەوروپیدا هاتووە. (باشترین نموونەی شیعری سەربەست بە چەمكە ڕۆژئاواییەكەی بەلای د.عبدالواحد لۆلۆەوە ئەوانەیە كە لە بەرهەمی جبرا ابراهیم جبرا (١٩٢٠-١٩٩٤) رەنگی داوەتەوە)[٤١].

بەم پێیە بانگەشەكردن بۆ شیعری سەربەست بە چەمكە ڕۆژئاواییەكەی زیاتر لە سوریاو لوبنانو میسرو تاراوگەو عێراق پەرەیسەندو لە هەر وڵاتێكیش بە ئاستی جیاوازو تێگەیشتنی جیاواز بەرەو ئەو بانگەشەیە هەنگاو نراوە. پێویستە ئاماژە بەو راستییە بكەین كە شیعری سەربەست بە چەمكە ئەوروپیەكەی لە ئەدەبی عەرەبیدا لەدایك نەبوو، هەتا ساڵانی شەستەكان، بەڵكو جۆرە شیعرێكی جیاواز لەوەی ئەوروپا لە كۆتایی چلەكاندا لەدایك بوو ناویان نا (شیعری سەربەست). هەربۆیەش د.دڵشاد عەلی پێی وایە "كە لە ئەدەبی عەرەبیو كوردیشدا چەمكی هۆنراوەی سەربەست بەهەمان زاراوە رۆژئاواییەكە بەكارنەهێنراوەو لەم دوو ئەدەبەدا سەربەستییەكە واتای سەربەستی لە بەكارهێنانی پێیەكانداو سەربەستی لەخۆ نەبەستنەوەی هۆنراوە بە بەیتەوە دەگەیەنێت نەك سەربەستی لە داماڵینی ئاوازی دەرەوەی هۆنراوەدا"[٤٢].

"ناوی شیعری سەربەست لە عێراقو وڵاتانی عەرەبی لە سەرەتای پەنجاكانەوە بڵاوبووەوە. تائێستاش وا بەكاردێت كە ئاماژەیە بۆ جۆرێك لە شیعر كە لەسەر سیستەمی تەقلیدی شیعری عەرەبی ناڕوات، بۆ شیعرێك كە لە دێڕ پێكهاتبێتو درێژی وەك یەكیان نەبێتو ژمارەی پێیەكانی لە دێڕێكەوە بۆ دێڕێك ئەگۆڕێ بەبێ ئەوەی پابەندبێت بە سیستەمێكی جێگیر لە قافیەدا، بەكارهێنانی ئەم چەمكە بەم شێوەیە دوورە لەو چەمكەی كە ئەوروپیەكان بەكاریان هێناوە بۆ جۆرە شیعرێك كە داماڵرابێ لە كێشو سەروا"[٤٣]. بەلای شاعیرانی پێشەنگەوە ئەم تاقیكردنەوە نوێیە دابڕاو نییە لە رەسەنایەتیو كولتوری شیعری پێشینان. هەروەها لاساییكردنەوەیەكی كوێرانەی ئەزموونی بێگانەش نییە.

گۆڕانكاری لە كێشو سەروا لەلایەن نازك الملائیكەوە هەروەكو لە (عاشقە اللیل) دواتریش لە (شظایا و رماد) ئاماژەی پێ دەكات كە گۆڕانی لە ژمارەی پێیەكان و لەیەك سەروایی كردووە. لە پێشەكی دیوانی (شظایا و رماد) چەمكی نوێگەری لە پێشخستنی ژمارەی پێیەكانداو لە پابەندنەبوون بە سیستەمی یەك جۆر سەرواوە ڕوونكردۆتەوەو ناوی ئەم جۆرەشی ناوە (شیعری سەربەست)[٤٤].

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بكرێ ئەوەیە ئەم جۆرە لە شیعری سەربەست هەمان ئەوجۆرە شیعرە سەربەستە نییە كە لای ئەوروپیەكان هەیە، بەڵكو جۆرێكی ترە كە نازك خۆی چەمكەكەی دەخاتەڕوو و دەڵێ: "ئەو هۆنراوەیەیە كە پشت بە تاكە دێڕ دەبەستێو ئەم دێڕانەش درێژییەكی وەك یەكیان نابێت بەڵكو ژمارەی پێیەكانی لە دێڕێكەوە بۆ دێڕێكی تر دەگۆڕێن. ئەم گۆڕانەش بەگوێرەی یاسایەكی عەروزی ئەنجام دەدرێت... هەرچی دەربارەی قافیەشە ئەوە دیاری دەكات كە

هۆنراوەی سەربەست پێویستییەکی تایبەتی بە قافیە هەیە، چونکە هەندێ لەو ئاوازەی ون دەکات کە لە سیستەمی بەیتە دوو دێڕییەکەدا هەستی پێ دەکرێ.. گۆڕانو جیاوازی ژمارەی پێیەکان لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەمتر هەست بە ترپەی هەڵبەستەکە بکرێت کەمتریش هەست بە نەغمەکەی بکرێت، لەبەرئەوە هاتنە ناوەوەی قافیە لە کۆتایی دێڕەکاندا، جا قافیەی یەکگرتوو بێت یاخود هەمەڕەنگ، بۆ خۆیان زیاتر سیمای هۆنراوەی دەبەخشن بە هەڵبەستەکە"[٤٥] لێرەداو بەپێی بۆچوونەکانی نازك کە لەبارەی شیعری سەربەستەوە خرانە ڕوو، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە تێڕوانینی بۆ چەمکی شیعری سەربەست لەو ڕوانگەیەوەیە کە شیعر نابێت دەستبەرداری کێشو سەروا بێت. ئەمەش پێچەوانەی چەمکی زاراوە رۆژئاواییەکەیە کە نە کێشو نە سەروا هیچیانی تێدا نییە. هەربۆیەش جبرا ابراهیم جبرا لە ڕوانگەی چەمکی شیعری سەربەستەوە لای رۆژئاواییەکان ڕەخنە لە نازك دەگرێت، کە پێی وایە ئەوەی نازك دەینووسێت شیعری سەربەست نییە، بەڵکو شیعرێکی کێشو سەروادارەو ژمارەی پێیەکانی لە دێڕێکدا وەك یەك نین، لە ڕاستیدا نابێت شیعر بەوجۆرە کۆتانە بەند بکرێتو ناوبنرێ سەربەست. شیعری سەربەست وەرگێڕانێکی وشەی بە وشەی زاراوە ئەورووپییەکەیەبە ئینگلیزی Free Verse و بە فەرەنسی Verse libre. لای رۆژئاوا بەوجۆرە شیعرە دەوترێ کە داماڵراوە لە کێشو سەروا. ئەو شیعرەی کە (والت ویتمان) و کەسانی تر لە ئەدەبی رۆژئاوادا نووسیویانە. نووسینی شیعری سەربەست لای شاعیرانی عەرەب لای محمد الماغوگ و توفیق صایغ و جبرا ابراهیم جبرا دەبینرێ[٤٦].

شیعری (الکولیرا) بەلای نازك الملائیکەوە یەکەم شیعری سەربەستە کە لە ١٩٤٧ نووسیویێتی. ئەوەی لەم شیعرەدا کردوویەتی بەکارهێنانی پێی (متدارك)ە بۆ چەند جارێك لە دێڕێکدا بەپێی پێویستی وێنەو فیکرەکە، هەروەها پابەندیش بووە بە سەرواوە، سەرەڕای ئەوەی کە گۆڕانکاری تێدا کردووە... ئەم شیعرەو هەموو ئەو دەقانەی هاوشێوەی ئەم دەقە نووسراون نموونەیەکی دیارن لەسەر پێشخستنی شێوازی شیعری تەقلیدی عەرەبی کە لە دوو نیوە دێڕ پێکهاتووەو پابەند بوو بەپێی شیعری دیاری کراوو تاك سەرواوە. بۆیە بە ڕاست نازانرێ کە ناوی شیعری سەربەست بەسەر ئەم شێوازە لە شیعردا دابڕێت. چونکە ئەم شیعرە هێشتا پابەندە بە کێشو سەرواوە. بەڵام شیعری سەربەست بە هیچ شێوەیەك پابەند نییە بە کێشو سەرواوە.

بەلای لۆلۆەوە " ئەم شێوازە نوێیەی نازك الملائیکە دایهێناوە وا ڕاسترە کە بە شیعری تفعیلە ناوبنرێت بۆئەوەی جیابکرێتەوە لە شیعری شگرین ی تقلیدی. شیعری تفعیلە هاوشێوەی هەمان چەمکی شیعرە کە لە کولتوری عەرەبیدا بەکارهاتووە، چونکە ئەم جۆرە لە شیعر پابەندە بە کێشو بە سەرواوەو بایەخیش بە واتا دەدات. ئەمەش لادان و دەرچوون نییە لە کولتور، بەڵکو دەچێتە بازنەی پێشخستنی کولتورەوە. بەم پێیە ناوی شیعری سەربەست کە نازك بەکاری دەهێنا ناولێنانێکی هەڵە بوو بۆ ئەو جۆرە لە شیعر کە نازك بنەماو یاساکانی داڕشتبوو"[٤٧]. هەڵەی دووەم کە نازك تێی کەوتووە ئەوەیە کە تێکەڵی لەنێوان شیعری سەربەستو شیعری پەخشاندا کردووە. کاتێك ڕەخنە لە دیوانی ماغوگ دەگرێت، پێی وایە ئەوەی خۆی دەینووسێت شیعری سەربەستەو ئەوەی ماغوطیش دەینووسێت شیعری پەخشانە، لەکاتێکدا بەپێی چەمکی شیعری سەربەست لای ڕۆژئاوا ئەوەی ماغوط دەینووسێ شیعری سەربەستە نەك ئەوەی نازك دەینووسێ. شیعری پەخشانی وەرگێڕانی زاراوەو چەمکی Poemeen Proseی فەرەنسییە کە مەبەست لێی ئەو شیعرەیە کە رامبۆ نووسیویێتی وەکو (وەرزێك لە دۆزەخ) و (اشراقات)"[٤٨].

نازك پێی وایە کێش پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆئەوەی جیاوازی لەنێوان شیعرو پەخشانی پێ بکرێ. هەروەها بەلایەوە شیعری سەربەست سەربەستبوونە لە مۆسیقای تەقلیدی لەڕێگەی سەربەستی بەکارهێنانی ژمارەی پێیەکانو سەربەستی لە دابەشکردنیان بەسەر دێڕەکانداو سەربەستبوون لە یەکێتی سەروا. بەم جۆرە "شیعری سەربەست لە تێگەیشتنو تێڕوانینی

نازكەوە ئەوەیە كە سەربەست بێ لە هەندێ پێوەری شیعری كۆن نەك شیعرێك سەرتاپا لە هەموو پێوەرەكان داماڵرابێ. هەربۆیە پەخشانە شیعر بە پەخشانێكی ئاسایی داناوە، چونكە بە پێوەرە دیاریكراوەكانەوە پابەند نابێت، هەرچەندە رۆژئاوا بە شیعری دادەنێت بەڵام مەرج نییە ئەوەی لای گەلێك بە شیعر دادەنرێت لای گەلانی تریش بە شیعر دابنرێت"[49].

هەركاتێك باس لە نوێكردنەوەی فۆرمی شیعر لە بازنەی تاقیكردنەوەی نوێگەریدا دەكرێت، دەبێ باس لەو فۆرم و شێوازانەی شیعر بكەین كە لە سەرەتای نوێگەرییەوە لەلایەن شاعیرانی نوێخوازەوە پەیڕەو دەكرا. لەپێشتر باسی شیعری سەربەستمان كردو سیماكانی ئەم شێوازەمان لە چوارچێوەی ئەو قۆناغەی تێدا سەری هەڵداوە دەستنیشان كرد.لێرەدا بەكورتی باس لە چەند جۆرێك لە فۆرمی شیعری نوێ دەكەین، بەوپێیەی ئەم شێوازانەی شیعر ڕۆڵیان لە بنیاتنانی دەقی شیعری نوێگەری دا هەبووە.

پێش شیعری سەربەست جۆرێكی شیعری تر دەركەوت ناونرا شیعری پەخشانی، ئەمین رەیحانی بۆ یەكەمجار ساڵی ١٩٠٥ شیعرێكی پەخشانی لە گۆڤاری هیلال دا نووسی بەڵام بە هەڵە بەكارهێنانی شیعری پەخشان لە بری شیعری سەربەست گرفتێكی گەورەی دروستكردووە. ئەم جۆرە لە ئەدەبی كوردیدا سەرەتا لە ساڵی ١٩٢٦ لە ژمارە (٥) گۆڤاری زاری كرمانجیدا هاتۆتە ئاراوە[50]. بەڵام عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی پێی وایە "پیرەمێرد زۆر پێش بڵاوبوونەوەی شیعرەكانی (ز.ع.هەروتی) و (كاكە حەمە) باسی شیعری پەخشانی وەك چەشنێكی شیعری نوێ كردووە..."[51].

لەپاڵ شیعری پەخشانی چەشنێكی تری نووسین هەبووە هاوماڵی ئەم بووە، ئەویش پەخشانە شیعرە، كە رۆڵێكی گرنگی هەبووە لە نزیككردنەوەی شیعرو پەخشان بەڵام جیاوازیشیان ئەوەیە كە شیعری پەخشانی لە شیعرەوە بۆ پەخشان دەچێتو لە ئامێزی دەگرێت، پەخشانی شیعریش بەپێچەوانەی ئاراستەی یەكەمەوە، لە پەخشانەوە بەرەو شیعر دەچێت[52].

شیعری سپی یش شیعری پەخشان نیە هەروەك بە هەڵە لای فارسەكان بەكارهێنراوە شیعرێكە كێشی هەیەو سەروای نییە، لە كۆتایی سەدەی ١٩یەمەوە هاتووەتە ناو ئەدەبی عەرەبییەوە.

"پەرەسەندنی پتەو نوێتر لە رەوتی نوێگەریدا سەرهەڵدانی شیعری پەخشانە، كە پێش ساڵانی شەستی سەدەی بیست چەند نموونەیەكی كەم و سەرەتایی شیعری پەخشان لە شیعری عەرەبیدا بەدیدەكرێن. بەڵام مێژووی دروستی دامەزراندنی و سەرهەڵدانی لە چەند نموونەیەكی گۆڤاری (شیعر)ی یوسف ئەلخال و ئەدۆنیس و ئونسی ئەلحاج و شەوقی ئەبی سەقراو... دیاریدەكرێت. بەتایبەتی لە رووە تیۆرییەكەیەوە، ئەو كاتەی بۆ یەكەمجار ئەدۆنیس لە ژمارە چواردەی گۆڤاری (ئەدیب)دا ساڵی ١٩٦٠ وتارێكی لەبارەی شیعرو چامەی پەخشانەوە نووسی. هەروەها ئەو پێشەكیەی كە ئونسی ئەلحاج بۆ كۆمەڵە شیعرێكی خۆی بەناونیشانی (لن) نووسیبووی. هەوڵێكی تیۆرییە بۆ بزووتنەوەی شیعری پەخشان. ئیتر لەوێوە شیعری پەخشانی عەرەبی رێگای راستەقینەی خۆی ئەدۆزێتەوە. لە ئەدەبی كوردیشدا بەلای عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجییەوە (ئەنوەر قادر محمد )یەكەم شاعیرە كە بەم شێوازە دەقێكی لە ژمارە ٢٧ ساڵی ١٩٧٥ لە گۆڤاری بەیان دا بڵاوكردۆتەوە. كە هەموو خەسڵەت و سیمایەكی شیعری پەخشانی تێدا بێت. بەتایبەتی بەپێی بۆچوونی و تێزەكانی سۆزان برنار لەبارەی شیعری پەخشانەوە"[53].

"لە فەرهەنگی برنستۆنتدا وا پێناسەی دەكات (قەسیدەیەكە هەموو خەسڵەتەكانی شیعری غینائی، بابەتێكیانی تێدایە، بەڵام لەسەر لاپەڕە وەك شێوەی پەخشان دەنووسرێت، لە پەخشانی شیعریش بەوە جیا دەكرێتەوە كە ئەم كورت و چڕە، لە شیعری سەربەستیش بەوە جیادەكرێتەوە، كە شیعری پەخشان پابەندی سیستمی بەیتو دێڕ نابێت هەروەها لە برگەی پەخشانی كورتیش بەوە جیادەكرێتەوە كە هەمیشە ریتم و كاریگەری دەنگی هەیە جگە لەمانە شیعری پەخشان بە وێنەو چڕی دەربڕین دەوڵەمەندە"[54].

لێرەدا نامانەوێ بە دوورودرێژی باس لە جۆرەکانی شیعری نوێ بکەین لە رووی فۆرم و شێوازەکانییەوە بەڵکو تەنها مەبەستمانە کە شیعری سەربەست روون بکەینەوە. دیارە لەم تەوەرەدا ڕوویان لەو جۆرە کردوە، کە نازك الملائیکە پێناسەی کردووە.

بەم پێیە ئەوە ئاشکرا دەبێ رەوتی شیعری سەربەست بە چەمکەکەی رۆژئاوا بە دروستی لای ئەمین رەیحانی و جبران ابراهیم جبران سەری هەڵداوە، بەڵام ئەم هەولانە بە هەڵە ناونران شیعری پەخشانی وپەخشانە شیعر ، بەڵام لە نیوەی سەدەی بیستەمدا هەولێکی نوێگەری لەسەر دەستی نازك الملائیکە هاتە ئاراوە کە جیاواز بوو لەو شیعرە سەربەستەی کە لە رۆژئاوا پەرەی سەندبوو. ئێمە لێرەدا لە ڕوانگەی چەمکەکەی نازکەوە کە بۆ شیعری سەربەستی کردووە ڕوو لەم جۆرە لە شیعر دەکەین لە ئەدەبی کوردیدا.

## بەشی دووەم :

### تەوەرەی یەکەم:

### ڕێڕەوی شیعری سەربەست بە چەمکە ڕۆژئاواییەکەی لە ئەدەبی کوردیدا

وەك ئاشکرایە مەسەلەی نوێگەری لە شیعری کوردیدا، پێشینەیەکی مێژوویی هەیە کە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، گومانی تێدانییە ئەم نوێگەرییە لەلای کوردیش بە کاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاوا هەنگاوی ناوە، لەم نێوەندەشدا هەر دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ڕەگو ڕیشەی ئەو نوێگەرییە لای نووسەرانو شاعیرانی کورد لەو قۆناغەدا. هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ئەوروپادا لەبواری نوێگەری شیعردا شیعری پەخشانیو شیعری سەربەستو شیعری سپیان وەك جێگرەوەی قالبی شیعری کۆن داهێنا کە لە دیارترین سیماکانی نوێگەری قۆناغەکەبوون، ئەوەی لە هەموویان زیاتر سەرنج ڕاکێش بوو ئەوەیە کە جۆرە شیعرێك هاتە ئاراوە کە داماڵرابوو لە کێشو سەروای تەقلیدیو بایەخی بە ریتم دەدا. کە مەبەست (Free Verse)ە واتا شیعری سەربەست.

لەسەرەتاشەوە ئەدەبی تورکی هەڵقەی گەیاندنی پرۆسەی نوێگەری بوو لە ئەوروپاوە بۆ کوردستان هەربۆیەش ئەدەبی نوێی تورکی دەروازەیەکی گرنگ بوو بە ڕووی گۆرانکارییەکانیو چەمکەکانی نوێگەری ڕۆژئاوا. لەم نێوەندەشدا لێکۆڵەرانی کورد سەرەتای نوێکردنەوەی شیعر دەگەڕێننەوە بۆ حاجی قادریی کۆیی و عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری, کەپێیان وایە ڕۆڵێکی گرنگیان لە تازەکردنەوەی شیعری کوردی ونووسینی شیعری سەربەستدا هەبووە , بەڵام بەو چەمکە نا کە لە ئەدەبی ئەوروپیدا پەیرەوکراوە . " عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری کۆمەڵێك داهێنان و گۆڕانکاری لە شیعرەکانیدا کردووە کە بە هۆیانەوە دەتوانین شاعیر بە یەکێك لە تازەکەرەوەکانی شیعری کوردی بزانین ... یەکێك لە داهێنانەکانی گۆڕینی تۆبۆگرافیایی شیعرە , واتە گۆڕینی بنەمای ستوونی بوونی شیعر ,ئەم هەوڵەی شاعیردەکرێ بە سەرەتایەکیش دابندرێت بۆ نزیکبوونەوەی لە شیعری ئازاد " [٥٥] . لێرەوە وردە وردە شیعری کوردی بەرەو قۆناغێکی جیاواز هەنگاوی دەنا. لەم بارەیەشەوە دەگەڕێنەوە بۆ وتارێکی شێخ نوری کە لە (١٩٢٦) بڵاوی کردۆتەوە، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە ئەم وتارە کەرەستەیەکی پڕ لە زانیاری بەکەڵکە بۆ یەکاڵاکردنەوەی کۆمەڵێك بابەتی گرنگی بواری نوێگەری لە شیعری کوردیدا، لەم لایەنەشەوە وەڵامی کۆمەڵێك پرسیاری بایەخداری داوەتەوە- کە دەکرێ ئێمە هەندێ لەو ئاکامو بۆچوونانەی گەلاڵەی کردوون بۆ بواری نوێکردنەوەی فۆرمی شیعر وەك بەردی بناغەی نوێگەری شیعری کوردی لێی بڕوانین، لەسەرەتاشدا شێخ نوری لە وتارەکەیدا لەپاش پێناسەکردنی ئەدەب دێتە سەر پێناسەکردنی شیعرو دەڵێ (لە ئاپاری ادبیەدا بەو خاصەیە کە حرکت روحیە و هیجائی بد یعی حاصل ئەکا وئەلین شعر مسلا ئەلێن لەم ئەپرە دا شعریا (شعرییتی) تیایە یعنی لەم کتێبەدا

خاصەیەکی مهیمە هەیە)[٥٦].د.کامیل زانستانە ئەم پێناسەیەی شیکردۆتەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە پەنجە لەسەر ڕاستییەکی گرنگ دادەنێ‌و پێی وایە کە شێخ نوری لەسەر ڕێچکەی ڕەخنەگرانی وەکو ئەرستۆو قدامە کوڕی جەعفەر نەڕۆیشتووە، بەڵکو بە تێڕوانینێکی نوێ خۆی لەوان جیادەکاتەوە کە لاسایی هیچ کەسێکی نەکردۆتەوەو بەجۆرێکی ڕەسەن لە سروشتی هۆنراوە تێگەیشتووە بەوەی کە تایبەتی کێش‌و سەروا لەم هۆنراوەدا بە شتێکی ڕووکەش لەقەڵەم داوە.[٥٧] ناتوانرێ بڵێین شێخ نوری لەم تێڕوانینە نوێیەیدا دەربارەی کێش‌و سەروا لاسایی هیچ کەسێکی نەکردۆتەوە، چونکە لەو سەردەمەدا ئەو دوو ڕەگەزەی شیعر وەك دوو بنەمای بنچینەیی پێکهاتەی دەقی شیعری مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، تا ئەو سەردەمەو دواتریش هێشتا سەرچاوەی بنیاتی ئاوازەیی شیعری کوردی بوون. لەبەرئەوە پێمان وایە ئەم تێڕوانینە نوێیەی لە ئەدەبی ڕۆژئاواوە گەڵاڵە کردووە، بەڵام گەڵاڵەبوونی ئەم تێڕوانینە نوێیەی بۆ کێش‌و سەروا بۆخۆی هەنگاوێکی بوێرانەیە لە بواری نوێگەریدا کە لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا بنەمایەکی داهێنراوی شاعیرانی قۆناغە نوێگەرییەکە بوون لەهەمان کاتیشدا سیمایەکی دیاری شیعری سەربەست بوو.

بیری نوێگەری شێخ نوری لە وتارەکەیدا باسکردنی جۆرەکانی کێش‌و سەرواو سروشت‌و سەرچاوەکانیانە بەپێی تێڕوانینێکی نوێ‌و جیاواز لەو تێڕوانیانە کە پێشتر بۆ سەردەمانێکی درێژ خۆی سەپاندبوو بەسەر چەمکی شیعردا. هەروەك د.کامل بەسیر دەڵێ "شێخ نوری بەر لە نیو سەدە زیاتر بە پوختی ڕێگای بۆ ئەو ئاکامانە تەخت کردووەو پەنجەی خستۆتە سەر سەرچاوەی کێش‌و سەروا کە هەست‌و نەستی وێژەرەو سەرنجی بۆ سروشتی ئاهەنگ هۆنراوە ڕاکێشاوە کە جوانیە"[٥٨].

شێخ نوری دەڵێ "ماهیت حقیقەی وزن‌و قافیە ئاهنگە... ئەگەر فکرێکی جوان بە طرزێکی ئاهنگدار بیان وئیفادە بکەین لە روحی قارئین یاخود سامعین دا دوو نوع تاثیر حاصل ئەکا، اویتریشیان ئیفادەی او فکرەیە کە چند کلیمەیکی موزون‌و قافیەدارو اهنگدار بیانی ئەکین کە ئەمەیان عیناً وەکو موسیقی لە روحی او سامعەدا تاپیرێکی بدیعی حاصل ئەکا"[٥٩] لێرەدا شێخ نوری باس لە ڕەگەزێکی نوێ دەکات ئەویش ریتمە کە بەهۆی فکرەیەکی جوان‌و وشەی ئاهەنگدارەوە دروست دەبێ مەسەلەی (وچوح) وەك خواستێکی نوێگەری لە شیعردا بەلای شێخ نورییەوە مەبەست لێی ((ئەفکارو حیات لە سەهلی تێگەیاندنە).. کە قەصد لە نوسین ئەوەیە ئەو ئەفکارەی کە لە دەماغمانا حاصل ئەبێ بە شخص اخر ئیفهامی بکەین)).[٦٠]

مەسەلەی ڕوونی لە ناوەڕۆکی شیعری کۆندا بەدەست ناهێنرێ هەربۆیە بەلایەوە ڕووکردنە شیعری ڕوون‌و ئاشکرا پەیوەندی بە نوێخوازییەوە هەیە کە زیاتر لەو دەقانەدا بەدەست دەهێنرێ کە بۆ گەل دەنووسرێن. لێرەشەوە شێخ نوری لەنێوان هونەر بۆ هونەرو هونەر بۆ گەل دووەمیان پەسەند دەکات. لەم لایەنەشەوە د.کامیل بەسیر دەڵێ (شێخ نوری بەو تێڕوانینەی لەبارەی (وضوح) لە شیعردا بەشدار بابەتێکی ڕەخنەسازی دەکات کە لەشێوەی پرسیارێکدا بەرپاکراوە: ئایا وێژەر بۆ میللەت دەنووسێت یان دەبارەی میللەت بەرهەمەکانی ئەنجام دەدات؟)[٦١].

ئەم مەسەلەی ئاسانی‌و ڕوونییە لە شیعردا لای ڕۆژئاوا جێی بایەخ بوو، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا مەسەلەی دەربڕینی ئاڵۆزو ڕستەی تێکەڵ‌و داڕشتنی لێڵ لە شێوازی ڕەمزدا باڵی بەسەر جیهانە شیعریەکەی ئەو قۆناغەدا کێشابوو، بەڵام لەگەڵ بانگەشەکردنی شاعیرانی نوێخواز بۆ نوێگەری لە شیعردا مەسەلەی لێڵی‌و تەم‌ومژیش بەرەو کەمبوونەوە دەچوو، لەگەڵ هەڵکردنی بەیداخی نوێگەری کە بانگەشەی ڕوونی‌و بێگەردی‌و بێ لێڵی‌و شێوازی دەربڕینیان دا، ئیتر ئاسانی‌و ڕوونی وەکو سیمایەکی دیاری شیعری ڕۆژئاوا لەناو شیعری سەربەستدا پەرەی سەند.

لێرەدا ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەبێت کە شێخ نوری ئاگاداری ڕەوتی نوێگەری ئەوروپی بووە ئەم بۆچوونەشی لەوانەوە وەرگرتووە. بەم پێیە شێخ نوری وەك یەکەم بناغە داڕێژەری نوێگەری لە شیعری کوردیدا توانیویەتی بۆچوونەکانی لە چوارچێوەیەکی تیۆریدا بخاتەڕوو کە بنەماکانی ئەم نوێگەریەشی لە سەرچاوە ڕەسەن‌و خۆماڵییەکەی ئەدەبیاتی

کوردیمانەوە داڕشتووە. بەڵام لەهەمان کاتیشدا لە ڕێگەی ئەدەبیاتی تورکییەوە پێشتر بە ئەزموونی گەلانی تریشی بەستەوەو ئاگاداری گۆرانکاریو چەمکەکانی نوێگەری ڕۆژئاوا بووە، لەم بوارەشدا تێڕوانینەکانی ئاسۆیەکی فراوانیان لەبەردەم شاعیرانو لێکۆڵەرانی کوردستان کردەوە کە هەنگاو بەرەو نوێگەری بنێن.

(پیرەمێرد) یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی کە دەنگێکی دیاری ئەو بزوتنەوە نوێگەریەی شیعری کوردییە، پیرەمێرد وەك دەنگێکی دیاری بزوتنەوەی نوێگەریی شیعری کوردی لە نزیکەوە ئاگاداری جیهانبینی ڕۆشنبیری ئەدەبی تورکیو ڕۆژئاوا بووە، بەوپێیەی بۆخۆی نزیکەی ٢٥ ساڵ تەمەنی تاقیکردنەوەی شیعری لە تورکیا بەسەربردووە ئاگاداری هەموو ئەو ڕەوتو قوتابخانە ئەدەبیانەی تازەکردنەوەی شیعری تورکی بووە. هەربۆیە دەبێ لەژێر کاریگەری ئەو ڕەوتە نوێخوازیانەدا بۆیەکەمجار زاراوەی شیعری سەربەستی هێنابێتە ناوانەوە، بەڵام هەروەك د.دڵشاد عەلی لە ماستەرنامەکەیدا دەڵێ "پیرمێرد زاراوەی شیعری سەربەستی بەو چەمکەی ڕۆژئاوا بەکارنەهێناوە بەڵکو بۆ جۆرێك لە شیعر بەکاری دەهێنێت کە پابەندی سەروا نەبێت"[٦٢] هەرچەندە هیچ ئەزموونێکی شیعری خۆی بەو چەمکە نوێیە نەنووسیووە تەنها شیعرێك نەبێت کە لە ١٩٣٣ لەژێر ناونیشانی وەرگێڕانو بەناونیشانی (بەندی پەخشان بە واتای سەربەست)[٦٣].

لە ڕاستیدا ئەو دەقە هەڵگری تۆوی سیمای نوێگەرییە بە چەمکە ڕۆژئاواییەکەی، هەرچەندە وەرگێڕانە بەڵام دووبارە لە ژمارە ٥٩٧ لە ١٩٤٠ لە ژین دا بەدەستکارییەوە جارێکی تر بڵاوی دەکاتەوەو پێشەکیشی بۆ نووسیوە تیایدا باسی ڕەچە شکاندن دەکات، پیرەمێرد دەڵێ "ڕۆژنامەکەمان (ژین) شانازی بەمەوە دەکات کە لەم بەستێنەدا ڕەچەشکێن بووەو بۆ یەکەمین جارە شیعری سەربەست بڵاودەکاتەوە هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە پێشتر لە ژمارە ٥٩٦ی هەمان ڕۆژنامەی ژیندا هەوڵدانێکی دیکەش لەم بەستێنەی ڕەچەشکاندن شیعردا بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی (تۆ بۆ منی) بە سروش وەرگرتن لە شاعیری ئینگلیزی شیللییەوە کە ڕەمزی قەزاز نووسیبووی"[٦٤]. لەوسالانەدا کۆمەڵێك دەقی شیعری وەرگێڕاو بڵاوکراونەتەوە کە بۆخۆیان بەمەبەستی بانگەشەکردن بۆ سەربەستکردنی شیعرو نوێگەری هاتوونەتە ناوەوە کاریگەریشیان لەسەر ڕەوتی نوێگەری شیعری کوردی هەبووە. بەڕادەیەك کە ڕێگەو زەمینەخۆشکەربون بۆ داهێنانی شێوازێکی نوێی وەك شیعری سەربەستو تێك شکاندنی شێوازی قاڵبی شیعری کۆن.

ئەم شیعرە ئەگەر وەرگێڕانیش بێت گرنگی خۆی هەر هەیە، بەتایبەتی لەناوهێنانی جۆرێکی شیعری نوێدا کە پێی دەوترێت (سەربەست). ئێمە وای بۆدەچین پیرەمێرد بەئەنقەست بە وەرگێڕانی بڵاوکردبێتەوە بەڵکو لە بناغەدا تاقیکردنەوەی نوێی شیعری تایبەت بەخۆی بووە بەڵام بۆ ئەو سەردەمە وەکو داهێنراوێکی نوێ کارێکی قورسە کە خوێنەری ئەو سەردەمە پەسەندی بکەن. ئەم دیاردەیە لای برایم ئەحمەدیش لە دەقی (بەرەو ڕووناکی)دا هەست پێدەکرێ. کە نەیانتوانیوە لە ژینگەیەکی تەقلیدی کە هێشتا گوێی خوێنەری شیعر بەم جۆرە لە ئاوازەیی شیعر ڕانەهاتووە تا شیعری بێ کێشو سەروا وەك تاقیکردنەوەی خۆیان بڵاویکەنەوە.

بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە شیعرە لەلایەن شاعیرێکی ناوداری وەکو پیرەمێردەوە هەنگاوێکی بوێرانە بووەو جێی سەرنجی ژینگە ئەدەبییەکەش بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە خۆشکەربووە بۆ شاعیرانی تر کە بیر لە هەنگاوێکی وابکەنەوە تا بەرەو نوێگەرییەکی تازەیان بەرێت.

هەروەك ئاشکرایە بەشی هەرەزۆری شیعرەکانی پیرەمێرد ستوونین، بەڵام لەنێوانیاندا چەند شیعرێکی بڕگەیی هەیە کە تاقیکردنەوەیەکی تازەن بە شێوازی نوێ نووسراون کە یەکێکیان شیعرێکی سەربەستە لەژێر ناوی شیعری سەربەست لە ژمارە ٣٦١ی ڕۆژنامەی ژیان لە ساڵی ١٩٣٣ بڵاوبۆتەوە:

تەلی چرایەك لە شەوقی تۆوە

بۆ جەرگو دڵم ڕاکێشراوە
ئەودەمەی کە تۆ بێ شەوقو کزی
چرای دڵی من ئەکوژێتەوە[٦٥]

هەر لەهەمان ساڵدا پیرەمێرد دەقێکی نوێی لە ڕۆژنامەی ژیان ژمارە ٣٨١ بە ناونیشانی (گوڵستانی ڕەنگی زەرد) بڵاودەکاتەوە، هەر ئەم دەقە بە دەستکارییەوە لە ڕۆژنامەی ژیان ژمارە ٥٦١ لە ١٩٢٩ دووبارە بڵاودەکاتەوە:

ئەوا پایزە گوڵستان ڕەنگی زەرد
گەڵای دار وەری بای سەحەر ئاهی سەردە
باڵندە لە هەردە
دڵی پڕ لە دەردە
پەرێشانە سونبول، چنار بەرگی لوولە
گولی قەهقەهە ماتە، مینا مەلوولە[٦٦]

ئەم دیاردەی دووبارە بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە دەقانە کە بنیاتێکی نوێگەریان تێدایە بۆخۆی مەبەستو ئامانجێکی پیرەمێردی لەپشتەوەیە چونکە بەلایەوە جێی بایەخ بووە کە ئەم جۆرە شیعرە ببێتە ڕێبازێکی جێگیرو شاعیرانیش پەیرەوی بکەنو بەرەوپێشەوەی بەرن.

ئەوەی جێی سەرنجە لەم دەقەدا ئەوەیە کە چەمکی بەیت تێکشکاوەو ژمارەی پێیەکان بە نایەکسانی بەسەر دێڕی شیعریدا دابەشکراون وەك دیارە پیرەمێرد پابەندی شێوازی قاڵبی ستوونی نەبووە. بەڵکو مامەڵەیەکی تازەی لەگەڵ بنیاتی ئاوازەیی‌و قاڵبی شیعرەکەیدا کردووە.

هەروەها لە دەقێکی شیعری تریشیدا هەمان ڕێچکەی دووبارەکردۆتەوە لەسەر هەمان ڕێوشوێنی شیعرەکەی پێشتری دەقی شیعری (گۆرانی) لە ساڵی ١٩٣٥ بڵاوکردۆتەوە:

وابوو بە شەڕو هەڵلا
جیهان خرۆشا
لاوانمان لە جێ هەڵسان
خوێنان جۆشا
ئاهە بۆ باسی وەتەن
دوانزە سوارەی مەریوان[٦٧]

فەرهاد پیربال لە کتێبی شیعری نوێی کوردی دەڵێ "پیرەمێرد پێش کامەران بەدرخان یەکێکە لەو شاعیرانەی ڕۆڵی هەبوو لە ڕەهاکردنی شیعری کوردی بەرەو سەربەستی"[٦٨].

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە گۆران بناغەیەکی پتەوی بۆ نوێگەری لە شیعری کوردیدا داناوە، چونکە هەر زوو بۆ گەڕانەوە بۆ کێشی بڕگەیی‌و شکاندنی کۆتی کێشو سەروای تەقلیدی‌و هەنگاونان بەرەو کەرتکردنی پێی کێشەکانو تێکەڵکردنی چەند کێشێك لە شیعرێکدا ئاسۆیەکی فراوانی لەبەردەم شیعری نوێدا کردەوە کە هەنگاوی نوێی تریشی بەدوادا بێتو تا بەیەکجاری شیعر لە سیستمی یەکپارچەیی تەفعیلە ڕزگار بکرێت ئەوەبوو لای هەندێ لە شاعیران هەنگاوی لەو شێوازە نوێیە نراوەو بوێرانە دەرگایەکی تازەیان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێگەری شیعری کوردیدا کردەوە. گۆرانی داهێنەر بەئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ نوێکردنەوەی شیعرو نوێگەریدا کردووە. هەر لەژێر گەشەسەندنی ئەدەبی ڕۆژئاواو

دواتریش ئەدەبی عەرەبیدا، لە چەند تاقیکردنەوەیەکی خۆیدا هەوڵی داوە بناغەی ئەو نوێخوازیە بچەسپێنێت و گۆڕانکاری لە کێش‌و سەروای شیعریدا بکات. هەروەك لە شیعری ئاواتی دووری دا ڕەنگی بۆ ڕشتبوو.

گۆران دەربارەی ئەم هەڵبەستەی دەڵێ: "ئەم شیعرانە لەسەر ئوصولی (فقرە) رێکخراون هەر فەقەرەیەك عیبارەتە لە چوار بەیت، بەیتی یەکەم و چوارەم لەسەر وەزنی عەروز وتراون، دووەم و سێیەمیش لەسەر وەزنی پەنجە"[٦٩].

شیعرەکە لە پێنج بەند پێکهاتووە ئەمەش بەندی یەکەمێتی

ئەی چاو چەشنی بازی قەفەس هەڵوەریێ پەرت
کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دڵبەرت؟ } کێشی عەروزی موزارع

کوانێ دوو چاوی مەست؟ کوانێ؟
کوانێ برۆی پەیوەست؟ کوانێ؟ } کێشی پەنجە ٨ بڕگەیی

کوانێ زوڵفی ڕەش؟
کوڵمی ئاڵوگەش؟ } کێشی خۆماڵی ٥ بڕگەیی

کوا هەیکەلی جەمال؟
کوا حوسنی بێ میپال؟ } کێشی عەروزی موزارع

لەم دەقەدا چەند هەنگاوێکی نوێگەری نراوە کە جێگای سەرنجن، یەکەمینیان کێشەی عەروزییە کە لە دێڕی چوارەمدا کەرت کراوە لەجیاتی چوار، دوو تەفعیلەی هەیە.

پاشان کێشی خۆماڵییە کە دوو جۆر کێشی بەکارهێناوە (٨ بڕگەیی) و (٥ بڕگەیی) لەکاتێکدا پەیڕەوکردنی کێشی بڕگەیی بۆخۆی وەك هەنگاوێکی تازەکردنەوەی شیعری قۆناغەکە جێگیر نەبووبوو کەچی گۆران بە تێکەڵ کردنی دووجۆر کێش جۆرە تازەکردنەوەیەك‌و داهێنانێکی نوێی هێنایە ئاراوە کە بۆخۆی جێی سەرنج بووە "کە ئەمەش دیاردەیەکی زۆر دەگمەنە لە هەڵبەستی کوردیدا با لە هۆنراوەی فۆلکلۆریشدا بەکارهێنرابێ"[٧٠] لە رووی سەرواشەوە دەقەکە بە سەروای یەکگرتوو بنیات نەنراوەو ڕووی لە سەروای مەسنەوی کردووە.

گۆران لە (خۆزگەم بە پار، گۆڕان، سکاڵا، ئاهەنگێك لە ناوران، یار، پایز، ئاخ هەزار ئاخ، بەردەنووسێك، جیلوەی شانۆ)دا ڕێبازێکی تازە پەیڕەو دەکات، کە پابەند نابێت بە قاڵبی شێوازە کۆنەکەوە، بەڵکو پابەندی جۆرە قاڵبێکی نوێیە کە تیایدا چەمکی بەیت دەشکێنێت‌و ڕەچاوی سەروای یەکگرتووش ناکات. ئەم تاقیکردنەوە نوێیانە هەنگاوێکی تری نوێگەریەکەی بوون بەرەو فۆرمێکی نوێی شیعری کە تیایدا ڕەچاوی ڕەسەنایەتی دەکات‌و لەهەمان کاتیشدا پەیڕەوی هێنانەکایەوەی سیستمێکی نوێی شیعری دەکات کە تێیدا دەستکاری کێشەکان دەکات‌و بەپێی سەلیقەی خۆی کێشی ڕەنگاوڕەنگ بەکاردەهێنێت. ئەم دەقانە بە بەراورد لەگەڵ شیعری کلاسیکی‌و تەقلیدیدا دەتوانین وەکو ڕەوتێکی دژە باوی سەردەمەکەی لێیان بڕوانین، کە وەکو هەنگاوێك بەرەو شیعری سەربەست خۆیان دەنوێنن چونکە لە هەندێ شوێندا سنووری بەیتی دوو دێڕییان شکاندووەو کێشەکەیان لەسەر دێڕی کورت‌و درێژو پێی جیاواز دامەزراندووە.

یەکێ لەو دەقانەی کە لەم ڕووەوە سەرنج ڕادەکێشێ (بەستەی دڵدار)ە کە بۆیەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٠ بڵاوکراوەتەوە:

لەژێر ئاسمانی شینا
لەپاڵ لوتکەی بەفرینا } کێشی ٧ بڕگەیی

کوردستان گەڕام
دۆڵاو دۆڵ پێوام } کێشی ٥ بڕگەیی

نە لەشارو نە لەدێ ⟵ کێشی ٧ برگەیی
نەمدی کەس ⟵ کێشی ٣ برگەیی
وەك تۆ جوان بێ ⟵ کێشی ٤ برگەیی
تۆیتو بەس ⟵ کێشی ٣ برگەیی

کچە کوردێك دڵ پێی شادبێ
وەك فریشتەو پەریزادبێ! } کێشی ٨ برگەیی

"گۆران لەم شیعرەدا سێ جۆر کێشی برگەیی بەکارهێناوە کە بریتییە لە کێشی (٧، ٥، ٨) ئەوەی جێی سەرنجە جگە لە تێکەڵکردنی ئەم کێشانە کەرتکردنی کێشی (٧) برگەییەکەیە بەسەر سێ دێردا کە هەریەکەیان لەیەك پێ پێکهاتووە کە بریتین لە پێیەکی سێ برگەییو چوار برگەییو دیسان پێیەکی سێ برگەیی ئەم پێیانەش بۆخۆیان پێی کێشە حەوت برگەییەکەن جا بۆیە ئەم جیاکردنەوەیە هەنگاوێکە لە هەنگاوەکانی هۆنراوەی سەربەست"[٧١].

گۆران لە پەنجاکاندا بە تەواوی هەنگاو بەرەو نوێگەری دەنێتو ڕێچکەیەکی نوێتر لەبەردەم شاعیرانی نوێخوازدا دەکاتەوە. کە لە بنیاتی دەقە شیعرییەکانیدا پێی کێشە برگەییەکانی کەرت کردو دێری شیعری لەسەر پێ بنیات نا.

پەیرەوکردنی کێشی خۆماڵی بە شێوازو قاڵبێکی نوێو پابەندنەبوون بە یەکپارچەیی ژمارەی پێی کێشەکانو کەرتکردنیانو دابەشکردنیان بەسەر دێرەکانداو پابەندنەبوون بە سەروای تەقلیدییەوە بناغەی ئەو نوێگەرییە تازەیەی لە پرۆسەی نوێگەری شیعری کوردیدا بە چاکی چەسپاند.کە دواتر لە ژێر ئەم گۆڕانکارییانەدا هەنگاوی تر نرا بۆ نووسینی شیعر بە چەمکە ڕۆژئاواییەکە کە تیایدا پابەند نابن بە کێشو سەروا.

گۆران لە وتارێکیدا کە لە ژینی ژمارە ١١٢٦و ١١٢٧ لە ساڵی ١٩٥٢ بڵاوکردۆتەوە باس لە نوێگەری شیعری ڕۆژئاوا دەکاتو سەرەتاش باس لە شیعری پەخشانی دەکات کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵداوە، کە یەکەمجار شاعیرەکانی فەرەنسە خستیانە گۆڕەوە، لایەنگرەکانی تازەبوونەوەی تری دنیا لەوانەوە وەریان گێڕا بۆ زمانەکانی خۆیان. ئەمانە پێیان وابوو کە کێشو سەروا بەندو زنجیرێکی بەبێ کەڵکو بەبێ پێویست دەستو پێ شیعریان بەستۆتەوە. سەرەڕای ئەوەی ڕێگریان لێ دەکرا، بەڵام لە سەدەی نۆزدەیەمدا چەند شاعیرێکی گەورەی ڕۆمانتیك سەریان بەرزکردەوە بە پابەندبوونی ئەوان ئیتر ڕێگرەکان ناچاربوون دەمیان لێك نێنو بێ دەنگ بن. لەدوادوایی سەدەی نۆزدەیەمو سەرەتای سەدەی بیستەما ڕاپەڕینێکی تریش لە شیعری ڕۆژئاوادا ڕوویدا. شیعریان شیعری سەربەستبوو ئەیان وت شیعر لەگەڵ مۆسیقا پەیوەندییەکی ئێجگار بەهێزی هەیە، لەبەرئەوە وەزن نەك بێ کەڵك یان پێویستە نیە بۆ شیعر، بەڵکو گەوهەر (عنصرێکی) بنجی (اصلی)یە لە گەوهەرەکانی دروستبوونی، بەڵام ئەو بەندو سنوورانەی بۆ شیعری کلاسیك دانراون ڕێگا لە شاعیر ئەگرن لە مەیدانی بابەتی نووسینەکەیان بە ئارەزووی خۆی ئەسپ تاودا.

بەم ڕەنگە لە ئەدەبی ئەمڕۆی ڕۆژئاوادا جۆرە شیعرێك کەوتۆتە گەڕ پێی ئەڵێن شیعری سەربەست یان سەربەست، شاعیری ئەم شیعرانە گەلێ دەسکاری لە وەزنە باوەکاندا ئەکەنو هەرکەسێ بەپێی چێژو سەلیقەی خۆیان وەزنی ڕەنگاوڕەنگ بەپێی تەرتیبێکی تایبەتی لەیەك بابەتا ئەخەنە سەریەكو شیعری پێ دائەنێن. لە درێژەی وتارەکەیدا دەڵێ ((پێوانەی وەزن لای گشت نەتەوەکان وەك یەك نیە. هەرنەتەوەو وەزنێکی تایبەتی خۆی هەیە، بەپێوانەی تایبەتی زمانەکانی خۆیان ئەپێوڕێن، تەنانەت لە یەك نەتەوەدا ئەگونجێ لە پشتێکەوە بۆ پشتێ دەستوورو پەیرەوەکانی وەزنی شیعر لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی

تر بگۆڕدرێت. بەڵام هەرچی بابەتی قافیەیە لە شیعری ڕۆژئاوادا ئەو بایەخەی پێ نەدراوە کە شیاوی سەرنجێکی دوورو تیژ بێ، لە شیعری یۆنانیو لاتینی کۆندا قافیە هەر بەتەواوی نیە لە بەشێکی زۆری شیعری ئینگلیزیشدا هەروەها، بۆ نموونە بەهەشتی ونکراوی میللەت چیرۆکە تەمسیلییەکانی – شکسپیر– ناوبەناوێك نەبێ. کەوابێ ئەگەر بمانەوێ بەپێی نەریتێك، کە ڕەوایەو باوەو بەجۆرێك خۆی لەخۆیا هەیە شیعر تەعریف بکەین، ئەبێ وابڵێین: شیعر قسەی ڕێکخراوە بە ڕەنگێك کە لە خوێندنەوەیا هەست بەجۆرێکی وەزن بکرێت، بەڵام لەو ڕووەوە کە شیعر لقێکە لە ئەدەبو ئەدەبیش بە (ڕێکخستنی قسەی جوان) تەعریف کراوە. ئەبێ لەبیرمان نەچێ بنچینەی ئەم تەعریفەی سەرەوە لەسەر قسەی جوان وەستاوە.[٧٢]

گرنگترین تێبینی کە لەم وتارەی گۆراندا بەدەست دەهێنرێ، ئەوەیە کە چەمکی شیعری پەخشانی بریتییە لەو جۆرە شیعرەی کە نە کێشو نە قافیەی تێدا نییە... هەروەها شیعری سەربەست ئەو شیعرەیە کە جۆرێك لە کێشی تێدایە بەڵام بە گەلێك دەستکارییەوە. کە هەر شاعیرێ بەپێی چێژو سەلیقەی خۆی کێشی هەمەڕەنگ لە دەقێکی شیعریدا ئەخەن سەریەكو شیعری پێ دائەنێن.

بەشی زۆری بەرهەمە شیعرییەکانی گۆران کە لەدوای ساڵانی ١٩٥٢ بەدواوە نووسیونی بەپێی هەمان ئەو ناوەڕۆکەی کە لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێدەکات وەك یەکەم هەنگاونانی شیعری کوردی بەرەو ئەم چەشنە هۆنراوەیە خۆیان دەنوێنن، کە بنیاتی چەند دەقێکیان بە ئاوەزەیی نوێ ئەم جۆرە بۆچوونانەی بنیاتی ناون. ئەمەش ناونیشانی هەندێ لەو دەقە شیعرییانەیە کە لەدوای ئەو وتارەیەوە نووسیویەتی:

(ئەنجامی باران، ماستاو، چۆقی یونسکۆ، موحاکەمەی مام چەوەندەر، نقو جق، چەقەڵ، لە زیندانا چواردەی تەمموز، بتەو بتەوان، شۆڕشگێڕ، تاسەی دیدار، بۆ سەربازی جمهوریمان، بەڕێگەدا بەرەو کۆنفرانس، یادی پیرەمێردی بوێژ...)

برایم ئەحمەدیش لە وتاری (شیعرەکانمان)دا کە وتارێکی گرنگ وپڕ بایەخی بواری رەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەبەو پێیەی هەندێ تێڕوانینی نوێ سەبارەت بە چەمکی شیعر دەخاتەڕوو لەگەڵ دیدێکی ڕەخنەگرانەی نوێش دێنێتە ئاراوە بەتایبەتیش کە دێتە سەر باسکردنی شیعری کلاسیکی . بەلامانەوە ئەم وتارە تەواوکەری وتارەکەی شێخ نورییە لەبواری هەنگاونان بەرەو نوێکردنەوەی شیعری کوردی.

د.کامیل بەسیر لە لێکۆڵینەوەیەکیدا زانستانە وتارەکەی شی کردۆتەوەو کۆمەڵێك ئەنجامی زانستیو گرنگی بەدەست هێناوە.. هەروەك ئەوەی برایم ئەحمەد کۆمەڵێك پێناسە بۆ چەمکی شیعر دەخاتەڕوو , بەڵام لە هیچیاندا باس لە کێشو سەروا ناکات بەڵکو زیاتر بیروڕای (شیلی) سەبارەت بە هۆنراوەو هەستیاران بە شێوازی خۆی دەگێڕێتەوە بەلایەوە هەروەکو شیلی کێشو سەروا بە ئاکامێکی رووکەش دادەنێت[٧٣].

نووسەر لە وتارەکەیدا لە جیهانبینی ڕۆشنبیری ئەورووپییەوە تێڕوانینەکانی لەبارەی چەمکی شیعرەوە گەڵاڵە دەکات و بانگەشە بۆ جۆرێك لە نوێگەری دەکات کە پێشتر شێخ نوری هەنگاوی بۆ نابوو. لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێ لە شیعری کوردیدا شیعرێك ناخوێنینەوە کە بەپێی ئەو پێناسانەی کە لە وتارەکەیدا خستوێتێ ڕوو نووسرابێت. چونکە بەلایەوە شیعری شاعیرانی کورد لە (وتنێکی وەزنداری قافیەدار) زیاتر بەولاوە هیچی تر نییە. "سەبارەت بە کێشو سەروا لە شیعردا لەگەڵ ئەو بۆچوونەداین کە برایم ئەحمەد زیاتر پێناسەکەی دەرحەق بە هۆنراوە روون دەکاتەوەو بە رەگەزی کێشو سەروا قایل نابێتو داوای رەگەزی تر لە هەستیارە کوردەکان بۆ بنیاتنانی هەڵبەستەکانیان دەکات. ئەمە راستییەکە بەڵام ئەم رەگەزانە چین؟! ئایا سۆزو هەڵچوونو مۆسیقای ناوخۆییو ئەندێشەو وێنەی هونەرین؟ یاخود داوای پچڕاندنی کۆتو زنجیری کێشو سەروا لە هەستیارەکان دەکاتو دروشمی هۆنراوەی (سەرفراز) واتە (الحر) بەرزدەکاتەوە؟ نووسەرەکەمان بەڕاستی

ئەم پرسیارانە بەبێ وەڵام دانەوە دەهێڵێتەوەو تۆوی گومانو دوودڵی لە زەمینەی هۆنراوەی کوردیدا دەوەشێنێو خوێنەری کورد بە سەرگەردانی دەهێڵێتەوە"[٧٤].

بەم پێیە ( برایم ئەحمەد )یەکەم ڕەخنەسازیی جەسووری کوردە کە لەو سەردەمەدا ویستوویەتی ڕێگای هۆنراوەی ڕاستەقینە بۆ شاعیرە کوردەکان نەخشە بکێشێت، بەڵام بەداخەوە تەنها هەر ئەوەندەی پێکراوە کە سەری گوریسەکە بدات بە دەستەوە.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەم وتارە یەکەمجار لە ساڵی ١٩٣٢ لە ژیان بڵاوکراوەتەوە، لەبەر گرنگی و بایەخی پەیامەکەی جارێکی تر لە ساڵی ١٩٣٣ نووسەر لە یادگاریو لاوان بڵاوی دەکاتەوە. ئەم جەخت کردنەوەی نووسەر لەسەر وتارەکەی دەمانگەیەنێتە ڕاستییەکی ئامانجدار کە لەژێر کاریگەری ڕەوتی نوێگەری شیعری جیهانی ئەم تێڕوانینەی لا گەڵاڵەبووبێت. لەکاتی خۆشیدا ڕەفیق حیلمی بۆچوونەکانی ئەم وتارە ڕەخنەییە (بە بناغەی شیعری نوێ دادەنێت)[٧٥]. هەربۆیەش د.فەرهاد پیربال پێی وایە (ئەم وتارە بە مانیفێستێك دەچێت بۆ شیعری کوردی)[٧٦]. هەروەها د.محەمەد فازیلیش رای وایە کە ئەم وتارە دەنگی ڕەخنەی کوردییە بە بانگەشەکردن بۆ نوێگەری شیعری کوردی.[٧٧] نووسەر لە وتارەکەیدا بڕیارێکی بوێرانەی داوە بەوەی کە شیعری کۆن ڕەت دەکاتەوەو سەرلەبەریان بە وتنێکی کێشدارو سەروادار لەقەڵەم دەدات.

لەو سەردەمەدا ئەم جۆرە بڕیارە زۆر قورس بووە چونکە هەروەك گۆران لە ١٩٥٠ لە پێشەکی بەهەشتو یادگارەکەیدا دەڵێ "پەیڕەوکەرانی شیعری کۆن هێشتا ڕێژەیەکی زۆر پێکدەهێنن". ئەم وتارە تا ئاستێکی باش کاریگەری لەناو بازنەی جیهانبینی شیعری کوردیدا جێهێشتووە. ڕەفیق حیلمی لە کتێبی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا لەچەند شوێنێکدا ئاماژەی بەم وتارە کردووە کە پێی وایە لە ڕوانگەی بۆچوونەکانی ناو ئەم وتارە دەتوانین بڕیار لەسەر شیعری شاعیرە تازەکانمان بدەین.[٧٨] هەروەها لە جێگەیەکی تریشدا باس لە بۆچوونەکانی ئەو وتارە دەکات کە بەلایەوە بانگەشە بۆ بابەتێکی تازە دەکات کە ئەیانەوێ لە شیعرا (بروسکە)یك هەبێ کە لە خەو خەبەرمانکاتەوە (بریسکە)یك هەبێ ڕێی ژیانمان بۆ ڕووناککاتەوە سیحرێکی تیابێ خوێنمان بخاتە گەڕ.[٧٩]

برایم ئەحمەد هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی وتارەکەیدا لە یادگاری لاوان دەقی شیعری (یادگارو هیوا)* بڵاودەکاتەوە کە لەڕووی ناوەڕۆکەوە ئەو جۆرە شیعرەیە کە خۆی لە وتارەکەیدا بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵام لەدوای چەند ساڵێك دەقی شیعری (بەرەو ڕووناکی)* بڵاودەکاتەوە کە لە ناوەڕۆکو ڕووخساریشدا لەگەڵ بۆچوونەکانی وتارەکەیدا یەکدەگرێتەوە کە لەڕووی تیۆرییەوە خستوونیەتییە بەردەست.

بەرەو ڕووناکی

لەناو جەرگی تاریکییەوە
دەست بە کەلەبچەو تەوق لە ملو زنجیرلەپێ
لە کانگای نەزانیو هەژاریو دیلییەوە
کەوتوومەڕێ، هاتووم، ئەڕۆم بەرەو ڕووناکی
پشتم داڕزاوی جەزرەبەی قەمچییە
ناوچەوانم تفی پیا دێتەخوارەوە
پێم شەلی دارکارییە
فرمێسك لە چاوما قەتیس ماوە
پێستم بەسەر ئێسکما وشك بۆتەوە

بەڵام بە دڵێکی وەك پۆڵاوە
ڕێم گرتۆتەبەر، ئەڕۆم بەرەو ڕووناکی
ماندووم‌و ڕێگاکەم دوورە
برسیم‌و دوژمنەکانم تێرن
ڕووتم‌و ئەوان پۆشتەن
بێ هێزم‌و ئەوان بە دەسەڵاتن
من دەست‌و پێ بەستراوم‌و ئەوان بەرەڵان
لەگەڵ ئەوەشا بە ویستێکی نەگۆڕو گیانێکی نەبەز
ژانێکی مەردانەوە، ئەڕۆم بەرەو ڕووناکی

مامۆستا حسێن عارف یەکەمجار لە یەکەم وتاری دەربارەی شیعری تازە بۆ ئەوە چووە کە شیعری بەرەو ڕووناکی دەقێکی شیعری نوێیە داماڵراوە لە کێش‌و سەروا[٨٠].

پێمان وایە ئەم دەقە سەرەتای دامەزراندنی قوتابخانەی شیعری تازەی کوردی یە کە بە چەمکی شیعری سەربەست لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا نووسراوە.

حسێن عارف هەر لە بنەڕەتدا لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی قوتابخانەی شیعری نوێی عەرەبی (نازك الملائکە– بدر شاکر صبار– عەبدوالواحید البیاتی) کەوتۆتە خۆی‌و باس لە شیعری تازە دەکات کە لای عەرەبەکان جێگەی خۆی گرتووە. هەرچەندە لە پێناسەکردنی ئەم قوتابخانەیە کەوتوونەتە هەڵەوە، وای دەخاتەڕوو کە بانگەشە بۆ جۆرێك شیعر دەکات کە داماڵرابێ لە کێش‌و سەروا لەکاتێکدا شیعری سەربەست لەو قوتابخانەیە ئەوە ناگەیەنێت بەڵکو هەر پابەندی کێش‌و سەروایە. لە هێنانەوەی نموونەی شیعریش بۆ ئەم جۆرە شیعرە تووشی هەڵەبووە چونکە دەقی شیعری بەرەو ڕووناکی برایم ئەحمەدو دەقی شیعری (چۆن گەنجێکم)ی نووری وەشتی بە نموونە هێناوەتەوە کە داماڵراون لە کێش‌و سەرواو پەیڕەوی ئەو بنەمایانەیان نەکردووە کە نازك الملائیکە ئاماژەیان پێدەکات. بەڵام مامۆستا حسێن عارف دیارە مەبەستی شیعری سەربەستە بە چەمکەکەی نازك، چونکە دواترو لە کتێبی کامەران‌و هۆنراوەی نوێ جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە مەبەستی لە شیعری تازە ئەوە نیە کە پەیڕەوی کێش‌و سەروا نەکرێ بەڵکو دەڵێ ئەم جۆرە لە شیعر هەر پەیڕەوی ئەو بەحرانە دەکات کە شیعری کۆن پەیڕەوییان دەکات. هەروەك زیاتر لە وتاری (ڕایەك لەبارەی شیعری سەربەستەوە) زیاتر مەبەستەکانی لەبارەی شیعری سەربەستەوە ئاشکرا دەکات.[٨١]

شاعیرو نووسەر (لەتیف هەڵمەت)یش هەمان بۆچوونی (حسێن عارف) دووپات دەکاتەوە کە دەقی (بەرەو ڕووناکی) بە پەخشانە شیعر لەقەڵەم دەدات.[٨٢]

د.مارف خەزنەدار لەبارەی دەقی بەرەو ڕووناکی برایم ئەحمەدەوە دەڵێ "بەرەو ڕووناکی بەرهەمێکی ئەدەبی داهێنراوی ئیبراهیم ئەحمەدە، لە نێوەندی ئەدەبیدا زۆر بەناوبانگە، لەکاتی خۆیدا بڵاوکرایەوە ڕووی ڕەخنەی لێکرایەوە. هەندێ کەس بە پەخشانیان دادەناو هی دیکە پەخشانە شیعریان پێ دەوت (یان شیعری پەخشانی) سێیەمیان بە شیعری نوێی تەواویان دەژمارد"[٨٣]. ئەوەی تێبینی دەکرێ لە بۆچوونەکانی د.مارف ئەوەیە ئەو دەقە بە دەقێکی داهێنراوی برایم ئەحمەد لە قەڵەم دەدات. هەرچەندە ڕای خۆی لەبارەی ئەو بەهەمەوە دەرنەبڕیوە بەوەی ئایا لە ڕووی فۆرمە سەر بە کام لەو جۆرانەی شیعرە. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا پێی وایە نموونەیەکی بەرزی ئەدەبی کوردییە. هەروەها تێبینییەکی تریش کە جێی سەرنجە

ئەوەیە مارف خەزنەدار شیعری نوێی بۆ ئەو جۆرە شیعرانە بەکارهێناوە کە لە ئەدەبی عەرەبیدا  نازك الملائكە ناوی ناوە شیعری سەربەست بەڵام پێدەچێت لێرەدا بۆ ئەم دەقە دەستەواژە یاخود ناوی (شیعری نوێی تەواو) بەکاردەهێنێت جیاوازە لەو شیعرە سەربەستەی ئەدەبی عەرەبی، چونکە ئەم دەقە پابەندی هیچ جۆرە کێشو سەروایەك نیەو بەتەواوی سەربەستە. کەواتە وەکو ئەو جۆرە شیعرە سەربەستەیە کە لە ئەوروپادا پەیڕەو دەکرێت، چونکە برایم ئەحمەد بایەخی بە شیعری بێگانە داوە، کۆمەڵێك لە جوانترین شیعری نەتەوەکانی گێتی وەرگێڕاوەتەسەر زمانی کوردی)[٨٤]. جگە لەوانەش بۆخۆی لە وتاری شاعیرەکانمان بانگەشە بۆجۆرێك لەم شیعرانە دەکات.

کامەران موکری یەکەم بەرهەمی لەبواری شیعری سەربەستدا بە چەمکە ڕۆژئاواییەکە داماڵراو لە کێشو سەروا لە ڕۆژنامەی ژین ژمارە ١٢١٥ پێنج شەممە ١٦|٩|١٩٥٤ بە ناونیشانی (لەدایکبوونی ئینسانێك) بڵاودەکاتەوە. ئەمە بەشێکی ئەو شیعرەیە:

شەو
تریفەی مانگ
لوورەی تیژ
هاژەی ئاو
خوڕەی چەم
دێی بێدەنگ
لە دۆڵێکی کچی مندا
لانکەی برسی ڕووت
پێستی بەسەر ئێسکدا لکاو
شتیالی چڵکن
دەستی پۆخڵ
پێی کرێشاوی
پشتی بە دار جەزرەبەدراو

هەر لەهەمان ڕۆژنامەو لە ٢٣|٩|١٩٥٤ دا شیعرێکی تری سەربەست بە ناونیشانی (کە مردم) بڵاودەکاتەوە.

لەڕاستیدا ئەم هەنگاوەی کامەران موکری لە نووسینی شیعری بێ کێشو سەروا داهێنانێکی نوێو نامۆ بوو بە تاقیکردنەوەی شیعری کوردی. بەڵام نەیتوانی درێژەی پێ بداتو خۆی بچەسپێنێو بەردەوام بێ لەسەری.

نوری وەشتی یەکەم بەرهەمی شیعری بەپێی چەمکەی سەربەستو داماڵراو لە کێشو سەروا لە ساڵی ١٩٥٣ شیعرێکی بە ناونیشانی (تاریکی) لە سێ ژمارەی یەك لەدوای یەکی (١١٦٧، ١١٦٨، ١١٦٩)ی ڕۆژنامەی ژین بڵاودەکاتەوە کە ئەمە سەرەتاکەیەتی:

شەوە تاریکی باڵی ڕەشی درێژ
کردووە
سنگی زۆر بەهێز داکوتاوە
چنگەکانی لەملاولەولای خۆی
گیرکردووە

دانەکانی وەك دڕندە دەرپەڕیووە
بە چاوی زەقەوە ئەڕوانیٚ
ئەڕوانیٚ لە دوورو نزیك
لەسەروبنی هەموو ڕێگایەك
لەسەر چڵی هەموو،
دارێك
لەبن بەردو بەناو پاسارەکان
زۆر تیژ ئەڕوانیٚ

لە ١|٢|١٩٥٥ دووەم شیعری سەربەستی خۆی (چۆن گەنجێکم) لە ژمارە (١٢٧٤)ی ڕۆژنامەی ژین بڵاودەکاتەوە. لەبارەی ئەم شیعرەوە حسێن عارف وتارێك بەناونیشانی (قوتابخانەی شیعری تازە) ئەنووسیٚو تیایدا تێڕوانینی خۆی بەچڕی لە بارەی شیعرەکەوە گەڵاڵە دەکاتو دەڵیٚ "پارچە شیعرەکەی کاك وەشتی سەرەتای دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیەیە لە شیعری کوردیدا" لە ڕاستیدا بۆچوونەکەی لە ڕوانگەی قوتابخانەی نازکو هاوڕێکانیەوە گەڵاڵە کردووە، نموونەی شیعری سەربەست لەو قوتابخانەیە هێشتا هەر پابەندی کێشو سەروان، بەڵام ئەم دەقەی وەشتی داماڵراوە لە کێشو سەروا.

یەکێکی تر لەو شاعیرانەی کە بۆتە جێگای سەرنجی ڕەخنەگران (کامل ژیر)ە، کە هەر لە پەنجاکاندا بە شیعری نویٚ دەستی پێکردو لەم بوارەشدا کۆمەڵێك شیعری نووسیووە کە خۆیان بە هەردوو چەمکەکەی شێوازی شیعری سەربەست دەنوێنن وەك ئەوەی هەندێکیان بیٚ کێشو سەروانو هەندێکی تریشیان کێشو سەروادارن هەروەکو خۆشی لە پێشەکی یەکەم کۆمەڵە بەرهەمێکیدا ئاماژەی پێدەکاتو دەڵیٚ ((ئەم کۆمەڵە هەڵبەستەی من لێرەدا پێشکەشتانی دەکەم لە هەموو جۆرەکانی هەڵبەستی تازەی تێدایە، من تا ئێستا جۆرێکی تایبەتیم نەگرتووە بۆ هەڵبەست وتن))[٨٥].

بەپێی وتەکانی خۆی ژیر لە نووسینی شیعردا لەسەر یەك شێواز نەگیرساوەتەوە لە هەردوو جۆرەکەی شیعری سەربەست تاقیکردنەوەی شیعری هەیە. لە یەکەم کۆمەڵە بەرهەمەکەیدا ئەم دەقانەی (کەشتێك، دوانامە، بۆ گوڵی ئاواتم، سپڵە) بەبیٚ کێشو سەروا بنیات ناوە. دەقەکانی تریشی بە پابەندبوون بە کێشو سەروا نووسیووە، بەڵام ژیر لەدوای ئەو کۆمەڵە بەرهەمەیەوە نەچۆتەوە سەر شێوازی شیعری بیٚ کێشو سەروا، بەجۆرێك بەتەواوی وازی لێهێناو لێیان پەشیمان بۆتەوەو دواتریش کە دووبارە بڵاویانی کردەوە لەسەریانی نووسی پەخشان، بەڵام زیاتر ڕووی لەو ڕێچکەیە کرد کە لە ئەدەبی عەرەبیدا هاتە کایەوە ئەویش پەیڕەوکردنی کێشو سەروا بوو لە نووسینی شیعر، بەڵام بە شێوازێکی نویٚ کە شاعیر بە ئارەزووی خۆی یاری بە کێشە باوەکان دەکاتو هەندیٚ جاریش پابەندی سەرواش نابیٚ.

کامل ژیر دەڵیٚ "ئەگەر لە مێژووی تازەی وێژەی کوردیشماندا بۆ سەرەتا ئەو دیاردەیە بگەڕێنو ئەوە بە شانازی بزانینو ناوی بنێین تازەکاری، یان سەرەتای دەستپێکردنی هەڵبەستی سەربەست، ئەوا لە پەنجاکاندا خاوەنی ئەم دێڕانەو چەند هەستیارێکی هاوتەمەنی ئەو، وەك مامۆستا حسێن عارف دەڵیٚ: "کامەرانو دەشتیو ژیر" هەندێك هەوڵدانیان هەیە لەوبارەیەوە، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم ئەو هەوڵدانانەی لەسەر بنچینەی وازهێنان بوو لە کێشو سەروا، ئەوا نەك هەر بە تازەکارییان دانانێم، بەڵکو بە گەڕانەوەیەکیشیان ئەزانم بۆ دواوە لە هەڵبەستدا . لەبەرئەوە من هەرزوو وازم لەو ڕەوتە هێناو گەڕامەوە سەر کێشو سەروا، بەڵام بەشێوەی کۆنە دەقگرتووەکە نا، بەڵکو بەجۆرێکی تازەو گۆڕاو".[٨٦]

لەم وتارەی خۆیەوە چەند ڕاستییەکمان بۆ ئاشکرا دەبیٚ بەکورتی سەرنجی خۆمانیان لەبارەوە دەخەینە بەردەست. ژیر لەسەرەتای تاقیکردنەوەی شیعری خۆیدا باس لەوەدەکات کە لە نووسینی شیعردا هەوڵی نوێگەری هەیەو شانازیشی پێوە

دەكات كە بریتی بووە لە پابەندنەبوون بە كێش‌و سەروای شیعرییەوە كە ئێستاو دوای ماوەیەك بەسەر ئەو هەوڵانەیدا بە تازەكاری دانانێت، بەڵام ناتوانێت ئەو ڕاستییە بشارێتەوە كە چەند دەقێكی بەم چەمكە نوێیەی شیعر بنیات ناوە كە بۆ خۆشی ناوی هەڵبەستی سەربەستی لێناوە. بەلای ئێمەوە ئەو هەوڵانەی ژیر وەكو یەكەم هەنگاو بۆ نووسینی شیعر بە چەمكەكەی ئەوروپا بناغەو دەستپێشكەرییەكی پڕ بایەخە بۆ قۆناغە ئەدەبیەكەو بزافی نوێگەری كوردی كەچی شاعیر لێیان پەشیمان دەبێتەوە بەتەواوی واز لەو ڕێچكەیە دەهێنێت‌و ڕوو لەو ڕەوتەی تری نوێگەری دەكات كە شاعیر پابەندی كێش‌و سەروا دەبێت، بەڵام بەشێوە كۆنەكە نا، بەڵكو بەوجۆرەی كە گۆڕانكارو دەستكاری لە كێشی خۆماڵی (بڕگەیی)و سەروای یەكگرتوودا كراوە، كە لە باسەكانی دواتردا دێنە سەر ئەم ڕەوتە لای كامل ژیر.

بەڵام نموونەی شیعری سەربەست بە چەمكەكەی ڕۆژئاوا لای هەر لە یەكەم كۆمەڵە بەرهەمەكەیدا دەنگی داوەتەوە بۆ سەلماندنی بۆچوونەكانمان‌و وتەكانی خۆی لەبارەی شیعری سەربەستەوە ڕوو لەو بەرهەمانەی دەكەین كە خۆی بە شیعری بێ كێش‌و سەروا ناوی بردوون‌و هەر خۆشی ئەم شیعرانەی بە شیعری سەربەست ناوناوە كە بۆخۆی ناولێنانێكی ڕاستەو دروستە نەك دواتر كە ئەم دەقانە بڵاودەكاتەوە لەسەریان دەنووسێ پەخشان.

كامل ژیر لە دەقی (گەشتێك)دا كە نموونەی شیعری سەربەستە بە چەمكی ڕۆژئاوا دەڵێ:

ئێوارەیە
زەردەی زێڕینی ڕۆژی دەم كەل
لاگیرەی سەری لوتكەی كێوانە
درەوشانەوە
شنەو شەپۆلی شەماڵ
ئەدات لە گیاو گوڵاڵەی چیمەن
لە دركی قەدپاڵ
لە پەلەی تەرسیل
لە چرۆچۆڵی ئەرخەوان
چۆپی‌و سەرمایە، ئاهەنگ گشتە
بوكیش سرووشتە[87]

ئەم دەقە كە هی سەرەتای ساڵانی پەنجاكانە بەو شێوازە نوێیەی شیعری سەربەست نووسراوە كە داماڵراوە لە كێش‌و سەروا لەكاتی خۆیدا سەرنجی لێكۆڵەرانی بۆلای خۆی ڕاكێشابوو بەجۆرێك كە كەسێكی وەكو حسێن عارف شاعیرێكی نوێگەری قۆناغەكە ناوی بهێنێت وەك دیارە تا ڕادەیەكیش كاریگەری لەسەر ڕەوتی شیعری نوێی قۆناغە ئەدەبییەكە هەبووە. هەروەها كۆمەڵە دەقێكی تریشی وەكو (دوانامە، گەشتێك، بۆگوڵی ئاواتم، سپڵە لە دیوانی نازەنین)دا كە لە نازەنین لە ١٩٥٨ بڵاوبۆتەوە لەسەر هەمان شێواز نووسراون كە كێش‌و سەروایان تێدا نیە لە شیعری (بۆگوڵی ئاواتم) دەڵێ:

لەگۆشەیەكی تاریك‌و نوتكدا گیرماوم
بەهەرلادا ئەڕوانم
گوێ هەڵدەخەم
دەنگێك نیە بۆ دڵەی هەناوبڕاوم
ئەو بایەی پێی ئەژیام

ئەو بۆنەی مێشکی ئەکردەوە

ئەو چرایەی ڕێی ڕوون ئەکردەوە

ئێستا لێی برراوم[٨٨]

بەم پێیە شیعری سەربەست بە چەمکە ڕۆژئاواییەکەی لە شیعری کوردیدا تاك تاك بووەو لە پەنجەی دەست تێنەپەڕیوە. جگەلەوەش لای شاعیران‌و تەنانەت ڕەخنەگرانیش ئەم تاقیکردنەوە نوێیەیان بەهەڵە بە شیعری پەخشانی لەقەڵەم داوەو، هەندێ جاریش بەهەڵە دەقێك جارێك بە شیعری سەربەست‌و جارێکیش بە شیعری پەخشانی لەقەڵەم دراوە. سەرەڕای ئەوەی هیچ جیاکارییەکان لەنێوان شیعری سەربەست بە چەمکە ئەورووپییەکەی‌و چەمکە عەرەبییەکەی نەکردووە لەکاتێکدا سیمای هەرە دیاری سەربەستی ڕۆژئاوا ئەوەیە کە شاعیر پابەند نەبێ بە کێش‌و سەرواوە، بەڵام سیمای هەرە دیاری سەربەستی عەرەبی ئەوەیە شاعیر پابەندە بە کێش‌و سەرواوە، بەڵام بە چەمکە کۆن‌و تەقلیدیەکەی نا بەڵکو بەشێوەکەی تر کە شاعیر ژمارەی پێی کێشەکان بە ئارەزووی خۆی دابەش دەکات، بەڵام بە سیستەمێکی دیاریکراو واتە ژمارەی پێیەکان لە دێڕەکەوە بۆ دێڕێکی تر بە نایەکسانی دابەش دەبێت‌و هەر بۆیەش درێژی‌و کورتی دێڕەکان لەم جۆرە شیعرەدا بە ئاشکرا دیارە. جا ئەوەی جێی سەرنجە شیعری سەربەست داماڵراو لە کێش‌و سەروا لای هیچ کام لەو شاعیرانەی ناومان بردن نەچەسپاو نەبوون بە ئەزموون. ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ئەوەبوویێت کە تا ئەو سەردەمە خوێنەرو تەنانەت شاعیرانیش هێشتا هەر چێژیان لەو جۆرە شیعرانە وەردەگرت کە پەیڕەوی کێش‌و سەروا دەکەن‌و بایەخ بە مۆسیقای دەرەکی دەدەن نەك ریتمی ناوخۆیی، بەڵام بەرەی نوێگەری‌و چێژی ریتمی نوێ سەرەڕای ڕێگرییەکان هەر بەرەوپێشەوە هەنگاویان دەناو داهێنەرانی ئەم بوارە ڕەوت‌و ڕێڕەوی شیعری سەربەستیان بە داماڵینی کێش‌و سەروا لەنێوان ململانێی کۆن‌و نوێدا بە یەکجاری یەکالاکردۆتەوە. لە سالانی هەفتاکاندا بەیەکجاری بناغەی ئەم جۆرە شیعرە لەلایەن شاعیری داهێنەر لەتیف هەڵمەتەوە دادەنرێت‌و بەم هەنگاوەش شیعری کوردی پێدەنێتە ناو قۆناغێکی تازەوە.

هەروەك زۆربەی لێکۆڵەرانیش پێش ئێمە گەیشتوون بەو ڕاستییەی کە یەکەم شاعیر لەدوای قۆناغی گۆران هەوڵی نوێگەری دابێت‌و شیعری بەتەواوی لە کێش‌و سەروا داماڵیبێ هەروەکو ئەوەی لای ڕۆژئاوا ڕوویدا (لەتیف هەڵمەت)ە، کە بە (١٦) دەقی شیعری داماڵراو لە کێش‌و سەروا لە یەکەم کۆمەڵە بەرهەمی بەناوی (خواو شارەبچکۆلەکەمان) کە لە ١٩٧٠ بڵاوبوویەوەو بناغەی ئەم جۆرە شیعرەی لە بزافی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا دامەزراندو لەو ساڵەشەوە بوو بە مۆدێلێکی تازە داهێنراوی چەسپاو لە دنیای شیعری کوردیدا. بەم کارەشی ئەوەی سەلماند کە شاعیرانی کوردیش‌و زمانی کوردیش لە تواناییدایە بەو چەمکە نوێیە شیعرەکانیان بنیات بنێن. دیارە هەروەکو شاعیران خۆیشیان ئاماژەیان پێکردووە، سوودیان لەو هەوڵەی نوێگەری شاعیرانی عەرەبی وەرگرتووە کە بەرهەمەکانیان لە گۆڤاری شیعرو گۆڤاری ٦٩ی شیعر بڵاوکردۆتەوە بە شێوازێکی تازەو نوێ کە ناویاننابوو شیعری پەخشانی کە بەهەڵە ئەم ناوەیان بۆ ئەوجۆرە شیعرە بەکاردەهێنا.[٨٩]

بەم پێیە لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە شیعری سەربەست بە چەمکەکەی ڕۆژئاوا دەبێتە بنەمایەك‌و تەنانەت پێوەرێك بۆ نوێخوازی کە لە ڕێگەی شاعیرانی نوێخوازی کفری‌و هەندێ لەو شاعیرانەی لە گۆڤاری ڕوانگەدا دەیاننووسی ئیتر شیعری سەربەست بە تەواوەتی جێگەی بە شیعری ستونی‌و هیجایی شێوازی گۆران چۆڵ دەکات.[٩٠]

دیارترین سیمای ئەو دەقە شیعرییانە ئەوەیە کە داماڵراون لە کێش‌و سەروا، چەمکی دێڕ تێکشکاوەو جەخت دەکاتە سەر جۆرێك ریتمی تایبەت کە پێی دەوترێت ریتمی ناوخۆیی، سەرچاوەکانیشی بیت‌و دەنگ‌و وشەو ڕستەی شیعری‌و کۆپلەیە. هەندێکجاریش سەروای ناوەوە کە لە دووبارەکردنەوەی دەنگی وشەکانی دروست دەبێ.

لەم جۆرە شیعرانەدا وێنەکانو دەربڕینەکان چڕو دەوڵەمەندنو ڕەهەندی قوڵو فرە لەخۆیان هەڵدەگرن، کە دوورە لە شەرحی مەنتیقیو درێژدادریی بەڵکو کورتو چڕەو جەخت دەکاتەوە سەر چوارچێوەیەكو بەدوای فۆرمێکی تەواوبوودا دەگەڕێت. ئەم شیعرە هەروەکو شیعری سەربەستی عەرەبییە کە لەسەر لاپەڕە شێوازێکی پەیژەیی هەیەو واتاکان دێڕەکان دەست نیشان دەکات.

(لەتیف هەڵمەتو هاوڕێکانی هەر لە سەرەتاوە دەستیان کردبوو بە خوێندنەوەی بەرهەمی شاعیرانی نوێخوازی عەرەبی، ئەوانەی لە گۆڤاری (شیعر)ی لوبنانیو گۆڤاری (الکلمە) بڵاودەکرانەوە، دواتریش گۆڤاری شیعری ٦٩ی عێراقیو هەروەها گۆڤاری (المعلم الجدید) کە شیعری مایکوفسکیو بۆ دلێرو مالارمیەو هۆگۆو نازم حیکمەتو شاعیرانی تری نوێخوازی جیهانیان تیا بڵاودەکرایەوە. دوای سوودوەرگرتنو دەوڵەمەندکردنی بەهرە شیعرییەکانیان بڕیاریان دا لە بازنەی شیعری باوی کوردیو ڕێچکەی شیعری گۆران دووربکەونەوە. بەتایبەتی هەڵمەت هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی کێشو سەروای شیعری داو لە کێشی هیجاو بڕگەش یاخی بوو).[٩١]

کەواتە یەکێك لە سیماکانی پرۆسەی نوێگەری لە هەفتاکاندا کە لەتیف هەڵمەت یاخود گروپی کفری (فەرهاد شاکەلی، لەتیف هەڵمەت، ئەحمەد شاکەلی..) ئەفراندیانو پەرەیان پێدا شیعری سەربەست بوو بەو چەمکەی کە لای ڕۆژئاوا پەیڕەو دەکرا. لەدوای ئەو کۆمەڵە بەرهەمەی ئەو گروپەوە شیعری سەربەست بوو بەشێوازێکی هەرە دیارو باوی قۆناغی شیعری کوردی هاوچەرخ. سەرجەمی ئەو شیعرانەی کە بێ کێشو سەروان هەڵمەت لە دیوانی یەکەمی (خواو شارە بچکۆلەکەمان)دا بڵاوی کردۆتەوە، کۆمەڵە دەقێکی سەرکەوتوونو تەکنیکی تازەگەرییان تێدایە بەتایبەتی (شیعری ئەم کولەکانە ئەشکێنم، لە باوکێکی کلیل ونبوو، مردن لە کوێی شەوایە، لقی هەتاو، پەیکەرێك بۆخۆم ئەتاشم..)

سەرجەم ئەو دەقانەی بەم شێوەیە نووسراوە ١٦ دەقە کە لەڕووی فۆرمو ناوەڕۆکەوە زۆر جیاوازن لە شیعرەکانی تریو تەنانەت شاعیرانی تری دەوروبەری ئیتر لەدوای ئەم کۆمەڵە شیعرەوە بەتەواوی ئەو ڕێچکەیەی گرتو وازی لە شیعری خۆماڵیو ستوونیو تەنانەت کێشی بڕگەیی سەربەست هێناو ڕووی لە شیعری بێ کێشو سەروا کرد.بەم پێیە ((لەسەر دەستی لەتیف هەڵمەت بۆ یەکەمجار شیعری سەربەست لە تاكو قلەوە بوو بە ئەزموونو بەرەبەرە پەرەی سەندو دیمەنی شیعری کوردی داگیرکرد))[٩٢].

ئەم کولەکانە ئەشکێنم
ئەمە باوەڕی منە
ئاگرەکەم ناتوێتەوە
تەمەنی من بڵێسەیەکی
بێ خۆڵەمێشە
پەرستگاکان ئەڕووخێنم
وشەکانم ئاوێتەی ڕەگی زەوی ئەکەم[٩٣]

بنیاتی ئاوازەیی ئەم دەقە وەکو شیعرە باوەکان نییە، بەڵکو شێوازێکی تەواو سەربەستەو پابەندی کێشو سەروا نابێت. لەبری ئەم دوو ڕەگەزە گرنگی بە ریتم دەدات کە مۆسیقای وشەکانو ئاوازی دەنگی پیتەکان لە دووبارەبوونەوەیانو وەستانو دەربڕینەکاندا ئەو ئاوازە دروست دەکات. هەربۆیە ریتمی ئەم جۆرە لە شیعر زۆر جیاوازە لە ریتمی شیعری ستونیو ئەوانەی بە کێشی بڕگەیی دەستکاریکراو نووسراون. سیمای دیاری ئەم جۆرە لە شیعر بریتیە لە دووبارەکردنەوەی دەنگو (پیت)و وشەو ڕستەو کۆپلە لە بنیاتی شیعرەکەدا بۆخۆیان دەبنە سەرچاوەی دروستبوونی ریتمی شیعرەکە[٩٤].

لەڕاستیدا لە هەفتاکانەوە شان بەشانی شیعری سەربەستی تەواو جۆرێکی تری شیعری سەربەست بە چەمکەکەی نازك الملائکە لای شاعیرانی قۆناغەکە تەنانەت لای ئەو شاعیرانەی کە شیعری بێ کێش‌و سەرواشییان دەنووسی لە ئارادابوو. هەربۆیە ئەم دوو جۆرە لە شیعر لەپاڵ شیعری پەخشانیدا سیمای دیاری شیعری ئەو قۆناغەو دواتریش بوو. هەرچەندە بەهەڵە شیعری بێ کێش‌و سەروایان ناونابوو شیعری پەخشانی‌و شیعری کێش‌و سەرواداریان بە چەمکەکەی نازك ناونابوو شیعری سەربەست‌و لە ڕاستیدا لای عەرەبیش ئەم ناولێنانە بۆ ئەوجۆرانەی شیعر بەهەڵە بەکارهێنراون‌و هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە ئەو هەڵەیە لای ئێمە دووبارەبۆتەوە.

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو شاعیرانەی کە شیعری کێشداری کراوەشیان دەنووسی‌و زۆرینەبوون وردە وردە کەوتنە نووسینی شیعری سەربەست. ئەمەش بۆخۆی ماوەیەکی ویست، هەرچەندە کەسانێ هەن هەتا ئێستاش بە کێشەوە لکاون، بەڵام ئێستا لە دیمەنی گشتی شیعری کوردیدا لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنیك‌و فراوانبوونی کەرەستەدا جۆری ریتمی سەربەست زاڵە.[٩٥] مەبەست لە ریتمی سەربەست ئەوەیە کە شاعیران پابەندی کێش‌و سەروا نابن.

## بەشی دووەم :

## تەوەری دووەم :

## ڕێڕەوی شیعری سەربەست بە چەمکەکەی نازك مەلائیکە لە ئەدەبی کوردیدا

لەم تەوەرەیەدا لەو ڕاستییەوە دەچینە ناو باسەکەمانەوە کە هەوڵەکانی پرۆسەی نوێگەری تەواوکەری یەکترین‌و ناشتوانرێ لەیەکیان دابڕین، هەربۆیە پێمان وایە هەوڵەکانی نوێگەری کە لە تەوەری پێشووتردا ئاماژەمان پێکرد تەواوکەرو هەڵقەی بەیەکەوەبەستنی ئەم هەوڵە نوێگەرییەیە کە بەسوودوەرگرتن لە پرۆسەی نوێگەری شیعری عەرەبییەوە زەمینەی بۆ ڕەخساوەو نەش‌ونمای کرد.هەروەها گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە شیعری کوردی لەدوا وێستگەدا لەسەر نووسینی شیعری سەربەست بە چەمکی ڕۆژئاوا لە حەفتاکاندا بەتەواوی چەسپاو تا ئەمڕۆش لەپێشکەوتندایە.

جا ئەوەی لەم تەوەرەدا دەمانەوێ باسی بکەین مەسەلەی شیعری سەربەستە لە ئەدەبی کوردیدا بەو چەمکەی کە نازك الملائکە لە ئەدەبی عەرەبیدا هێنایە ئاراوە لەڕاستیدا هەروەك چۆن لە ئەدەبی عەرەبیدا چەمکی هۆنراوەی سەربەست بەهەمان چەمکی زاراوە ڕۆژئاواییەکە بەکارنەهێنراوە، بەهەمان شێوە لە ئەدەبی کوردیشدا ئەم چەمکە بەشێوەیەکی جیاواز لە چەمکە ئەوروپییەکەی بەکارهێنراوە. ((چونکە هۆنراوەی سەربەست لەهەردوو ئەدەبەکەدا وەرگێڕانێکی وشە بە وشەی زاراوەیەکی ڕۆژئاواییەکەی ئینگلیزی‌و فەرەنسییە. لەم دوو ئەدەبەدا سەربەستیەکە واتای سەربەستی لە بەکارهێنانی پێیەکانداو سەربەستی لەخۆنەبەستنەوەی هۆنراوەیە بە بەیتەوە دەگەیەنێت نەك سەربەستی لە داماڵینی ئاوازی دەرەوەی هۆنراوە))[٩٦].

بەشێوەیەکی گشتی هەروەك چۆن لای زۆربەی لێکۆڵەران‌و ڕەخنەگران ئەوە ڕوون بۆتەوە کە شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا بەهەمان چەمك بەکاردەهێنرێت کە لە ئەدەبی عەرەبیدا بەکارهێنراوە هەربۆیە لای حسین عارف هەرزوو لە (١٩٥٥)ەوە بە وتارو لێکۆڵینەوە دەرگای ئەم باسەی بۆ چەند جارێك کردۆتەوە. هەوڵیداوە سیماکانی شیعری تازەی کوردی دەستنیشان بکات بەتایبەتیش ئەوکاتەی لەڕێگەی سەرنجدانی لە بزافی نوێخوازی شیعری عەرەبییەوەو ئەوەی لەبارەیەوە دەنووسرا، کەوتەخۆی بۆ گەڕان بەدوای هەوڵی نوێخوازی لە شیعری کوردیدا بەتایبەتیش نموونەی لە شیعری (کامەران‌و نووری‌و دەشتی‌و کامیل ژیر) تێدا دەدی. هەر لەیەکەم وتاریداو لە دیاریکردنی شیعری نوێدا ئاماژە بەوەدەکات کە

پەیڕەوکەرانی قوتابخانەی شیعری تازە (خۆیان بەتەواوی لە وەزن‌و لە قافیەش ڕزگارکردووە. مەبەستیش لەم ڕزگاربوونە، بایەخدانە بە مانای شیعرەکە زیاتر لە شێوەکەی)[97]. دیارە مەبەستی نووسەر لە ڕزگاربوون لە کۆتی کێش‌و سەروا بە واتا تەقلیدییەکەی نەك وازهێنان لێیان بەتەواوەتی. چونکە هەرخۆی لەجێگایەکی تردا دەڵێ ((لەکاتێکدا لە هۆنراوەی نوێدا لەسەرەتاوە تا کۆتاییەك بەدوای یەکدا دێن‌و یەکتر تەواو دەکەن ئەمەش بەهۆی ڕزگاربوونییەوە لەو کۆت‌و زنجیرەی وەزن‌و قافیەو گوێدانی بەمانا زیاتر لە شێوە تا ئێستاش زۆر لەوانەی دوورەپەرێز وەستاون لە هۆنراوەی نوێ وادەزانن مەبەست لە خۆڕزگارکردن لە کۆت‌و زنجیرەی وەزن‌و قافیە وازلێهێنانیانە بەتەواوی بێگومان بەهەڵەچوون، چونکە لەبارەی وەزنەوە هۆنراوەی نوێش هەر لەسەر ئەو بەحرانە دەوترێت کە هۆنراوەی کۆنی لەسەر دادەڕێژرێت بەڵام تەنیا هێندە هەیە شاعیری نوێ بەئارەزووی خۆی یاری بەو بەحرانە دەکات‌و هەڵیان دەسووڕێنێت))[98].

لێرەدا مەبەستی لە شیعری نوێ شیعری سەربەستە کە پابەند نابێ بە کێش‌و سەروای کۆنەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی تر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات شاعیر بە سەربەستانە یاری بە بەحرەکان دەکات‌و هەڵیان دەسووڕێنێت لەبارەی سەرواشەوە لە شیعری سەربەستدا دەڵێ ((خۆی لەو کۆتەش ڕزگار دەکات کە لەسەرەتاوە تا کۆتایی هەر بەیەك قافیە بێتەوە وە یاخود تێکەڵکێش وەیا جووت بگیرێ بگرە شاعیر بۆی هەیە بەئارەزووی خۆی ئاڵوگۆڕ بە قافیە بکات))[99]. بەم پێیە لەو بۆچوونانەی خرنەڕوو دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە شیعری سەربەست بەلایەوە ئەوەیە کە لەسەر وەزنی یەکپارچەیی دەڕواو پابەندیش نابێ بە دەستووری کێش‌و سەروای کلاسیکییەوە، بەڵکو شاعیر سەربەستە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی کێشەکان‌و دەستە پێیەکانیان. تاکو شاعیر بتوانێ چی لەدڵابێ دەری ببڕێ، وە یەکیەتییەکیش بدات بە ماناکە پاراستنی یەکێتی ماناش سیمایەکی تری شیعری سەربەستە. بەگشتی ئەوشاعیرانەی کە بەلای حسین عارفەوە سەر بەم ڕێچکە نوێیەن ئەوانەن کە لەسەر بنەمای گرنگیدان بەپێی هەڵبەست‌و دەرچوون لە سنووری دوو بەیتی، دێڕی شیعرەکانیان بنیات ناوە.

هەروەکو نموونەی هەندێ شیعری (گۆران‌و کامەران موکری‌و دیلان‌و نووری وەشتی‌و کامیل ژیر)دا ڕەنگی داوەتەوە. کە بەلایەوە (نووری دەشتی) لە دەقی (چۆن گەنجێکم) بناغەی ئەم قوتابخانە تازەیەی دامەزراندووە:

بەڵێ گەنجم

خاوەنی مێشك‌و بازووی ڕەنجم

ژیانم لاخۆشەویستە

کامەرانیم پێویستە

ئەمەوێ شادمان بم

جوان وەك خۆری بەیان بم

بەڵام هەرهەنگاوێك

هەر تاوە ناتاوێك

تارمایی مردن

لەبەردەمما ئەکەوێتە سەماکردن[100]

وەك دەبینرێ ئەم کۆپلەیە لەسەر کێشی برگەیی سەربەست‌و سەروای هەمەڕەنگ بنیات نراوە، کە بەلایەوە مژدەی لەدایکبوونی ئەو هۆنراوە نوێیەمان دەداتێ کە ئێمە مەبەستمانەو لێی دەدوێن. هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە کامەران موکری لەنێو ئەوانەی کە شیعری سەربەست دەنووسن زیاتر سەرکەوتووترە. هەربۆیە دەڵێ ((کامەران نزیکترین شاعیرامانە لە هۆنراوەی نوێوە، هۆنراوەی نوێ بەمانای هۆنراوە سەربەست (حر) بەرەڵا (مطلق).))[101]

مارف بەرزنجیش لە ڕوانگەی هەمان چەمکەوە ڕای خۆی لەبارەی شیعری نوێوە بەم شێوەیە دەردەبڕێت ((شاعیرو بوێژانی ئەم سەدەی بیستەمە کۆتو زنجیری کۆنیان شکاندو قاڵبێکی تریان دروست کردو وازیان لە قافیە هێناوەو وەزنیان بە چەشنێکی کە هەڵسوڕان جاران وەزن لەسەر کەرتە شیعر دائەمەزرا ئەمڕۆ لەسەر (تەفعیلە) دائەمەزرێ گوێ نادرێتە کورتو درێژیی کەرتەکانی شیعر بەڵام مۆسیقا ئەپارێزرێ ئەویش بە لانەدان لە وەزن. بەم بۆنەیەوە ئەتوانم بڵێم هەر چەند پارچە شیعرێکمان هەیە لە کوردستانی عێراقدا کە شیعری تازەی پێ بوترێو ئەم مەرجانەی تیا بەجێهاتبێ کە بریتییە لە یەکێتی هەڵبەستو دامەزراندنی وەزن لە تەفعیلە ئەو پارچانەش (بت بتەوان، شۆڕشگێڕ)ی گۆرانو (ڕێگای خەباتی)ی دیلانە))[١٠٢].

بە گشتی بۆچوونی مارف بەرزنجی لەبارەی شیعری نوێوە هەمان دەستنیشانکردنی چەمکی شیعری سەربەستە لە ئەدەبی عەرەبیدا. کەواتە ئەم جۆرەشیعرانە سەرەڕای ئەوەی کێشو سەروای تێدایە بایەخی زیاتر بە مۆسیقا دەدات.

یەکێ لەو شیعرانە بەلای نووسەرەوە بە شیعری سەربەست دانراون پابەندی کێشو سەروای کۆن نەبووەو لە سنووری بەیتی دوو دێڕیی دەرچوونو لەسەر بنەمای گرنگیدان بەپێی (تەفیعلە) بنیات نراون شیعری ( بت بتەوان )ی گۆرانە:

| | |
|---|---|
| ڕابووردوو | ٣ |
| هەبوو نەبوو | ٤ |
| سەردەمی زوو | ٤ |
| بت بتەوان | ٤ |
| پیرە شەیتان | ٤ |
| بت دروستکەر | ٤ |
| بتەوان گۆشدەر | ٥ |
| بت پەرستی بە ئاینکەر | ٨ |
| ڕەگ داکەوتووی ئیمریالیت | ٨ |
| خوێن مژی ئاسایش نەویست | ٨ [١٠٣] |

گۆران لەو دەقەدا چوار کێشی بڕگەیی بەکارهێناوە کە بریتین لە کێشی (٣، ٤، ٥، ٨). ئەوەی زیاتر زاڵە بەسەر دەقەکەدا کێشی هەشت بڕگەییەکەیە کە بەدەستەپێی جیاواز بنیاتی ئاوازەیی دەقەکەی پێکهێناوە. هەروەها چەمکی بەیتی دوو دێڕیی تێکشکاوەو دێڕی شیعری لەسەر پێ دامەزراوە.

(د.دڵشاد عەلی)یش باس لەم جۆرە کێشە دەکاتو پێی وایە ئەم کارە هەنگاوێکە لە هەنگاوەکانی هۆنراوەی سەربەست، چونکە شاعیر لە هەندێ شوێندا سنووری بەیتی دوو دێڕیی شکاندووەو کێشەکەی لەسەر دێرو پیتی جیاواز دامەزراوە. شیعری (بەستەی دڵدار)ی بە نموونە هێناوەتەوە.[١٠٤]

گۆران لە چلو پەنجاکاندا کۆمەڵێك دەقی بەم شێوازی نووسیوە کە هەموو ئەو مەرجانەی تێدایە کە لە شیعری تازەدا بەو چەمکەی کە حسین عارفو مارف بەرزنجیو عەبدولڕەزاق بیمار دەستنیشانیان کردووە وەکو (گوڵی خوێناوی، بەستەی دڵدار، ئاهەنگێك لەناو ڕان، کوردستان، جیلوەی شانۆ، ئاواتی دووریی، خۆزگەم بە پار، ئەنجامی باران، شۆڕشگێڕ، بتو بتەوان، گۆرانی لاوانی جیهان، گۆرانی دەنکە گەنم، پیتەرلۆتی، ماکارتی، دانە دانە، مارشی ئاشتیخواز، پشیلەکەم، ساوای ئاشتیخواز).

عەبدولرەزاق بیماریش هەمان بۆچوونی هەیە بۆ شیعری سەربەست کە دەڵێ ((دەبێ زۆرچاك لەوە بگەین کە هەڵبەستی سەربەست وازی لە عەرووزو بەحرەکانی خەلیل نەهێناوە، بەڵکو هەر هەڵبەستێك دەتوانرێ بە پێوانەی عەرووز بپێورێتو جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە دێڕە هەڵبەستێکی شێوەی کۆن ئەگەر (رەمەڵ) بێت بە نموونە ٨ پێی (فاعلاتن)ی تێ دەبێت. بەڵام لە هەڵبەستی سەربەستا دێڕ (بەیت)، کە بریتی نییە لە دوو نیوەدێڕ کە شاعیران پێی دەڵێن، بەڵکو بریتییە لە چەند نیوەدێڕێك لە دوو تا شەش‌و حەوت هەموویان بیرو مەبەستێك دەردەبڕن ئەم چەند نیوەدێڕانە لە کۆپلەیەکدا کۆدەبنەوە، هەریەکە ژمارەیەك تەفعیلەیان تێدایە هی وا هەیە یەك پێی (فاعلاتن)و هی وا هەیە دوو یان چوار یان سێ بەپێی ڕیزکردن‌و هاوڕێکیی لەمەدا ڕێکەوتو پێویستی دەربڕین‌و پشوودان دەوردەگێڕن، پاشبەندیشیان هەروەها ڕێکەوتەو هیچ یاسایەك ڕیزیان ناکات زۆرجاریش کۆپلەیەك بەبێ پاشبەندە))[١٠٥]. لەم بۆچوونانەوە چەند ڕاستییەکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە کە شیعری سەربەست بەلایەوە ئەوەیە کە وازی لە کێشی عەروزیی نەهێناوە، بەڵام ئەوەی کە جیای دەکاتەوە ئەوەیە کە لێرەدا چەمکی دێڕ (بەیت) تێکشکاوە، کە بریتییە لە چەند نیوە دێڕێكو بەهەموویانەوە مەبەستێك دەردەبڕن، پێی کێشە بەکارهاتووەکەش بەبێ هاوڕێکیی بەسەر ئەم نیوەدێڕانەدا دابەشکراوە سەرواشیان ڕێکەوتەو شاعیر بیر لە سەروا ناکاتەوە بۆیە زۆرجار کۆپلەیەك بێ سەروایە. ئەوەی جێی سەرنجە لەم بۆچوونانەی نووسەر ئەوەیە کە باسی کێشی بڕگەیی ناکات کە چۆن بەم شێوازە نوێیە ڕۆڵیان لە بنیاتی ئاوازەیی دەقی شیعری سەربەستدا دەبێ.

بەپێی ئەم چەمکەی کەبیمار دەستنیشانی کردووە زۆر بە کەمی شاعیرانی کورد شیعریان پێ نووسیووە. چونکە شاعیرانی کورد لە قۆناغی نوێخوازیداو هەر لە یەکەم هەنگاویاندا ڕوویان لە کێشی بڕگەیی کردو وازیان لە کێشی عەروزیی هێنا.

ئەو مامەڵە نوێیەش لەگەڵ کێشی بڕگەییدا بۆخۆی بووە مایەی سەرهەڵدانی شیعری سەربەست بەم چەمکە نوێیە. ئەو شیعرانەی کە بەلای بیمارەوە بە شیعری سەربەست دانراون بۆخۆیان لەسەر بنەمای گرنگیدان بەپێی شیعری بەڵام لە چوارچێوەی کێشی عەروزیداو دەرچوون لە سنووری بەیتی دوو دێڕی بنیات نراون، نموونەی دەقێکی شیعری گۆران بەناونیشانی (ئاخ هەزار ئاخ) کە لە بەحری (رەمەل)دا گوتوویەتی دەهێنێتەوە.

ئۆف هەزار ئۆف! ئاخ هەزار ئاخ! تاقیامەت ئاخو داخ

من کە سنگم بەردە، گهبعم بەرزە چەشنی شاخو داخ

من کە خوێنم ئاگرە

چوونە جۆشم حازرە

من کە مایەی فەخری تەئریخی بەرووم

تاقەڕەنگی ئابرووم[١٠٦]

ئەوەی لە دەقەکەدا کردوویەتی دەستکاری پێی کێشەکەیە کە کەرت کراون لەبری ئەوەی هەر بە چوار تەفعیلە بێتە خوارەوە، هاتووە دێڕەکانی دواتری لەسەر دوو تەفعیلەو سێ تەفعیلەیی نووسیووە، بەڵام گۆران هەر بەمەوە نەوەستاوە دوای ئەوەی وازی لە کێشی عەرووزی هێناو ڕووی لە کێشی بڕگەیی کرد دەستکاری لەو کێشە بڕگەییانەشدا کردو مامەڵەیەکی نوێی لەگەڵ کێش‌و سەروای بڕگەییدا هێنایە کایەوە کە بۆخۆی بووە مایەی سیمایەکی دیاری شیعری سەربەست، چونکە بەکارهێنانی دەستەپێی جیاوازی کێشەکان‌و تێکەڵکردنیان لە دەقێکدا سەربەستی تەواوی بە شاعیر بەخشی سەربەستانە بیروڕاو هەست‌و مەبەستی خۆی پتر دەربڕێ‌و بەم کارەش بەر بۆ داهێنانێکی هونەری واڵاتر دەبێ.

بەم پێیە بەلای بیمارەوە ((هەڵبەستی سەربەست لە چوارچێوەی عەرووزدا خۆی دەنوێنێت‌و لە دانانی ژمارەی (تەفعیلە) لە دێڕە هەڵبەستدا سەربەستەو کێشە جۆربەجۆرەکان عەرووزی تێدا بەکاردێت‌و ترپە لەسەر بناغەی پێ هەڵدەستێ نەك

دێ))[١٠٧]. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شیعری سەربەستی کوردی بەم چەمکە نوێیە بنیات نرابێ بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی زیاتر بە کێشی خۆماڵی نووسراوە بەو چەمکەی شاعیر سەربەستانە مامەڵە لەگەڵ کێش و دەستەپێی کێشەکەدا دەکات و پابەندیش نابێ بە سەروای یەکگرتووەوە. هەروەك لە چلەکانەوە لەم جۆرە شیعرەمان هەیە تەنانەت لەدوای هەفتاکانیشەوە بە شێوەیەکی گشتی شاعیران بەیەکجاری ڕوویان لە کێشی بڕگەیی دەستکاریکراو کرد.

کردنەوەی ڕێڕەوی شیعری سەربەست بە چەمکی نازك لە شیعری کوردیدا هەر بەو هەنگاوانە زەمینەی بۆ ڕەخساو دەرگای بە ڕوودا کرایەوە کە هەر لە سەردەمی گۆران خۆیداو لەسەر دەستی خۆی ئەم جۆرە شیعرەی ئەزموون کردووە. هەروەکو د.دڵشاد عەلی دەڵێ ((یەکێ لەو هەڵبەستانەی کە لەم ڕووەوە سەرنج ڕادەکێشێ هەڵبەستی (بەستەی دڵدار)ی گۆرانە کە بۆیەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٠ بڵاوکراوەتەوە هەڵبەستەکەشی بریتییە لە چەند کۆپلەیەك و تەنها کۆپلەیەکی لێ دەرچێت ئیتر ئەوانی تر سێ کێشی بڕگەیی تیادا بەکارهێنراوە کە کێشی حەوت و پێنج و هەشت بڕگەییە وەك لەم کۆپلەیەدا بەدی دەکرێ:

| | |
|---|---|
| نەباریکی نەگۆشتن | ٤+ ٣ |
| نەکچۆڵەی نەشا ژن | ٤+٣ |
| نەزۆر چاوڕەشی | ٥ |
| نەئێجگار گەشی | ٥ |
| بەڵام بە نیگای شیرین | ٥+٢ |
| نەمدی کەس | ٣ |
| وەك تۆ بەتین | ٤ |
| تۆیت و بەس | ٣ |
| لێت بێ بزەی مانگە شەوێ | ٤+ ٤ |
| بەژنی ڕێك و ڕەوتی کەوێ | ٤+٤))[١٠٨] |

وەك دەردەکەوێت هیچ یاسایەك نییە کە دەستەپێی کێشەکان بە هاوڕێکی بەسەر دێڕەکاندا دابەشبکات و بەڵکو پێیەکان کەرتکراون هەروەها (پێنج) جۆر کێشی بەکارهێناوە کە ئەمە بۆخۆی زۆر نوێیە و لەپێشتر تەنها یەك کێش و یەك دەستەپێی کێشەکە لە دەقێکدا بەکاردەهێنرا. لەبواری سەرواشەوە پابەندی سەروای یەکگرتوو نەبووە بەڵکو سەروای هەمەڕەنگ لە بنیاتی ئاوازەیی دەقەکەدا بەکارهاتووە. هەوڵەکانی گۆران بناغەیەکی گرنگ بوون بۆ سازدانی زەمینەیەکی لەبار بۆ شاعیرانی دوای خۆی کە بەرەو ئەم ڕێچکە نوێیە هەنگاوبنێن و لە نووسینی شیعردا پەیڕەوی بکەن. هەروەك لە پەنجاکاندا کۆمەڵێك شاعیری وەك (کامەران، دیلان، وەشتی، ژیر، ع.ح.ب، دلزار، کاکەی فەلاح..) چەندان شاعیری تریش بەرەو ئەم جۆرە لە شیعر هەنگاویان نا، بەڵام هەر بەتەواوی ڕێڕەوی خۆی نەگرت. ئەوەبوو لە دوای هەفتاکانەوە لەسەر دەستی کۆمەڵێك لە شاعیرانی لاو بەیەکجاری ئەم ڕێچکە نوێیەیان کردەوەو چەسپاندیان و ئێستاش لەلایەن هەندێ لە شاعیرانەوە پەیڕەودەکرێت.

هەندێ لێکۆڵەرو ڕەخنەگر لەپێش ئێمەدا باسیان لەوەکردووە کە نموونەی ئەم ڕێچکە نوێیەی شیعری سەرەبەست کەم و زۆر لای هەندێ لە شاعیرانی قۆناغی نوێگەری دەبینرێ وەکو (گۆران، دڵدار، بەختیار زێوەر، قەدری جان، کامەران موکری، دیلان، ع. ح. ب، کامل ژیر، نوری وەشتی، کاکەی فەلاح، دلزار،...)[١٠٩].

هەر لێرەوە کاتێك ئاوڕ لە بەرهەمی کامەران موکری دەدەینەوە ئەوا هەندێ دەقی شیعریمان بەرچاو دەکەوێ کە بەپێی هەمان چەمکی شیعری سەرەبەست نووسراون. کە کێشدارنو سەرواشیان هەیە، بەڵام گۆڕانکارییان تێداکراوە، یەکێتی بەیت تێکشکاوەو لەجیاتی ئەوە دێڕ یا ڕستە جێگای دەگرێتەوە ئەمەش کۆپلەیەکە لە شیعری (ئەی کچە شوان)[110] ەکەی.

ئەی کچی شوان ٤

هەڵاڵەیی ٤

ئەی کەنیرەی کەژی کوێستان ٤+ ٤

بەشێنەیی ٤

نەرمو نیان ٤

بە ئاوازی شمشاڵەکەت ٤+ ٤

بەلەرەی لێوە ئاڵەکەت ٣+ ٥

هەستی خۆشم بێنە فرین ٤+ ٤

بۆناو گوڵزار ٤

چەمو نزار ٤

ئاسمانی شین ٤

وەك دەبینرێ لەڕووی کێشەوە بنەمای ئاوازەیی ئەو کۆپلەیە ئاکامی تەنها کێشێکە کە هەشت بڕگەییە، هەرچی پێی شیعرەکانیشە کە لێرەدا دانەی پێکهێنانی ئاوازەکەیە بریتییە لە پێی چوار بڕگەیی کە ئەمەش لەو پێیانەن کە لە کێشی هەشت بڕگەییدا دەبینرێن. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە دەستەکردنی ئەو پێیانەو ڕیزکردنیان لە سەرجەمی دێڕەکاندا یەك سیستەمی نەگرتۆتەبەر چونکە هەندێ دێڕ لە یەك پێ پێکهاتووەو هەندێ دێڕی تریش لە دوو پێ ئەمەش بۆخۆی تایبەتییەکەو سرووشتی کێشە بڕگەییەکە پێکیهێناوە. سەرواشیان ڕێکەوتەو هیچ یاسایەك ڕیزیان ناکات[111].

هەروەها لە شیعری (کۆتری ئاشتی) کە لە یانزە کۆپلە پێکهاتووە لە ساڵی ١٩٥٤ لە ڕۆژنامەی ژین ژمارە (١٢١٠– ١٢١١) لە ١٩|٨|١٩٥٤ بڵاوبۆتەوە هەمان دیاردەی مامەڵەکردنێکی سەربەستانەی شاعیر لەگەڵ پێ‌و دەستەپێی هەمان کێشی هەشت بڕگەییدا بەدی دەکرێ وەك لەم کۆپلەیەدا دەبینین:

بەیانییە ٤

تۆ بخوێنە ٤

ئەی کۆتری سپی نەشمیل ٤+ ٤

قاچ ئاڵتونی نەرمی خنجیل ٤+ ٤

تۆ بخوێنە ٤

بەیانییە ٤

کاتی خۆشیو گۆرانییە ٤+ ٤

لەخەو هەموو ٤

ڕاپەڕێنە ٤

ئاواتمان ئاوەدانییە ٣+ ٥

بەیانییە ٤

وەك دەبینرێ لێرەدا شاعیر مامەڵەی لەگەڵ یەك کێشدا کردووە کە ئەویش بڕیتییە لە کێشی هەشت بڕگەیی، بەڵام بەشێوەیەکی نایەکسان دەستەپێی ئەم کێشەی بەسەر دێڕەکاندا دابەشکردووە، دێڕ هەیە لەیەك دەستەپێی چوار بڕگەییو دێڕیش هەیە لە دوو دەستەپێی چوار بڕگەیی بنیات نراوە، بەڵام لەسەرجەمی کۆپلەکەدا یەك دەستەپێی بەکارهێناوە تەنها لە دێڕی دەیەمدا نەبێ دەستەپێ (۳+ ٥)ی بەکارهێناوە. سەروای ڕەنگاوڕەنگ ڕۆڵی لە بنیاتی ئاوازەیی ئەم کۆپلەیەدا گێڕاوە.

کامەران موکریش جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە شیعری سەربەست بەهەڵە وادەزانرێ بێ کێشە. لەم بارەیەشەوە دەڵێ: ((ئینجا هۆنراوەی سەربەست خۆ وەنەبێ پەخشان بێ وەك نەشارەزایان تێی گەیشتوون، ئەمیش هەرچەندە سەربەستە هەر ڕێوشوێنی خۆی هەیەو هەر تێکەڵ بە دەریاو تایبەتییەکانی هۆنراوە ئەبێتەوەو شارەزایی زۆری ئەوێت))[١١٢]. یان پێی وایە کە قاڵبی کێش دەکرێ گۆڕانکاری تێدابکرێو بەشێوەی جیاوازو هەمەجۆر بەکاربهێنرێت ((کێش ئەگەر چی وتمان بنچینەی هۆنراوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە وەك چۆن بووە هەروابێ وەیان وەك چۆن هەیە هەروا بمێنێتەوە ئەگونجێ کێش پارچەپارچە بکرێت، لەهەندێ شوێندا چەند پارچەیەکی لابرێو لە چەند شوێنێکی تردا چەند پارچەیەکی تری بدرێتە دەم، بەڵام ئەبێ ئەم کارە نەبێ بەهۆی ونبوونی بنچینەی کێشەکە چونکە ئەگەر هاتوو وای لێ بەسەرهات ئەوا ئەبێ بە پەخشان))[١١٣].

لەبارەی پەیڕەوکردنی کێشی شیعرییەوە پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە کامەران موکری لە بنیاتی ئاوازەیی دەقە شیعرییەکاندا تەنیا کێشی بڕگەیی بەکارهێنراوە بەزۆریش ڕووی لە کێشی حەوتو هەشتو دە بڕگەیی کردووە، سیمای هەرە دیاری شیعری کامەران ئەوەیە کە پەیڕەوی شێوازی بەیتی کردووە، ئەو شیعرانەشی لەسەریەك کێش داناوە قافیەکانیان مەسنەوین (جووت قافیە). بەڵام بنیاتی هەندێ دەقیشی هەیە لەم ڕێچکەیە لایداوەو ڕووی لە کێشی هەمەڕەنگو سەروای ڕەنگاوڕەنگ کردووە. هەروەك د.مارف خەزنەدار ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێ ((بەشێکی کەم لە شیعرەکانی کامەران ئەو پارچە لیریکانەن کە لە شیعرێکدا چەند کێشێك بەکاردەهێنێت وەکو خۆیان یان بە کەرتکردنیان وەك لە کەرتکردنی دە بڕگەیی پێنج بڕگەیی دروست دەکاتو یان لە هەشت بڕگەیی چوار بڕگەیی دروست دەکات))[١١٤].

ئەم هەنگاوە نوێیەی کامەران بەرەو ئەم ڕێچکە نوێیەی شیعری کوردی لەهەردوو دەقی (ئەی کچە شوان)و (تینومە)دا ڕەنگی داوەتەوە. کامەران لە کەرتکردنی کێشی دە بڕگەیی لە ڕوانگەی چەمکی شیعری سەربەستەوە ئەم دەقەی بەپێی (٥) بڕگەیی بنیات ناوە، کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ئەمڕۆ تینوومە | ٥ |
| زۆرم تینووە، هەروەك بیابان | ٥+ ٥ |
| لمی سووتاوم، تاسەی تاساوم | ٥+ ٥ |
| تینوون، بۆ نەختێك دڵۆپی باران | ٥+ ٥ |
| سادەی هەورەکەی ژیان، بارانێ | ٥+ ٥ |
| ڕامالێت پووشی نائومێدی دڵ– خەندەو گریانێ | ٥+ ٥+ ٥ |
| شۆڕشی لێشاو | ٥ |
| باهەستێ بەتاو | ٥ |
| بۆسەر قەڵاکەی سەختی، دەروونی | ٥+ ٥ |
| سزاو نەبوونی | ٥ |

| | |
|---|---|
| دەرهێنیٚ لەبێخ ژاڵەی پەژارە، ژیانم تاڵە | ٥+ ٥+ ٥ |
| ئەمڕۆ تینوومە هەروەك بیابان[١١٥] | ٥+ ٥ |

وەك دیارە بنیاتی ئەم دەقە لەڕووی کێشەوە کێشی دە بڕگەییە، بەڵام شاعیر ئەم کێشەی کەرتکردووە بۆ پێی (٥) بڕگەییو دەستەپێی جیاوازیشی لێ دروستکردووە. هەربۆیە بنیاتی دێڕەکانیشی بە هاوسەنگیو بە ڕیز پابەندی کێشی دە بڕگەیەکە نەکردووە، بەڵکو هاتووە بەسەربەستانە دێڕەکانی لەسەرپێو دەستەپێی جیاواز بنیات ناوە هەروەك لە بەرانبەر دێڕە شیعرییەکاندا دیاریمان کردوون.

کامەران موکری لە شیعری (شەپۆلی زێڕ) دەڵێ:

| | |
|---|---|
| چیای ڕەنگین | ٤ |
| داوێنی کەژ، نێرگسو گوڵ | ٤+ ٤ |
| گزنگ لەناو کۆشی چەما، ئارامی گرت | ٤+ ٤+ ٤ |
| ئاسمانی شین | ٤ |
| ئەستێرەی زیوی ڕووی سڕی | ٣+ ٥ |
| شەوبۆیەکی خنجیلانە | ٤+ ٤ |
| لە سێبەردا | ٤ |
| پێکەنی سەری هەڵبڕی | ٣+ ٥ |
| بۆ تیشکی خۆری گەرمو گوڕ | ٣+ ٥ |
| دڵۆپی قەڵبەزەی وەك چوڕ | ٣+ ٥ |
| چاوی هەزار | ٤ |
| شنەی شەماڵ، سروەی نازدار | ٤+ ٤ |
| چەمی بزێو[١١٦] | ٤ |

لەم کۆپلەیەدا چەمکی باڵو دێڕ نەماوەو تێکشکاوە، هیچ پەیڕەوو یاسایەك نییە بەهۆیەوە ژمارەی پێیەکانی هەر دێڕە دەستنیشان بکرێ، چونکە دێڕ هەیە لە یەك پێو هەیە لە دوو هەیە لە سێ پێ پێکهاتووە، کەواتە ئەو یەکسانییە نامێنێت کە لە سیستەمی عەرووزیو ستوونیدا پەیڕەو دەکرا. لێرەدا دێڕی شیعری جێگای دەگرێتەوەو ئیتر دێڕەکە سەربەستە لەوەدا ڕستەکە درێژبێتەوە یا کورت. ئەوەی جێگای سەرنجە لەو دەقەدا ئەوەیە کە دێڕی (٨و ٩و ١٠) لە دەستەپێی جیاواز درووستبوون کە هەمان ئەو دەستەپێیە نییە کە لە بنەڕەتدا ئاوازیی بنیاتی دەقەکەی پێکهێناوە ئەویش (٤+ ٤)ە، بەڵام لێرەدا شێوەیەکی ترە ئەویش (٣+ ٥)ە. بەڵام هیچ ناسازییەك لە ئاوازەی دەقەکەدا ڕووی نەداوە چونکە ئەمە تایبەتمەندییەکی کێشە بڕگەییەکەیە کە بۆخۆی پێکی هێناوەو لە سنووری کێشی (٨) بڕگەییەکەش نەچۆتە دەرەوە با کێشەکەش کەرت بکرێ بۆ دەستەپێی جیاواز، لەم لایەنەوە مامۆستا حسین عارف زنجیرەیەك وتاری لەژێر ناونیشانی (ڕایەك لەبارەی شیعری سەربەستەوە)[١١٧] بڵاودەکاتەوە تیایدا چەمكو چییەتی شیعری سەربەستو ئەو کێشانەی کە لە بنیاتی شیعری سەربەستدا بەکاردەهێنرێن ڕوونکردۆتەوە، هەروەها جۆری سەربەستییەکەشی بە نموونە ڕوونکردۆتەوە. ئەوەی لەو باسەدا جێگای سەرنجەو بایەخی زۆرە بریتییە لە (کەرتکردنی بڕگەکان) بەشێوەیەك کە شاعیر بتوانێ بەر بۆ تواناو دەسەڵاتی خۆی لە داهێناندا لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەڵا بکا[١١٨].

کەرتکردنی برگەکان لە کێشی دوانزە برگەییدا دەشێ بە (٤+ ٤+ ٤)و (٣+ ٣+ ٣+ ٣) ئاوازداربن‌و زەماوەندی خۆیان بگێڕن، یاخود لە کێشی ١٣ برگەییدا دەشێ بێتە (٤+ ٤+ ٤+ ١) یا (٤+ ٤+ ٥) یا (٣+ ٣+ ٣+ ٣+ ١) یا (٣+ ٣+ ٣+ ٤) ئیتر بدەن بەدەمیەوە بۆ هەموو دەستەپێیەکانی تری ئەم کێشە[١١٩].

ئەمە ئەو شێوازەیە لە بەکارهێنانی کێشێک‌و پابەندبوون بەیەک جۆر دەستەپێی کێشەکەوە. هەروەک نازک الملائکە پێشنیاری ئەوەی کردووەو دەڵێ ((دەبێ شاعیر ئەوە باش بزانێت کە هەر بەحرێک لە بەحرەکانی هۆنراوە دەستەپێی جیاوازی هەیە نابێ لە هەڵبەستێکدا بەیەکەوە بەکاربهێنرێن بەڵکو پێویستە هەر هەڵبەستەو دەستەپێیەکی سەربەخۆ هەڵبژێرێ‌و لەسەری بڕواتو تا دوا دێڕ لێی لانەدات))[١٢٠].بەڵام زۆرجار شاعیر لەو دەستوورە لادەداتو بەپێی هەستو سۆزو مەبەستی شاعیر سەربەستانە مامەڵە دەکات لەوەی کە دەستەپێی جیاوازو کێشێکی شیعری بەکاربهێنێت. تەنانەت هەندێ جار کێشەکان بە تێکەڵی لەدەقێکدا بەکاردێنێت.

هەر لە ڕوانگەی چەمکی شیعری سەربەستەوە کە شیعرەکانی دیلان بەسەردەکەینەوە ڕووبەڕووی چەند دەقێك دەبینەوە کە بەپێی ئەم چەمکە بنیات نراون، لەپێشەوەی ئەو دەقانەش دەقی (ڕێگای خەبات)ەکەیەتی کە بۆخۆی گەلێك سەرنج‌و تێڕوانینی لەبارەوە گەڵاڵەکراوە، کە لێکۆڵەران‌و ڕەخنەگران بە دەقێکی سەرکەوتووی شیعری سەرەبەستی کوردی لەقەڵەمی دەدەن. ((یەکەم تێڕوانینی ڕەخنەگرانە دەربارەی (ڕێگای خەبات)ەکەی دیلان لەو پێشەکییەدا بەدەست دەهێنرێ کە (مەعروف خەزنەدار) نووسیوێتی بۆخۆی تێڕوانینێکی سەرنج ڕاکێشە کە دەڵێ: دیلان ڕێگای خەباتی ناوناوە پارچەیەکی مەنسور، نازانم بۆچی؟ مامۆستا دیلان،لەلای من وایە ڕێگای خەباتت پارچە شیعرێکی گەلێ بەرزە، ئەگەر لە شیعرەکانی ترت بەرزتر نەبێ هیچ گومانم نییە کە لەوان کەمتر نییە... ئەبوو شیعری پێ بڵێی، چونکە وەزنی هەیە، خۆ قافیەشی زۆر بەهێزە، لام وایە ڕێگای خەباتت بە تەرازووی کۆن کێشاوە.. ئێمە شانازی بە کۆنەوە ئەکەین،چونکە دەستووری ئێستامانە... ڕێگای خەبات نموونەیەکی جوانە بۆ شیعری ئێستای کوردی ئاسۆیەکی تازە لە پێش ئەدەبی کوردییا ئەکاتەوە..))[١٢١].

پێشبینی کردنی ئەوەش کە ئەم بەرهەمە کارێکی داهێنەرانەیەو ئاسۆیەکی نوێ لەبەردەم نوێگەری شیعری کوردیدا دەکاتەوە. ڕاستەوخۆ بووە مایەی ئەوەی تێڕوانینی تر دەربارەی بخرێتە بەردەست.

یەکێ لەو بۆچوونانەشی لە نووسینێکی (مەعروف بەرزنجی)دا بەدەست دەهێنرێ کە دەڵێ: ((شاعیرو بوێژانی ئەم سەدەی بیستەمە کۆتو زنجیری کۆنیان شکاندو قاڵبێکی تریان دروستکرد وازیان لە قافیە هێنا، وەزنیان بە چەشنێکی کە هەڵسوڕان جاران وەزن لەسەر کەرتە شیعر دائەمەزرا. ئیمڕۆ لەسەر (تەفعیلە) دائەمەزرێ گوێ نادرێتە کورتو درێژی کەرتەکانی شیعر، بەڵام مۆسیقا ئەپارێزێ، ئەویش بە لانەدان لە وەزن... ئەتوانم بڵێم هەرچەند پارچە شیعرێکمان هەیە لە کوردستانی عێراقا کە شێوەی تازەی پێ بوترێ.. ئەو پارچانەش (بت بتەوان، شۆڕشگێڕ)ی گۆران‌و (ڕێگای خەبات)ی دیلانە..))[١٢٢].

د.دڵشاد عەلی لەم بارەیەوە بۆچوونی خۆی خستۆتە بەردەستو زانستانە لەم باسەی کۆڵیوەتەوەو گەلێك سەرنج‌و بۆچوونی وردی لەبارەی دیلان‌و تاقیکردنەوەی شیعری سەربەستو ئەو دەقەوە خستۆتە بەردەست کە بەلای ئێمەوە گرنگترینیان ئەوەیە کە ((دیلان لەپێش هەموو ئەو شاعیرانەوەیە ڕوویان لە شیعری نوێ بە چەمکی سەربەست کردووە چونکە بە (ڕێگای خەبات)ەکەی ڕەنگی شیعری سەربەستی لە ئەدەبی کوردیدا ڕشت))[١٢٣].

هەر لێرەوە بەمەبەستی دیاریکردنی سیماو تایبەتمەندی ئەم دەقەو چۆنێتی مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ کێش‌و سەرواداو ڕۆڵیان لە بنیاتی ئاوازەیی دەقەکەدا سەرنج لەم کۆپلەیەی (ڕێگای خەبات)[١٢٤]ی دیلان دەدەین:

تا فرمێسکی ڕەهێڵەی خۆر          ٤+ ٤

| | |
|---|---|
| نەڕژێتە سەر | ٤ |
| نەڕژێتە سەر چرۆی قۆچاو | ٤+ ٤ |
| نایەتە بەر | ٤ |
| پێ ناکەنێ بەبای شەماڵ | ٤+ ٤ |
| ناتروکێنێ | ٤ |
| چاوی نووستووی ژێر هەوری تار | ٤+ ٤ |
| ناکرێتەوە | ٤ |
| نابێ بەسەرپۆشی درەخت | ٤+ ٤ |
| چرۆی کرژی نەپشکوتوو | ٤+ ٤ |
| خەولێکەوتوو | ٤ |
| لێو هەڵتووتاو | ٤ |
| بۆ ئاوی چاو | ٤ |

لەهەر دێڕێك لە دێڕەکانی ئەم کۆپلەیەدا ژمارەی پێیەکان بە نایەکسانی دابەشبوون هەرچەندە بنیاتی ئاوازەیی دەقەکە بە کێشی هەشت برگەیی بنیات نراوە هەر پێیەکیش لە چوار برگە پێکهاتووە، بەڵام شاعیر بەشێوەیەکی سەربەست مامەڵەی لەگەڵ ئەم کێشەدا کردووە، چونکە دێڕ هەیە لە یەك پێ پێکهاتووە هەیە لە دوو پێ بەبێ ڕیزکردنو هاوڕێکی، لەمەدا ڕێکەوتو پێویستی بیر دەربڕینو پشوودان دەوردەگێڕن.

((هەرچی ڕۆڵی قافیەشە لەو کۆپلەیەدا ئەوا دیارە کە ئەو سیستەمە ڕێكوپێکەیان وەرنەگرتووە کە ڕاستەوخۆ بەچاو ببینرێن یان لەکاتی گوێگرتندا لەو شوێنەدا ببیسترێن کە چاوەڕێ دەکرێن بەڵکو وەك دەستە دەنگەکانی (ەر)و (او)ی کۆتایی پێو دەستەپێی ناو ئەو کۆپلەیە بینیویانە))[١٢٥].

دیلان لەزۆربەی چاوپێکەوتنەکانیدا ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە بنەماو بنەڕەتی شیعر هەیبێو پێویستی پێیبێ هەر ئەو دوو بنەما ئاوازەییەو ڕاشکاوانە وتوویەتی ((ئەوەی بێ کێشو سەروا بڵاوئەکرێتەوە شیعر نیە، موستەلزەماتی شیعری لە مەنپور یا ئەوەی پێی ئەڵێن شیعری (الحر) کە قافیەو وەزنی نییە چی جیای ئەکاتەوە، قافیەو وەزن جیای ئەکاتەوە، نەك من ڕام وایە، ئەوە شتێکی داڕێژراوەو داکوتراوە کە موناقەشەی تیا نییە، هیچ مومکین نییە تۆ بتوانی موناقەشەی لەسەر بکەی کە ئەمە شیعری (حر)ە ئەمەیان شیعری موقەفاو مەوزوونە))[١٢٦].

هەربۆیە هیچ دەقێکی شیعری (دیلان )مان بەرچاو ناکەوێ کە داماڵرابێ لە کێشو سەروا، چونکە شیعری حر بەلایەوە ئەو شیعرەیە کە کێشو سەروای نییە ئەم جۆرە شیعرەش بە پەخشان دادەنێو بە شیعری دانانێ، دیلان لەسەرەتاوە بە دوودڵییەوە ڕووی لەم ڕێچکە نوێیە دەکاتو زۆرجاریش ئەم جۆرە شیعرانەی بە پەخشانو شیعری مەنسور لەقەڵەم دەدا. بۆیە (ڕێگای خەبات)ەکەشی بە شیعری مەنسور بڵاوکردبوویەوە، بەڵام هەروەك د.دڵشاد دەڵێ ((پاش بایەخدانی نووسەرانو شاعیرانی کورد بە شیعری سەربەستو سەرهەڵدانی کۆمەڵێ بەرهەمی شیعری سەربەست لەدوای (ڕێگای خەبات)ەکەی. ئەمیش ناوبەناو ڕووی لەم جۆرە بنیاتە شیعرییە دەکردو لە کۆتایی پەنجاکانەوە تا کۆتایی شەستەکان چەند بەرهەمێکی تری شیعری سەربەستی بڵاوکردەوە لەوانەش (نێرگس، لومبومبا، بۆگیانی غەنی بلووریان، درەخت، سولەیمانی، چیرۆکێ))[١٢٧].

ئەوەی تێبینی دەکرێ بە گشتی لەو بەرهەمانەشی ڕووی لە بەکارهێنانی کێشی هەشت بڕگەیی‌و پێی چوار بڕگەیی کردووە ئەمەش ((بۆخۆی بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو لە شیعری سەربەستی کوردیدا))[١٢٨]. تەنانەت لە هەفتاکانیشدا لای زۆربەی شاعیران سیمایەکی دیاری بنیاتی دەقە شیعرییەکانیان بوو.

خۆنەبەستنەوە بە دەستەپێیەکی دیاریکراوەوە، هەنگاوێکی نوێ بوو لای دیلان کە لە ڕێگای بەکارهێنانی دەستەپێی جیاوازەوە سەربەستییەکی تەواو لەبەردەم ئاوازی دەرەوەی بنیاتە شیعرییەکاندا کردۆتەوەو توانیویەتی کاریگەرانەتر سۆزی هەڵچووی دەروونی بگەیەنێتە خوێنەرو گوێگرەکانی..

لەم بارەیەشەوە د.دڵشاد عەلی بەم شێوەیە ڕای خۆی خستۆتە ڕوو دەڵێ ((کێشی بڕگەیی سەربەستییەکی تەواو دەدات بە شاعیر تا بە گوێرەی سۆزی تاقیکردنەوەکەی دەستەپێی جیاواز بەکاربهێنێ‌و لەهەمان کاتیشدا خۆی نەبەستێتەوە بە سیستەمێکی چەسپاوو نەگۆڕی ڕیزبوونی ئەو دەستە پێیانەو، بەڵکو مەودای ئەوەی لەبەردەمدابووە کە بەوپەڕی سەربەستییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دەستەپێیانەدا بکاتو بەگوێرەی پێویست ڕیزیان بکات، دیارە ئەمەش نەك هەر ئاوازی هەڵبەستەکە بێ هێز ناکات بەڵکو شان بەشانی سۆزی هەڵبەستەکە ترپەکان دەگۆڕێ‌و کاتی دووبارەکردنەوەیان لەیەك نەسقی ڕزگار دەکات))[١٢٩].

ئەم مامەڵەکردنە نوێیە ڕێگە خۆشکەربوو کە شاعیران داهێنان‌و هەنگاوی تری نوێگەری لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشی بڕگەییدا بهێنێتە ئاراوە. کە بەجۆرێك شاعیر پابەندی یەك سیستەم لە ڕیزکردنە دەستەپێی کێشەکان نەبێت. ئەمەش بۆخۆی یەکێکە لە سیماو تایبەتمەندییەکانی کێشی بڕگەیی کە شاعیر سەربەستە لە بەکارهێنانی دەستەپێی جیاواز لە بنیاتی ئاوازەی دەقە شیعرییەکانیدا.

هەرچی ڕۆڵی قافیەش بووە لەو بەرهەمانەی دیلاندا ئەوا نەك هەر دەستبەرداریان نەبووە بەڵکو لە زۆر شوێنی بنیاتەکاندا سیستەمی دیاریکراویان پێکهێناوەو ئاشکراتر ترپەکانیان پێ بەرجەستەکراوە:

وەك لەم دوو کۆپلەیەدا بەدی دەکەین:

ئاگر
لەملاو لەولای وڵات کرایەوە..!!
پۆلە مەلی تەرە کوشتار
گەڕایەوە...!!
وتی... بەدەنگێکی زوڵاڵ
ئەی گەورەکان
پیاو خۆرەکان..!!
ئەم ئەستێرەی مرۆڤدارە
جێگای گشتە... هی هەر چوارە...[١٣٠]

داربەڕوو
گەڵای ئەستوور
لقی دوایی ئەبێ بە موور
ئەی پەڕێنن

ئەی شکێنن

شتەك نەدرێ

ئەیجەرێنن[131]

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ ئەو شیعرانەیەتی کە دەچنە خانەی شیعری نوێوە کە دیارە لێرەدا مەبەست لە شیعری سەربەستە کە ئێمە مەبەستمانەو د.مارف خەزنەدار بەم شێوەیە پێناسەی دەکاتو دەڵێ ((ئەم جۆرە شیعرە لەڕووی کێشو قافیەوە گەڕاوەتەوە سەر ئەو دەستوورانەی لە شیعری میللی نووسراو شیعری میللی نەنووسراو فۆلکلۆر بەکاردەهێنران، تەنیا ئەوە هەیە کێشە میللییەکانیشیان وەکو خۆی بەکاردەهێنران. هەندێ جاریش کەرتیان دەکردنو دێڕە شیعریان لەو کەرتانە دروست دەکرد، دەسکاری شاعیر دەگەیشتە ئەو ڕادەیەی دێڕی شیعر لە وشەیەکی یەك بڕگەیی دروست بکات))[132].

بەم پێیە تاقیکردنەوەی دیلان لە مەیدانی شیعری نوێدا بەردێکی بنچینەیی بوو لە بناغەی کۆشكو تەلاری بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردی کە بە ڕێبازی ڕۆمانتیکیش ناودەبرێ، هەروەها لە هەفتاکانیشدا چەند دەقێکی بەم چەمکە نوێو بەو شێوازەی کە چەمکی دێڕ تێکشکاوە بەرهەمهێناوە وەکو (دڵی کورد)و (ڕووداوە نەبڕاوەکە)، بەڵام لە دەقی (چیرۆکێ ) کە لە ١٩٦٩ نووسیوویێتی لە سەرەتاوە بە کێشی هەشت بڕگەیی دەست پێدەکات.

کامیل ژیر لەدوای ئەوەی کە چەند بەرهەمێکی شیعری بە چەمکی شیعری سەربەستی ڕۆژئاوا بڵاودەکاتەوە ئیتر لێیان پەشیمان دەبێتەوەو ڕوو لەو ڕەوتەی تری شیعری نوێگەری دەکات ئەویش ئەو جۆرە شیعرەیە کە لای ڕۆشنبیرانی کوردیش بە شیعری سەربەست ناوی دەبەن کە نازك الملائکە پێناسەی کردووە. چونکە خۆی ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێ ((من بەش بەحاڵی خۆم ئەو هەوڵدانانەی لەسەر بنچینەی وازهێنان بوو لە کێشو سەروا ئەوا نەك هەر بە تازەکارییان دانانێم، بەڵکو بەگەڕانەوەیەکیشیان ئەزانم بۆ دواوە لە هەڵبەستدا. لەبەرئەوە من هەرزوو وازم لەو ڕەوتە هێناو گەڕامەوە سەر کێشو سەروا، بەڵام بەشێوە دەقگرتووەکە نا، بەڵکو بەجۆرێکی تازەو گۆڕاو))[133].

لێرەوە درێژە بەم جۆرە شیعرە دەداتو لەسەری بەردەوام دەبێ، (ژیر) پێی وایە یەکێك لەو هۆیانەی شیعر بەرەو نووشستی ئەبەن وازهێنانە لە کێش هەربۆیەش بەر پەرچی ئەو کەسانەش دەداتەوە کە کێشو سەروا بە کۆتو زنجیر وەسف دەکەن ڕاشکاوانە لەم بارەیەوە باری سەرنجی خۆی دەردەبڕێو دەڵێ: لە ڕاستیدا کێشو سەروا کۆتو زنجیر نین، بەڵکو دوو پێویستی هەڵبەستن کە هەڵبەست خۆشو جوان ئەکەن. بەڵام ئایا کێشو سەرواش وەك هەر بوویەکی تر نابێ لە گۆڕانکاریدابن؟ بێگومان با، بەڵام گۆڕانکاری هەرگیز ئەوە نییە واز لەو دوو ڕەگەزە بێنن))[134]. لەڕاستیدا وەك لەو وتەیەی ژیردا دەردەکەوێ کە بڕوای بە گۆڕانکاریو دەستکاری کردنی کێشو سەروا هەیە بۆیە لە تاقیکردنەوە شیعرییەکانیدا ئەو بۆچوونەی بەتەواوی وەك بنەمایەك بە شێوازێکی هونەریو سەرکەوتوو بەجێ هێناوە. ئاخۆ دەبێ ئەو گۆڕانکارییەی کە بڕوای پێی هەبوو بەسەر کێشو سەروادا بکرێ چییەو چۆنە؟ ئایا ئەم بۆچوونەی لە دەقێکی شیعریدا ڕەنگی داوەتەوە؟ هەروەکو ئاشکرایە کە پەیڕەوکردنی کێشی بڕگەیی لە سەرەتادا بەوشێوەیە بوو کە شیعرەکە لەسەر یەك کێشی بڕگەیی ئەهاتە خوارەوەو تیایدا پابەندی قافیەی مەسنەوی دەبوو، واتە ئەگەر کێشی دێڕی یەکەم دە بڕگەیی بوایە هەموو هەڵبەستەکە بە دە بڕگەیی ئەهاتە خوارەوە. بەڵام دوایی وای لێهات کە ئەشگونجێ کێشی دێڕێك بۆ نموونە چوار بڕگەیی بێ دێڕەکەی دوای ئەو چەند جارەی چوار بڕگەیی بێ واتە بەکارهێنانی پێ لە بنیاتی دێڕدا کە ژمارەیان بێ یاسا ڕیزدەکرێ:

نازدارەکەم ٤
ئەی پەپوولە ئاوارەکەم ٤ +٤
هەر ئەڕۆمو ناگەمە ئاستی سەرابت ٤ +٤ +٤
دەمی تینووم نادا لە جامی شەرابت ٤ +٤ +٤
خۆشم ئەوێی گوڵی ونبووم ٤ +٤
بیرت ئەکەم، بیرت ئەکەم لەوساتەوە کە جێتهێشتووم![١٣٥] ٤ +٤ +٤ +٤

شاعیر لە بنیاتی ئاوازەیی دەقەکەدا جووت سەروای بەکارهێناوە.

یان بۆ نموونەیەکی تر: لە هەڵبەستێکدا کێشی یانزە برگەو حەوت برگە ڕایەڵەی هەڵبەستەکە بن بەیەکەوە:

ئێستا ئەوانەی بە هەرجا بێگانەن ١١
ئەمانەی خۆمان کە شنۆی هەمانەن ١١
بەڵێ مەڕە لاتەکان ٧
لێ ناگەڕێن، ڕێنمان ٧
ئەوانیش فێربوون گەر ناویان بهێنی ١١
لێت ڕاست ئەبنەوەو پێت ئەڵێن شۆڤێنی ١١

ئیتر بەوجۆرە ئەگونجێ هەردوو دێڕەو لەسەر کێشێك بێت، بەمەرجێك مۆسیقا پارێزراوبێتو هەست بە ناسازی ریتم نەکرێ، هەروەك لەو کۆپلەیەدا شاعیر بە لێهاتووی ئەوکارەی ئەنجام داوە. ئەم گۆڕانگاریەو شێوازە لە کێشی عەروزیدا لای گۆرانو بەختیار زێوەرو دڵزارو شاعیرانی تر ئەنجام دراوە، لە کێشی برگەیشدا دیسانەوە لای گۆرانو کامەرانو دیلانو ژیرو ع. ح. بو کاکەی فەلاحو شاعیرانی تر بەبەکارهێنانی کێشی هەمەڕەنگ لە دەقێکدا سیمایەکی گرنگی داهێنانەکانیانە.

لەڕووی گۆڕانکاریەکانو دەستکاری کردنی کێشەباوەکانو هەنگاوی نوێگەری کامیل ژیر بەم شێوەیە بۆچوونی خۆیمان بۆ دەخاتەڕوو دەڵێ ((ئەم دەرچوونو خۆ ڕزگارکردنانە لە کێشە دەقگرتووە کۆنەکان، با بڵێین ئەم تازەکارییانە لە کێشدا بوارێکی فراوان بۆ شاعیر دروست دەکات کە بە ئارەزووی خۆی یاریو ئاڵوگۆڕ بە کێشەکان بکات بەبێ ئەوەی مۆسیقای هەڵبەستەکە تێکبچێت. ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی هەستیار دانەمێنێت بۆ واتا لەپێناوی کێشدا))[١٣٦]. وەك دەبینرێ ژیر لەژێر کاریگەری ئەوبۆچوونەی کە کێشو سەروا دوو بنەمای بنچینەی گرنگی پێکهاتەی دەقی شیعرییە ڕوو لەم ڕەوتەی شیعر دەکات کە دانەی ئاوازییەکەی پێیە نەك دێرو پابەندی سەرواش نابێت بەشێوە تەقلیدییەکەی.

ع. ح. ب لەسەر سیستمی لیریکی نوێ , شیعری کوردی داناوە، فرەکێشی برگەییو فرە قافیەیی ڕەنگیان لە شیعری داوەتەوە. بە گشتی دێڕی شیعری ( ع. ح. ب ) کورتە، چونکە بەزۆری کێشی حەوت برگەییو هەشت برگەیی بەکاردێنێ. تەنیا بەمە ناوەستێ ئەمانەش کەرت دەکا , واتە دێڕی کورتتر لە حەوت برگەو هەشت برگەشی زۆرە. شیعری لە ڕووی کێشو سەرواوە کاریگەری ئەدەبی میللی سەرزاری پێوە دیارە[١٣٧].

لە ساڵی ١٩٤٦ شیعر (لە گەنجیو پیریو مردنا)[١٣٨]. دەنووسێت کە تەمەنی ٢٣ ساڵ بووە

لە گەنجیما کە ئێستەیە
پڕ لە گۆرانیو بەستەیە
پڕ لە باوەڕی بەتینە
پڕ لە هەوڵو تێکۆشینە

ئەم دەقە بۆخۆی بە کێشی خۆماڵی ٨ بڕگەیی بنیات نراوە، بەبەکارهێنانی دوو پێی چوار بڕگەیی بەڵام دواتر ڕوو لە کێشی ٧ بڕگەیی دەکاتو بە دوو دەستەپێ ٣+ ٤.

راگری ژینمی تۆ

ئایینو دینمی تۆ

تواناو تینمی تۆ

دەنگی یا سسینمی تۆ

دوای ئەم کۆپلەیە دێتە سەر کێشی (٥) بڕگەیی.

تۆی تیانەبینم

ئەڕووخێ ژینم

هەر تۆ ئەناسم

هەر تۆیە باسم

دوای ئەم کۆپلەیەش دێتەوە سەر کێشی ٨ بڕگەییەکە

سبەی دوو سبەی پیرییە

ژوورێکی پڕ لە ژیرییە

جارێکی تریش دێتەوە سەر کێشی (٥) بڕگەیی

تۆی تیا نەبینم

وێرانە ژینم

هەرتۆ ئەناسم

هەرتۆیە باسم

بەم شێوە دەبینن شاعیر کێشەکانی (٨ بڕگەییو ٧ بڕگەییو ٥ بڕگەیی) لە بنیاتی ئەم دەقەیدا بەکارهێناوە کە بۆخۆی هەنگاوێکە لە هەنگاوەکانی نوێگەریو ڕووکردنە بنیاتی شیعری سەربەست بەو چەمکەی کە لە ئەدەبی عەرەبیو کوردیدا ئاماژەی پێکراوە.

شاعیر لە دەقێکی تریدا بەناوی (ڤیت مینە)[١٣٩] کە لە ١٩٥٤ نووسیویێتی تێدا پەیڕەوی کێشی ٨ بڕگەیی کردووەو مامەڵەی جیاوازی لەگەڵ پێی ئەم کێشەدا دەکات وەك ئەوەی لە هەندێ دێڕدا بڕگەکانی دابەشکردووە بەسەر دێڕی یەك پێی چوار بڕگەییو هەندێ جاریش دوو پێ چوار بڕگەیی:

| | |
|---|---|
| لە ڕۆژهەڵات | ٤ |
| لە وڵاتی بیرو خەبات | ٤ + ٤ |
| لەپڕ دەسترێژ | ٤ |
| لێزمەی تفەنگ | ٤ |
| ئەشڵەقێنێت | ٤ |
| شەوی بێدەنگ | ٤ |
| گۆمی وەك چاوی ئافرەت گێژ | ٣ + ٥ |
| نووستووی ناو خانووی کۆنکرێت | ٣ + ٥ |

کێشی سەربەستی تێدا بەکارهاتووە کە بریتییە لە ٨ بڕگەیی‌و شاعیر بەسەر پێی چوار بڕگەیی دابەشکردووە، لە دێڕێکدا پێی چوار بڕگەیی‌و لە دێڕێکی تریشدا پێی ٨ بڕگەییەکە بە ٢ پێی چوار بڕگەیی. سەروایش بە ئاشکرا دیارە کە شاعیر جۆرێك لەسەروای ڕەنگاوڕەنگی بەکارهێناوە. ئەم دەقە لەڕووی بنیاتی ئاوازەییەوە لە دەقی (بت بتەوان‌و شۆڕشگێڕی گۆران‌و ڕێگای خەباتی دیلان‌و ئەی کچە شوانی کامەران)و هەندێ دەقی تریش کە لای ڕەخنەگران بە دەقگەلێکی سەربەست لەقەڵەم دراون دەچێت.

لەم جۆرە شیعرەی زۆرە کە زۆربەیان لەسەر کێشی ٨ بڕگەیی بنیات نراون، ترپەی ئاوازەیی بنیاتی ئەم دەقانەی کە ژمارەی پێیەکانی بە ناڕێکی لە بنیاتی دێڕەکاندا بەکارهێناوە. دێڕ هەیە لە یەك پێ پێکهاتووە دێڕیش هەیە لە دوو پێ پێکهاتووە.

(ع. ح. ب ) بە درێژایی ساڵانی پەنجاکان گەلێك لە وتەکانی بەم شێوازە بنیات نراوە ئیتر بە درێژای تەمەنە شیعرییەکەی بەردەوام بوو لەسەر ئەم ڕێچکەیە. مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ کێشی بڕگەیی هەندێجار ڕووی لە بەکارهێنانی زیاتر لە کێش کردووە. هەروەك لە دەقی (شێخی گەورە)[١٤٠] دا کێشی بڕگەیی (٥، ٧، ٦، ٢، ١٠، ٣)ی بەکارهێناوە. بنیاتی دێڕ لەم دەقانەدا لەسەر پێی جیاواز دروست بووە دێڕ هەیە لە یەك پێ‌و هەیە لە دوو پێ‌و هەیە لە سێ‌و لەهەمان کێشدا دەستەپێی جیاوازی بەکارهێناوە تەنانەت دێڕ هەیە لە یەك وشە پێکهاتووە ئەم دیاردەو ئەم هەنگاوە لە هەفتاکانەوە لا شاعیر سەرهەڵدەدات. سیمایەکی دیاری ئاوازەیی بنیاتی شیعرەکانی کێشی هەشت‌و حەوت بڕگەیی‌و دێڕی شیعری کورتەو هەندێجار لە یەك وشە پێکهاتووە. هەمیشەش سەروای بەکارهێناوەو هەرگیز دەستەبەری ئەم بنیاتەی ئاوازی شیعر نەبووە.

شاعیرێکی تری ئەم ڕێچکەیە دڵزارە، کە هەر لە سەرەتای چلەکانەوە هەنگاوی بەرەو نوێگەری ناوە، چ بە خۆڕزگارکردنی لە کێشی عەرووزی‌و چ بە خۆنەبەستنەوە بە قافیەی یەکگرتوو. لە شیعری (مەڕەنجێنە) کە لە ساڵی ١٩٤١ لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکراوەتەوە ! هەنگاوی یەکەمی ناوە:

لە عیشقی تۆ پشتم چەما
شادیم لە دڵ دەرچوو نەما
قەڵای ژینم لێ ڕما
مەڕەنجێنە دڵم گوڵم
سووتام بەجارێ

ئەم دەقە بە کێشی سەربەستی هەشت بڕگەیی‌و (٥) بڕگەیی بنیات نراوە، هەروەها لە دەقێکی تریدا کە بە ناونیشانی (ئەی تازە جەوان) کە لە ساڵی ١٩٤٣ دایناوە ساڵی ١٩٤٥ لە گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە، نموونەیەکی ترە لە نوێکردنەوە لە ڕووی بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی‌و هەروەها پەیڕەوکردنی کێشی ١٤ بڕگەیی‌و کێشی ٦ بڕگەیی:

ئەی تازە جەوان گەر ئەتەوێ ژینی بەخۆشی
وازبێنە لەسەر خۆشی کە تۆ ژیرو خۆشی
بۆ گەل بە پەرۆشی
تۆ تازە نەمای چیمەنی باغی ژیان
بەم تەرزە لە تەرزەت مەدەدار لە چەمانی
مەحکوومی زەمانی[١٤١]

لە دەقی (لە لادێدا) کە شاعیر لە ١٩٤٦ لە بەندیخانەی هەولێردا نووسیوویێتی لە کۆپلەیەکیدا دەڵێ:

دەمێکە ژێر چەپۆکو هەق خوراوین ١١

بەهۆی بێگانە ڕووتو نان براوین ١١

نەزانو گێژو وێژین ٧

غەمو تاڵی ئەچێژین ٧

دزیو خوێن ڕشتن ٥

گەلێ سەربەستین ٥

زۆر بێ پەرواین ٤

ئەم دەقە بەو شێوازەی کە نازك الملائیکە لە پێناسەی شیعری سەربەستدا ئاماژەی پێکردووە نووسراوە.

دێڕەکان لەسەر پێ بنیات نراوەو شاعیر یاری بە بڕگەکان کردووە، لە یانزە بڕگەییەوە وەکو هێڵێکی بەیانی داکشاو بە ڕووی حەوتو پێنجو چوار بڕگەیی هەنگاو دەنێ، ئەم هەنگاوانانە وە دەستکاریکردنە بە کەرتکردنی بڕگەی کێشەکان ریتمی ناوی شیعری پێ دەبەخشێ سەرەڕای ئەوەی کە شاعیر لەسەر یەك ریتم ئەم کۆپلەیەی بنیات ناوە.[١٤٢]

بەم پێیە بەکارهێنانی کێشی هەمەڕەنگ لای شاعیر سیمایەکی دیاری نوێگەرییەکەی بووە هەر بۆخۆیشی بنەمایەکی گرنگی بایەخدانی شاعیرانی نوێخوازییە بە پابەندنەبوونیان بەیەك جۆرە کێشەوە کە بواری دەربڕینی هەستو سۆزی ڕاستەقینە تەسك دەکاتەوە.

هەر لە بواری شیعری سەربەستدا ئاوڕ لە شیعری حەسیب قەرەداخی شاعیر دەدەینەوە کە ئەویش وەکو شاعیرێکی نوێگەر هەرچەندە زۆر بەکەمی لێکۆڵەرانو ڕەخنەگران ئاوڕیان لەم شیعرەمان داوەتەوە، بەڵام لەنێو شاعیرانی نوێی کوردیدا ناوێکی دیارو دەنگێکی ڕەسەنە، هەرزوو هاتە سەر ڕێچکەی شیعری نوێو گەلێك بەرهەمی خۆی بەم چەمکە نوێیە چنیووە ((بایەخی زۆری بە کێشی خۆماڵی داوە هەموو کێشەکانی بەکارهێناوە بەتایبەتی کێشە سووکەکانی ٧و ٨و ١٠ بڕگەیی. لە (شیعری نوێ)یا ٨ بڕگەییو ١٠ بڕگەیی کەرت دەکاو دەیانکاتە چوار بڕگەو پێنج بڕگە، بەم جۆرە دێڕە شیعری چوار بڕگەییو پێنج بڕگەیی دروست دەبێ))[١٤٣]. ئەم هەنگاوانەی شاعیر بۆخۆی ئەو ڕاستیە دەسەلمێنی کە لە ڕێچکەی باوی کێشی خۆماڵی بە شێوازی ستوونی دوورکەوتۆتەوەو ڕووی لە کەرتکردنی کێشە خۆماڵییەکان کردووە کە بەپێی هەستو بیروڕا دەربڕین درێژی شیعری بەدەستەپێی جیاواز بنیات دەنێ:

دنیا شەوبوو

چاوی هیوا ڕووی لە خەوبوو

هاوین گەرمو گڕەو تۆز بوو

ئاگرباران

کاروان زۆری لە گەرمانا

لە تینوانا

دوور لە هەوار

دوور لە جێگا

باری خستبووە لای ڕێگا[١٤٤]

کاکەی فەلاح دەنگو ڕەنگی تایبەتی خۆی لە شیعردا هەیە یەکێکە لە شاعیرەکانی ناودارەکانی سەدەی بیستەم. لەڕووی کێشو مۆسیقاو ئاوازەی بنیاتی شیعرەکانییەوە شاعیرێکی سەلیقەدارو بەهرەدارو سەرکەوتووە، هەمیشە لەسەر کێشی

برگەیی شیعری داناوە جۆرە ترپەو ئاوازێکی سوارو ناسکی پێ بەخشیون. هەروەکو خۆی لەبارەی خۆیەوە دەڵێ ((لە شیعرو ئەدەبو تێکرای ژیاندا باوەڕم بە گۆڕینو پێشکەوتنو نوێبوونەوە هەیە))[١٤٥].

جگە لە نووسینی شیعر بە چەمکی یەکێتی بەیتو جووت قافیە، گەلێك دەقی شیعری بە پێی چەمکی سەربەست کە بنیاتی دێڕ لەسەر پێیە نەك کێش هەوڵی دیارو بەرچاوی هەیە. هەروەك د.مارف خەزنەدار دەڵێ: ((شاعیر بەشداری بەرچاوی هەبوو لە دەوڵەمەندکردنی شیعری نوێی کوردی ئەو شیعرە لیریکییەی لە یەك کێشی خۆماڵیی زیاتر لە تاکە شیعرێکدا بەکاردەهێنرا هەروەها ڕەچاوی ڕەنگاوڕەنگە قافیەش دەکرا))[١٤٦].

| | |
|---|---|
| ئەی فریشتەی خۆشەویستی | ٤ + ٤ |
| خۆشەوویستی پاكو بێگەرد | ٤ + ٤ |
| کەوتوومەتە تۆ پەرستی | ٤ + ٤ |
| لە ئاسمان بێ یا لەسەر عەرد | ٤ + ٤ |
| خۆشەویستم | ٤ |
| ئەتپەرستم | ٤ |
| بەتۆ مەستم | ٤ |
| بێ تۆ پەستم | ٤ |

یاخود لە نموونەیەکی تردا دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ڕێبوارێکم | ٤ |
| لەسەر هەورازی توترکا | ٥ + ٣ |
| هەڵئەگەڕێم | ٤ |
| بەڕێی کا کێشانی دڕکا | ٦+ ٢ |
| هەنگاو ئەنێم | ٤ |
| بەڕێگادا | ٤ |
| گۆماوی خوێن بەجێدێڵم | ٤+ ٤ |

شاعیر بنیاتی ئەم شیعرەی لەسەر کێشی هەشت برگەیی داناوە، هەندێ دێڕی وەکو خۆی هێشتۆتەوە، هەندێ دێڕی کەرتکردووەو بووە بە چوار برگە چەند جۆرێك قافیەی بەکارهێناوە. بەم پێیە ئەم شیعرەو هەموو ئەو شیعرانەی بە نوێ ژمێردراون گەمەیێکی تەکنیکی لە دێڕی شیعری عەرووزیو خۆماڵی تیایاندا کراوە تازە دەکەونەوە بەرچاو، کەچی ئەدگاری شیعری عەرووزیو خۆماڵییان تێدا ماوە[١٤٧].

بەم پێیە ڕێچکەی شیعری سەربەست بەو چەمکەی نازك الملائیکە لە ئەدەبی عەرەبیدا دەستنیشانی کردووە لە ئەدەبی کوردیشدا بەهەمان چەمك لای شاعیرانی کورد لە چلەکانی سەدەی بیستەوە سەری هەڵداوەو بەردەوام لە گەشەکردندا بووە تا لە ساڵانی هەفتاکاندا بەتەواوی زەمینە بۆ ئەم ڕێچکەیە کرایەوەو ڕەگی داکوتاو بووە مۆدێلێکی نوێخوازی قۆناغە شیعرییەکە.

## ئەنجام

١. نوێگەری لە ئەوروپا لە بواری شیعردا بەچەند فۆرمو جۆری جیاواز سەری هەڵداوە هەربۆیەش قۆناغی پرۆسەی نوێگەری پێکەوە تەواوکەری هەموو هەنگاوەکانن بە فۆرمە جیاوازەکانیەوە لەم لایەنەوە نراوەو ناشتوانرێ بەجیا لێیان بڕوانینو لەیەکیان دابڕین.

٢. چەمکی شیعری سەربەست لای ڕۆژئاوا ئەو شیعرەیە کە پابەندی کێشو سەروای تەقلیدی نابێتو تەنها بایەخ بەجۆرێك لە ریتم دەدات کە بەهای شیعریەتی تێدا پارێزراوبێت، بەڵام لە ئەدەبی عەرەبیدا ئەو جۆرەیە کە پابەندی کێشو سەروا دەبێت بەڵام بەشێوازێکی دەستکاریکراو هەڵیان دەسووڕێنێ کە جۆرێك لە سەربەستی بۆ شاعیر تێدایە کاتێ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

٣. لە ئەدەبی کوردیدا هەردوو چەمکی شیعری سەربەست لە پرۆسەی نوێگەری شیعری کوردیدا ڕەنگیان داوەتەوە وەکو دوو شێواز ڕۆڵیان هەبووە لە بنیاتی دەقی شیعری کوردیداو لەولایەنەشەوە بە هەندێ هەوڵی سەرەتایی دەستیان پێکردو پاشان ڕەگیان داکوتا.

٤. ڕەخنەگرانو لێکۆڵەرانو شاعیرانیش بەهەڵە فۆرمو ناونیشانی شیعری نوێی کوردی بەکاردەهێننو تێکەڵییەکیان کردووە لەنێوان شیعری سەربەستی بێ کێشو سەروا شیعری سەربەستی کێش برگەی دەستکاریکراو هەروەها شیعری پەخشانیش.

٥. لەسەرەتا شاعیران بە دوورکەوتنەوەیان لە کێشو سەروا هەنگاویان بەرەو نوێگەری دەنا بەڵام دواتر ڕەوتەکەیان گۆڕیو ئەوجۆرە هەوڵانەیان بە پەخشانی شیعری لەقەڵەم داو گەڕانەوە بۆ پەیڕەوکردنی کێشو سەروا بەڵام بە شێوازێکی نوێو جیاواز لە شێوازە کۆنەکەی.

٦. لە هەفتاکاندا هەردوو ئەو شێوازە شیعرەی سەربەستو شیعری پەخشانی بەچاکی دەرکەوتن بەڵام شیعری بێ کێشو سەروا وەکو ئەو چەمکەی کە لە ڕۆژئاوا پەیڕەودەکرێ لەناو پرۆسەی نوێگەری کوردیدا بەشەرمەوە چاوی لێ دەکرا هەتا لەتیف هەڵمەت هاتو بە چەند پارچە دەقێکی شیعری بێ کێشو سەروا لەیەکەم کۆمەڵە بەرهەمێکیدا بەناوی (خواو شارە بچکۆلەکەمان) ئەو شەرمەی ڕەواندەوەو دەرگای لەبەردەم شاعیراندا بەتەواوی کردەوەو ئیتر ئەم جۆرە لە شیعر بووە مۆدێلێكو مەرجێکی نوێگەری قۆناغەکە.

٧. هەر لە هەفتاکاندا لە بواری درێژەدان بە نووسینی شیعر بە چەمکەکەی نازك ئێجگار فراوان بوو چونکە لە شەستەکاندا بناغەیەکی پتەوی بۆخۆی دامەزراندو شاعیرانی قۆناغی ڕوانگە لە پەیڕەوکردنی بنەماکانی ئەم شێوازە لەبەرهەمەکانیاندا بەچاکی ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام هەر لەگەڵ ئەم قۆناغەشدا هەندێ هەوڵی شیعری پەخشانیش هاتە ئاراوە، دواتریش لە هەشتاکاندا پەرەی سەندو لەلایەن شاعیرانەوە بایەخی پێدەدرا.

٨. یەکەم شاعیر لە بواری نووسینی شیعری بێ کێشو سەروا واتە بەو چەمکەی ڕۆژئاوا برایم ئەحمەدەو هەروەها شاعیرانی (کامەران موکریو نوری وەشتی)یە دواتریش لەسەر دەستی لەتیف هەڵمەت پەرەی سەندو چەسپا. یەکەم شاعیریش لە بواری نووسینی شیعری سەربەست بەو چەمکەی کە لەسەر پێ دامەزراوە گۆرانەو دواتر لای کامەرانو دیلانو ع. ح. ب و کاکەی فەلاحو دڵزارەوە، پەرەی پێدراوە لە هەفتاکاندا لەسەردەستی کۆمەڵێك شاعیری قۆناغەکە بەتەواوی گەشەی کردو ڕەگی داکوتا.

٩. سیمای شیعری نوێی کوردی بەپێی فۆرمو هەنگاوەکانی نوێگەریی خاوەن تایبەتمەندیو خەسڵەتی جیاوازە کە لەڕووی فۆرمەوە خۆی لە شیعری بێ کێشو سەرواو شیعری کێشو سەروداری بڕگەیی دەستکاریکراوەو شیعری

پەخشانی دەبینێتەوە، سیمای دیاری شیعری سەربەست کە پەیڕەوی کێشو سەروا دەکرد پەیڕەوکردنی کێشی (٨) برگەیی بوو بە دەستەپێی جیاوازو دواتریش کێشی هەمەڕەنگ (٧+ ٤+ ٥+ ١١).

## پەراوێزەکان:

[١] يوسف الصائغ، الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨، دراسة، اتحاد الكتاب العرب، ٢٠٠٦، ل٢٣.

[٢] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم شعر الحداثة والشفات، رياض الريس للكتاب والنشر، ٢٠٠٢، ل٥٩.

[٣] د.فەرهاد پیربالّ، شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٤٩٩٩).

[٤] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٦٦.

[٥] www.encyclopedia Britannica

[٦] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، ل١٦٦.

[٧] www.encyclopedia Britannica

[٨] نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبیو رەخنەیی، چاپو بلاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١.

[٩] د.فەرهاد پیربالّ، شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٤٩٩٩)، ٢٠٠٩/١٠/١٥.

[١٠] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، ل١٦٥.

[١١] د.فەرهاد پیربالّ، شیعری نوێی کوردی، دەزگای کوردستان، هەولێر، ل١٧.

[١٢] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، ل١٥٠–١٥٦.

[١٣] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، ل١٧٤.

[١٤] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، ل١٦٦.

[١٥] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، ل١٦٧.

[١٦] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل١٣.

[١٧] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، ل١٧٤.

١٨ د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل١٥–١٦.

[١٩] بوکنەر ب–تراویک، مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی، بەرگی دووەم، و: حمەکریم عارف، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٠٥.

[٢٠] د.موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٥٠–٥٣.

[٢١] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٤٣.

[٢٢] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٤٧.

[٢٣] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٥٨.

[٢٤] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، ل١٧٤.

[٢٥] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٦٣–٦٤.

[٢٦] د.يوسف عزالدين، التجديد في الشعر الحديث، دار المدى، ط٢، ٢٠٠٧، ل٩٦.

[٢٧] يوسف الصائغ، الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨، ل٢٢.

[٢٨] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٥١.

[٢٩] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٥٣.

[٣٠] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٥٢.

[٣١] يوسف الصائغ، الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨، ل٢٣.

[٣٢] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٥٢.

[٣٣] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٦٨.

[٣٤] يوسف الصائغ، الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨، ل٢٣.

[٣٥] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٥٣.

[36] یوسف الصائغ، الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨، ل٢٣.

[37] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٥٧.

[38] د.یوسف عزالدین، التجدید في الشعر الحدیث، ل١١٥، ل١٢٢.

[39] یوسف الصائغ، الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨، ل٣٢.

[40] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٦٩.

[41] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٦٩.

[42] د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٥١.

[43] یوسف الصائغ، الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨، ل٣٠.

[44] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٧٠.

[45] د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل١٥٠.

[46] د.فاتح علاق، مفهوم الشعر عند رواد الشعر العربي الحر، دراسة، اتحاد الادباء العرب، ٢٠٠٥، ل١٠٢.

[47] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٧١.

[48] د.فاتح علاق، مفهوم الشعر عند رواد الشعر العربي الحر، ل١٠٣.

[49] د.فاتح علاق، مفهوم الشعر عند رواد الشعر العربي الحر، ل١٠٣.

[50] بڕوانە: د.فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی، ل

[51] بڕوانە: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، شیعری کوردی و سەدەیەك بە هەڵە بەکارهێنانی ناونیشانەکانی نوێگەری، ڕۆژنامەی چاودێر، ژمارە (٣٩٩) دووشەممە ٢٠١٤/٣/٣.

[52] عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، شیعری کوردی و سەدەیەك بە هەڵە بەکارهێنانی ناونیشانەکانی نوێگەری، بەشی دووەم.

[53] عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، شیعری کوردی و سەدەیەك بە هەڵە بەکارهێنانی ناونیشانەکانی نوێگەری، چاودێر ژمارە (٤٠٠) بەشی سێیەم دووشەممە ٢٠١٤/٣/١٠.

[54] عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، شیعری کوردی و سەدەیەك بە هەڵە بەکارهێنانی ناونیشانەکانی نوێگەری، بەشی سێیەم، ڕەخنەی چاودێر ژمارە (٤٠٠) ٢٠١٤/٣/١٠، ل٣.

[55] یادگار ڕەسول باڵەکی , ,سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی , دهۆك , ٢٠٠٥ .

[56] شێخ نوری شێخ صالح، ئەدەبیاتی کوردی، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٢٢) تەمموزی ١٩٢٦.

[57] د.کامل حسن بصیر، شێخ نوری شێخ صالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەییو ڕەخنەسازیدا، بەغدا، ١٩٨٠، ل٢٥.

[58] د.کامل بەسیر. شێخ نوری لە کۆڕی، ل٣٣.

[59] شێخ نوری شێخ صالح، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٢٢)، ١٩٢٦.

[60] شێخ نوری شێخ صالح، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٢٢)، ١٩٢٦.

[61] د.کامل بەسیر. شێخ نوری شێخ صالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەو ڕەخنەسازیدا، ل٦٨.

[62] د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل ١٥٣.

[63] پیرەمێرد هەر بەو ناونیشانە پەخشانە شیعرەکەی وەرگێڕاوە، بڕوانە ژیان، ٣٦١ ساڵی ١٩٣٣.

[64] د.فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی، ل ٩٢.

[65] ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣٦١، ساڵی ١٩٣٣.

[66] ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣٨١ ساڵی ١٩٣٣.

[67] پیرەمێرد، پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیانو بەرهەمەکانی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئومێد ئاشنا، بەرگی یەکەم، ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم ٢٠٠٩، ل٣٧١.

[68] د.فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی، ل٩٠.

[69] د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل١٤٧.

[٧٠] سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.

[٧١] د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل ١٥٤.

[٧٢] گۆران، سەرنجێکی کورت لە شیعر، ژین، ژمارە ١١٢٦، ١١٢٧، ٤ و ١١|١٢| ١٩٥٢.

[٧٣] د.کامل بەسیر، وێژەی کوردی و رەخنەسازی، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیریو لاوان، کوردستان، ١٩٩٠، چاپخانەی (دار الجاحف)، ل٢٦١.

[٧٤] د.کامل بەسیر، وێژەی کوردی و رەخنەسازی، بەغدا، ١٩٩٠، ل٢٦٩.

[٧٥] ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەغدا، ١٩٤٦، ل ٢٦.

[٧٦] د.فەرهاد پیربال شیعری نوێی کوردی، ل٢٦.

[٧٧] د.محەمەد فازل مستەفا، دەنگی پیرەمێرد لە بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٤.

[٧٨] ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، ل ١٣٣.

[٧٩] ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، ل ٢٠٥.

[*] یادگارو هیوا یەکەمجار بە ناونیشانی (هیواو دڵداری) لە گۆڤاری هاوار ژمارە (١٩) ساڵی یەکەم ١٧ی نیسانی ١٩٣٣ بڵاوکراوەتەوە. دواتر لە یادگاری لاوان لە ١٩٣٣ ناونیشانەکەی کراوە بە یادگارو هیوا جارێکی تر بڵاوکراوەتەوە، دیسان جارێکی تریش لە گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (٩) ئەیلولی ١٩٤٣ بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە عومەر مارف بەرزنجی، برایم ئەحمەد کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، چاپەمەنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٨.

[*] بەرەو رووناکی یەکەمجار بەناوی (أ. أ) بڵاوکراوەتەوە، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٥)، ساڵی ٦ مایسی ١٩٤٦. بڕوانە عومەر مارف بەرزنجی، بریام ئەحمەد، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، ل٣٣ بڵاوبوونەوەی ئەم دەقە پێنج جار لەماوەی سێ ساڵدا ئەوە دەسەلمێنێ کە دەقێکی نوێگەرییە چ لەڕوو ڕووخسارو چ لەڕووی ناوەڕۆکەوە، خاوەنەکەی ئامانجی بووە چاوی لێبکەنو بیکەنە بناغەی ڕێبازێکی نوێی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا.

[٨٠] محەمەد صدیق عارف، قوتابخانەی شیعری تازە، ڕۆژنامەی ژین، ژمارە ١٢٧٧، ١٥|١٢|١٩٥٥

بەڵام نوسەر لە وتارێکی تریدا بەناونیشانی رایەك لە بارەی پەخشانە شیعرەوە لە هاوکاری ژمارە ٩٧٩ لە ٢|٦|١٩٨٨ بڵاکراوەتەوە بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی پێشوتری (بەرەو رووناکی) بە پەخشانە شیعر لەقەڵەم دەدات.

[٨١] بڕوانە حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا، ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل٦، ل٢٣٦، ل٢٤٧، ل٣٣٠.

[٨٢] لەتیف هەڵمەت، شیعر خەنانس، ئەنوەری مینجۆب، سلێمانی، ل٣٤٤.

[٨٣] د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، B، ٢٠٠٦، ل٣١٤.

[٨٤] د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، B، ٢٠٠٦، ل٣٠٧.

[٨٥] کامل ژیر، نازەنین، دیوانی هەڵبەست، چاپخانەی النور، بغداد، ل٩.

[٨٦] هەڵبەستەکانی ژیر، داستانی ئەوینی کوردستان، دەزگای چاپەمەنی ڕۆژ لە سوید، ل٤٤٠.

[٨٧] نازەنین هەڵبەست، کامل ژیر،١٩٥٨، ل ٩.

[٨٨] نازەنین هەڵبەست، کامل ژیر،١٩٥٨، ل٣٨.

[٨٩] سامان عیزەدین سەعدون، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٠٠.

[٩٠] د.فەرهاد پیربال، شیعری نوێی کوردی، ل٩٤.

[٩١] سامان عیزەدین، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، ل١٠٠.

[٩٢] عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، ڕەخنەی چاودێر، ژمارە ٣٩٩، ٢٠١٤.

[٩٣] خواو شارە بچکۆلەکەمان، لەتیف هەڵمەت.

[٩٤] سامان عیزەدین، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، ل ٢٨٣، ل ٣١٨.

[٩٥] عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، ڕەخنەی چاودێر، ژمارە ٣٩٩.

[٩٦] د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، ل١٥٠.

[٩٧] حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا، ل٦.

[٩٨] حسێن عارف، نوسینەکانم، ل٣٦٦.

[٩٩] حسێن عارف، نووسینەکانم، ل ٣٦٦.

[100] بەرهەمە شیعرییەکانی نووری دەشتی، ئامادەکردنو پێداچوونەوەی مارف ناسراو، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٣.

[101] حسین عارف، نووسینەکانم، ل٣٥٨.

[102] مارف بەرزنجی، گۆڤاری شەفەق، ژمارە (١٠)ی بەرگی (١) مات، ١٩٥٨.

[103] دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل ٢٠٩.

[104] د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل١٥٢– ١٥٤.

[105] عەبدولڕەزاق بیمار، کێشو مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، چاپی یەکەم، ١٩٩٢، ل ١٥١.

[106] دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل ١٤٩.

[107] عەبدولڕەزاق بیمار، کێشو مۆسیقای شیعری کوردی، ل١٥٤.

[108] د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا.

[109] بڕوانە: ١. حسین عارف، کامەرانو هۆنراوەی نوێ.

٢. د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم B.

٣. د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا.

٤. عەبدولڕەزاق بیمار، کێشو مۆسیقای هەڵبەستی کوردی.

[110] دیوانی کامەران موکری، پێشەکی نووسین پەراوێز لێدان عەبدوڵڵا ئاگرین، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کاروان، ١٩٨٧، ل٤٠.

[111] بڕوانە د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست، ل١٥٨، هەروەها حسین عارف، نووسینەکانم، کامەرانو هۆنراوەی نوێ، ل٣٦٦.

[112] د.پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردیو مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٣٦٧.

[113] د.پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردیو مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، ل٣٦٨.

[114] د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم B، هەولێر، ل ٦٤٣.

[115] دیوانی کامەران موکری، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا ئاگرین، ل ٦٥.

[116] دیوانی کامەران موکری، ل١٠٤.

[117] حسین عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا، ل٢٤٨.

[118] حسین عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا، ل ٢٤٧.

[119] حسین عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا، ل٢٥٠.

[120] د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل١٥٦.

[121] د.دڵشاد عەلی، دیلانو تاقیکرنەوەی شیعری، ل٢٢٧.

[122] گۆڤاری شەفەق، مارف بەرزنجی، ژمارە (١٠)، ١٩٥٨.

[123] د.دڵشاد عەلی، دیلانو تاقیکردنەوەی شیعری، ل٢٢٩.

[124] دیوانی شیعر محەمەد صالح دیلان، ئامادەکردنی د.عەبدوڵڵا ئاگرین، هەولێر، کوردستان، ساڵی ٢٠١٣، ل١٥٦.

[125] د.دڵشاد عەلی، دیلانو تاقیکردنەوەی شیعری، ل٢٣٠.

[126] د.دڵشاد عەلی، دیلانو تاقیکردنەوەی شیعری، ل١٩٤.

[127] د.دڵشاد عەلی، دیلانو تاقیکردنەوەی شیعری، ل٢٣١.

[128] د.دڵشاد عەلی، دیلانو تاقیکردنەوەی شیعری، ل٢٣١.

[129] د.دڵشاد عەلی، دیلانو تاقیکردنەوەی شیعری، ل٢١٢.

[130] دیوانی دیلان، ل٢٤٧ لومبومبا.

[131] دیوانی دیلان، ل٢٧٧، درەخت.

[132] د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم B،ل٥٠٣.

[133] هەڵبەستەکانی ژیر، داستانی ئەوینی کوردستان، سوید، ل٤٤٠.

[١٣٤] هەڵبەستەکانی ژیر، داستانی ئەوینی کوردستان، ل٤٣٣.

[١٣٥] هەڵبەستەکانی ژیر، داستانی ئەوینی کوردستان، ل٢٥٨.

[١٣٦] هەڵبەستەکانی ژیر، ل٤٣٥.

[١٣٧] د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی حەوتەم B، ٢٠٠٦.

[١٣٨] دیوانی ع. ح. ب، دەزگای بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٣، ل٩.

[١٣٩] دیوانی ع. ح. ب، ل١٢٧.

[١٤٠] دیوانی ع. ح. ب، ل٣٧٠.

[١٤١] کەمال غەمبار، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێك، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٨٢.

[١٤٢] کەمال غەمبار، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێك، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٨٣.

[١٤٣] د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم B، ٢٠٠٦، ل٦١٨.

[١٤٤] فەرهەنگی غەم، حەسیب قەرەداخی، شیعر، سلێمانی، چاپخانەی کاکەی فەلاح، ١٩٧٩، ل١١٧.

[١٤٥] کاکەی فەلاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، ل٢٠٤.

[١٤٦] د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، B، ٢٠٠٦، ل٥٦٩.

[١٤٧] د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، B، ل٥٦٩.

**سەرچاوەکان:**

**کتێبی کوردی:**


- بوکنەر ب – تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی، بەرگی دووەم، و: حەمەکریم عارف، هەولێر، ٢٠٠٨.
- پیرەمێرد، پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیانو بەرهەمەکانی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئومێد ئاشنا، بەرگی یەکەم، ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم ٢٠٠٩.
- د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، سلێمانی، ١٩٩٨.
- د.فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی، دەزگای کوردستان، هەولێر.
- د.کامل بەسیر، وێژەی کوردی و رەخنەسازی، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیریو لاوان، کوردستان، ١٩٩٠، چاپخانەی (دار الجاحظ).
- د.موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢.
- رەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حەمەکریم عارف، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦.
- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبیو رەخنەیی، چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١.
- بەرهەمە شیعرییەکانی نووری وەشتی، ئامادەکردنو پێداچوونەوەی مارف ناسراو، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا، ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.
- خواو شارە بچکۆلەکەمان، لەتیف هەڵمەت.
- د.پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردیو مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.
- د.دڵشاد عەلی، دیلانو تاقیکردنەوەی شیعری.
- د.کامل حسن بصیر، شێخ نوری شێخ صالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەییو ڕەخنەسازیدا، بەغدا، ١٩٨٠.
- د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی حەوتەم B، هەولێر، ٢٠٠٦.
- د.محەمەد فازل مستەفا، دەنگی پیرەمێرد لە بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، هەولێر، ٢٠١١.
- دیوانی محەمەد صالح دیلان، ئامادەکردنی د.عەبدوڵڵا ئاگرین، هەولێر، کوردستان، ساڵی ٢٠١٣.
- دیوانی ع. ح. ب، دەزگای بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٣.
- دیوانی کامەران موکری، پێشەکی نووسین پەراوێز لێدان عەبدوڵڵا ئاگرین، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کاروان، ١٩٨٧.

- ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەغدا، ١٩٤٦.
- سامان عیزەدین سەعدون، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، سلێمانی، ٢٠٠٩.
- عەبدولڕەزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، چاپی یەکەم، ١٩٩٢.
- فەرهەنگی غەم، حەسیب قەرەداخی، شیعر، سلێمانی، چاپخانەی کاکەی فەلاح، ١٩٧٩.
- کاکەی فەلاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی.
- کامل ژیر، نازەنین، دیوانی هەڵبەست، چاپخانەی النور، بغداد.
- کەمال غەمبار، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێك، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
- لەتیف هەڵمەت، شیعر خەنانس، ئەنوەری مینجۆب، سلێمانی.
- هەڵبەستەکانی ژیر، داستانی ئەوینی کوردستان، دەزگای چاپەمەنی ڕۆژ لە سوید.

**کتێبی عەرەبی:**

- د.عبدالواحد لؤلؤە، مدائن الوهم شعر الحداثة والشفات، رياض الريس للكتاب والنشر، ٢٠٠٢
- د.فاتح علاق، مفهوم الشعر عند رواد الشعر العربي الحر، دراسة، اتحاد الادباء العرب، ٢٠٠٥
- د.يوسف عزالدين، التجديد في الشعر الحديث، دار المدى، ط٢، ٢٠٠٧.
- يوسف الصائغ، الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨، دراسة، اتحاد الكتاب العرب، ٢٠٠٦.

**ڕۆژنامە:**

- د.فەرهاد پیرباڵ، شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٤٩٩٩)، ١٥/١٠/٢٠٠٩.
- عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، شیعری کوردی و سەدەیەك بە هەڵە بەکارهێنانی ناونیشانەکانی نوێگەری، ڕۆژنامەی چاودێر، ژمارە (٣٩٩) دووشەممە ٢٠١٤/٣/٣.
- ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣٦١، ساڵی ١٩٣٣.
- ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣٨١ ساڵی ١٩٣٣.
- شێخ نوری شێخ صالح، ئەدەبیاتی کوردی، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٢٢) تەمموزی ١٩٢٦.
- گۆران، سەرنجێکی کورت لە شیعر، ژین، ژمارە ١١٢٦، ١١٢٧، ٤ و ١١|١٢| ١٩٥٢.
- محەمەد صدیق عارف، قوتابخانەی شیعری تازە، ڕۆژنامەی ژین، ژمارە ١٢٧٧، ١٥|١٢|١٩٥٥

**گۆڤار:**

- مارف بەرزنجی، گۆڤاری شەفەق، ژمارە (١٠)ی بەرگی (١) مات، ١٩٥٨.

**ملخص البحث**

في هذا البحث (الشعر الحر في الادب الكردي) نتناول بالتفصيل مفهوم الشعر الحر و ظهوره في الادب الغربي ثم نعرج على سعى الشاعرة العربية الرائدة نازك الملائكة و جهودها لترسيخ هذا المصطلح وفق فهمها الخاص له، وذلك بغية توضيح ما انعكس من ذلك في ايجاد تيار الشعر الحر في الادب الكردي وهذا ما دفعنا الى تقسيم البحث الى قسمين:

في القسم الاول تطرقنا الى مفهوم الشعر الحر في الادب الغربية وفي هذا المجال تمت اعادة النظر في المحاولات التي جاءت بخصوص ظاهرة بروز هذا النوع من الشعر في الادب الغربية. و طروحات الشاعرة العربية الرائدة نازك الملائكة حول مفهوم الشعر الحر.

وفي القسم الثاني من البحث ومن خلال تعويلنا على ماتم التطرق اليه في القسم الاول حول كيفيه ظهور الشعر الحر في الادبين الغربي والعربي سلطنا الاضواء على مشروع التجديد الذي ظهر في الشعر الكردي وبدأنا بتناول جميع المحاولات الذي مهد الطريق لايجاد الشعر الكردي الحر في حقبة زمنية معينة. وقد تم الحديث عن هذا الموضوع في جميع المراحل واحدة تلد اخرى ثم عن مرحلة ترسيخ المبادئ والمفاهيم بشكل أوسع. وفي الختام توصلنا الى النتائج المرجوه في هذا البحث.

Abstract

This study deals with the concept of ‘free verse’ both in the Western and Arabic literature. The purpose behind the study is to show and clarify the reflection and impact of their literature on Kurdish literature and indicating their characteristics. Thus, this study is divided into two parts:

Chapter one:
In this part, the term ‘free verse’ has been tackled in Western literature. Then we dealt with free verse from Nazik Al-Mala’ika’s point of view, in order to identify their feature in the second part in Kurdish poetry.

Chapter two:
Relying on characteristics and features, of the free verse both in Western and Arabic literature, we dealt with innovation in Kurdish poetry. For Furthermore, free verse, step by step and in different eras in Kurdish literature, has been studied and the study ends with a conclusion and a list of references.